فڵچەکانی دیالە تابلۆی ناوچە کێشەدارەکان خوێناوی دەکەن 12



سیاسەت

ژنانی تورکیا قوربانی دەستدرێژی سێکسین 14



کۆمەڵایەتی

ژنانی پشدەر و بیتوێن کاریان دەوێت 22




کار

”سیرینا ویلیامز“ نازناوی پاڵەوانیەتی کراوەی ئوستڕالیای بەدەست هێنا 38



وەرزش

ڕەیهان یالچینداغ: لەسەر پەروەردە بە زمانی کوردی سازش ناکەین 28



یاسایی

تووڕەکەبوونی مەمک Cysts 46



تەندروستی

من جلووبەرگی کوردیم بە مۆزەخانەکانی سوید ناساند 56



کەلتوور



ناونیشان: هەولێر - شاری خەونەکان
warvin.press@yahoo.com

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com
سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی: عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر: تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین: بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com
ڕاوێژکاری یاسایی: فەوزیە فەتێ ڕەشید
ڕاوێژکاری دەروونی: د. توانا عەبدولڕەحمان
ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: م. هەتاو کەریم
فایلەکان
تەندروستی: شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com
کۆمەڵایەتی: ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com
وەرزش: ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

نووسینگەکان
کەرکووک: سەماح سەمەد
سلێمانی: ئازیز مەحمود
دهۆک: هەڵز عەلی
ئامەد: دیلار سەولەدار
قامیشلۆ: لاڤە خالید

بەڕێوەبەری کارگێڕی
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07504624506
Normal: 0662647813

Designed by - Wshyar Muhammad mustafa
Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com

www.peteiwa.com









www.neteweb.com

دوو ساڵ سزادرا

کوڕێک بە هەشت گوللە زڕدایکەکەی کوشتووە

وارڤین – دهۆک: دوای ئەوەی زڕدایکەکەی کاتژمێر ١.ی شەو داوای کاری سێکسی لێدەکات، ئەویش داواکەی ڕەتدەکاتەوەو بە ٨ گوللە کۆتایی بە ژیانی دێنێت. باوکی کوڕەکەش کە پیرەمێردێکی تەمەن ٦٠ ساڵەو نابینایە بەدادگای ڕاگەیاند کە هیچ سکاڵایەکی دژی کورەکەی نییە.

ساڵی ڕابردوو ژنێک بەناوی گەلاوێژ، تەمەن ٣٠ ساڵ، دانیشتووی قەزایەکی سەر بە شاری دهۆک، پاش ئەوەی لە شووی یەکەمی تەلاقدەدرێت شوو بەکابرایەکی نابینای تەمەن ٦٠ ساڵ دەکات و لەلایەن کوڕی ئەو پیاوە بەتۆمەتی ئەوەی چەند جارێک داوای کاری سێکسی لێدەکات دەکوژرێت و دوای تێپەڕبونی ساڵێک بەسەر ڕووداوەکەدا لەمیانەی لێکۆلینەوەی وردی پۆلیس و دادگای تاوانەکانی دهۆک دا ئاشکرابوو کە گەلاوێژ لەماڵی خۆیدا لەلایەن زڕکوڕەکەیەوە کوژراوە.

دراوسێیەکی ماڵی تاوانبار کە لەدادگا ئیفادەی لەسەر کوشتنی ئەو ژنەداوەو گوتی:"من لەکاتژمێر ٢:٣٠.ی شەودا گوێم لەدەنگی گوللە بوو، دوایی ئەوکوڕە گەنجە بەگریانەوە هاتەدەرو گوتی زڕدایکم کوژرا. من کوشتم، لەبەر ئەوەی داوای کاری خراپی لێکردووم."

زڕدایکەکەم بەدەرەوشتە، ماوەیەکی درێژە کە داوای سێکسم لێدەکات و من ڕەتی دەکەمەوە".

دایکی گەلاوێژ، وەک سکاڵاکار لە دادگا ئامادەبوو گوتی:"دوو ساڵ لەمەوپێش کچەکەم شووی بەو کابرایە کرد، لەڕێگەی ڕۆژنامەوە زانیم کوژراوە بەڵام نەمزانی چۆن؟ قەت هەستم نەکردووە کچەکەم بەدڕەوشت بێت"، بەڵام دواتر ئەو ژنە لەدادگا هیچ سکاڵایەکی دژی تاوانبار تۆمارنەکرد و داوای قەرەبووکردنەوەشی لێ نەکرد.

باوکی گەلاوێژیش، کە کابرایەکی نابینایەو نەخۆشە لەدادگا ئامادەبوو گوتی:"بەخوا من دەزانم کچەکەم شووی کردوە بەڵام نازانم بە کێی کردوە".

هاوسەری گەلاوێژ کە هاوکات باوکی تاوانبارەکەیە و پیرەمێردێکی نابینایە بەدادگای گوت:"لەشەوی ڕووداوەکەدا هاوسەرەکەم لەلای من بوو، پاشان لە١١:٣٠.ی شەودا چووە دەرەوەو گوتی کەمێک سکم دێشێت. دواتر هاتەوەو پێکەوە نووستین و منیش ئاگام لێ نەبووە کەی ڕۆیشتووەتە دەرەوە. من کە بەدەنگی گوللەوە ئاگادار بوومەوە، چوومەدەر و گوتم ئەوە چی بووە، کوڕەکەم یەکسەر گوتی، من ژنەکەتم کوشت چونکە بەدڕەوشتەو داوای سێکسی لێ دەکردم".

دواتر تاوانبار لەبەردەمی دادوەر دانی بەتاوانەکەیدا ناو گوتی:"شەوی ڕووداوەکە کاتژمێر ١.ی شەو زڕدایکم هات و گوتی جگەرەیەکم بدەرێ، منیش پێمداو ڕۆیشت. دواتر جارێکی دیکە هاتەوەو گوتی من زۆر حەزم لێتەو داوای کاری سێکسی لێ کردم. پێشتر کە بۆ جاری یەکەم داوای کاری سێکسی لێکردم، خوشکەکەمم لێ ئاگادار کردەوەو پێمگوت داوایەکی وەهام لێ دەکات ومن ڕەتی دەکەمەوە، دواتر لەگەڵ خوشکەکەم گەیشتینە ئەو بڕوایە کە بیکوژم".

دواتر تاوانبار لە دڕێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند، کە ئەو سەرەتا داوای لێکردوە بچێتە دەرەوە بەڵام گەلاوێژ فشاری زۆری بۆ هێناوەو"پێیگوتم ئەگەر ئەو کارەم لەگەڵ نەکەیت دەقیژێنم، بۆیە منیش کلاشینکۆفەکەم هەڵگرت و هەشت گوللەم پێوە نا".

پاشان لەدڕێژەی دادگاییکردنەدا تاوانبار چەند تۆمەتێکی خستە پاڵ زڕدایکەکەی و گوتی لەبەر ئەوەی کە چەندجار لەلایەن زڕدایکەکەیەوە داوای سێکسی لێ کراوە بۆ ماوەی ٢ مانگ مالّەوەی جێهێشتووەو نەگەڕاوەتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو جارێک سکاڵای دژی گەلاوێژ تۆمارکردووەو پاش لێکۆڵینەوەی پۆلیس بوتلێکی مەی لەناو بوخچەی جلەکانی دۆزراوەتەوەو بۆ ماوەی ٢ ڕۆژیش گیراوە. گوتیشی، کە زۆرجار سەرلەبەیانی چووەتە دەرەوەو تا ئێوارە یان ئێوارەی ڕۆژێکی تر نەهاتووەتەوە. پاش هەڵسەگاندن و خیستنەڕووی بەڵگەکان دادگای تاوانەکانی دهۆک سزای دوو ساڵ زیندانی بۆ تۆمەتبار بڕییەوە.

هێڤا شێخ مەمی



دەراقەیەک بـ

باکووری کوردستان: ٢٧ ژن بە تاوانی شەرەف کوژراون

وارڤین – ئامەد: کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ (ئیهادە) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە لەساڵی ٢٠٠٩دا لەشارەکانی باکووری کوردستان ٢٧ ژن بە تاوانی شەرەف کوژراون. کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لقی ئامەد لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بڵاویکردەوە کە لەساڵی ٢٠٠٩دا ٣٦ ژن خۆیان کوشتووەو ١٤ژنیش هەوڵی خۆکوشتنیان داوەو هەروەها ٢٧ ژنیش بەتاوانی شەرەف کوژراون. هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە لەماوەی ئەو ساڵەدا ٣٩ پیاویش خۆیان کوشتووە. هەرلەو پەیوەندییەدا نوێنەری ئەو ڕێکخراوەیە لە ناوچە کوردنشینەکان عەلی ئاکنجی، لەلێدوانێکدا بەوارڤینی ڕایگەیاند کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەناوچە کوردشینەکاندا ڕووی لەزیادبوون کردووە.


کنێر عەبدوڵڵا خەڵات کرا



وارڤین – سوید: چالاکڤانی بواری پرسی ژن کنێر عەبدوڵڵا، بەبۆنەی ڕزگارکردنی کچێکی عێراقی لەمردن خەڵات کرا. لەمیانەی کۆنفرانسی بەبیرهێنانەوەی فاتیمە شاهێندالّ، کە لـەڕۆژی ٢١.ی١.ی٢٠١٠، لەشاری ڤێستەڕوزی سوید، لەلایەن ڕێکخراوی کچانی ئورۆسەوە بەڕێوەچوو، کنێر عەبدوڵڵا، بەرپرسی تۆڕی عێراق- کوردستانی ئەو ڕێکخراوەیە لەلایەن بەرپرسی بەشی پاراستنی پارێزگای شـاری ڤێستەڕوزەوە خەڵات کرا. کنێر، کچێکی عێراقی لەشاری دیوانیەوە گەیاندووەتە سوید و لەکوشتن ڕزگـاری کـردووە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەو خەڵاتەی پێبدرێت. فاتیمە شاهێندالّ کچێکی باکووری بوو کە لەسوید لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بەشێوەیەکی بێبەزەیانە بۆ کوژرا.

ڕێکخراوی کچانی ئورۆس، تۆڕێکی نێونەتەوەییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بەژنان.

دهۆک: سکاڵای ژنان زیادی کردووە



وارڤین- دهۆک: بەڕێوەبەری نەهێشتنی تووندوتیژی دژی ژنان لە دهۆک نەقیب سامی جەلال، لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارڤینی ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو تووندوتیژی دژی ژنان زیادی کردووەو ژمارەیەکی زۆری ژنیش لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان و دادگاکان سکاڵایان لەدژی پیاوان تۆمار کردووە. نەقیب سامی گوتی کە بەرزبوونەوەی سکاڵاکان ئەو واتایە دەگەیەنێت کە ئافرەت توانیویەتی خۆی ئازاد بکات و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەخۆی پەنا بۆ دادگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەوان بەرێت.

نەقیب سامی، ڕوونیکردەوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لە دهـۆک بە هاوکاریی دەزگـا پەیوەندارەکان ئەنجوومەنێکی تایبەت بەو بابەتەی پێکهێناوە کە نوێنەری دامەزراوەو فەرمانگەکانی حکوومییەکانیش لەخۆدەگرێت.



ـە رووی جیهان

لە بوومەلەرزەکەی هایتیدا ٣ ژنی چالاک گیانیان سپارد

وارشین – سی ئێن ئێن: لەمیانەی بوومەلەرزەکەی ئەمدواییانەی هائیتیدا سێ کەس لەچالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئەو وڵاتە گیانیان لەدەست دا. یەکەمیان هەوڵیدەدا تا دەنگی ژنانی هائیتی بگەیەنێتە گوێی جیهانیان، دووهەمیان لەبواری توندوتیژی خێزانیدا کاری دەکرد و سێهەمیشیان هەوڵیدەدا تا دەستدرێژی لەنێو قانوونەکانی ئەو وڵاتەدا جێگیر بکات. میریام مارلیت، گەڕایەوە تا دەنگی ژنان بەرز بکاتەوەو چیرۆکەکانی بڵاوبکاتەوەو داهاتوویان بنەخشێنێت. ماجالی مارسلین، ژنانی هاندەدا کە بە کۆ سەردانی ئەو دادگایە بکەن کە پیاوێکی دەستدرێژیکاری سزا داوە. ئان ماری کوریولان، هەوڵیدەدا کە یاسایەک بچەسپێنێت کە دەستدرێژی وەک تاوانێک سەیر بکات.

هیلاری کلینتۆن: ئەمریکا و ئەورووپا بۆ چارەسەری کێشەکانی جیهان یەک دەگرن



وارشین – دەنگی ئەمریکا: وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە پێویستە ویلایەتەیەکگرتووەکان و فەرەنسا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی سەردەی بیست و یەکەم پەیوەندییەکانیان توندوتۆڵ بکەن. هیلاری کلینتۆن، کە لە ئاکادیمی سەربازی فەرەنسا لە پاریس قسەی دەکرد گوتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیگەلی نوێی وەک، تیرۆریزم، هێرش و هاککردنی ئەنتەرنێتی، گۆڕانی کەشوهەوا و ئەو هەڕەشانەی کە ئاراستەی سەرچاوەکانی وزەی ئەورووپا دەکرێت، پێویستە رێوشوێنی نوێ بگرنە بەر. کلینتۆن گوتی کە بۆ رووبەڕوونەوە لەگەڵ ئەو کێشە نوێیانەدا بە ستراتیژییەکانی خۆیدا دەچێتەوەو ئاشکرای کرد کە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان سەرقاڵی لێکدانەوەیە.

نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارودۆخی ژنانی ئێران نیگەرانە



وارشین – سی بی ئێس: دوو هەواڵنێری تایبەتی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتوندی نیگەرانی خۆیان لەباردودۆخی ژن لە ئێران و هەڵسووکەوتی دەوڵەت لەگەڵ ژن دەربڕیوەو هەڵسووکەوتی ئەو دەوڵەتەیان بەرامبەر بە ژنان بەوشەگەلێکی وەک "ترساندن"، سەرکوت" و" ئازار" وەسف کردووە.

مارگات سکاگیا، هەواڵنێری تایبەت بەلێکۆڵینەوە لە"باردودۆخی لایەنگرانی مافی مرۆڤ" و یاکیک ئۆرتۆرک، هەواڵنێری تایبەت بەهەڵسەنگاندنی پرسی "توندوتیژی دژ بە ژنان و هۆکار و ئەنجامەکانی" لەم راپۆرتەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە لایەنگرانی مافی ژن لە ئێران لە ماوەی ٢ ساڵی رابردوودا بەردەوام لە ژێر گوشاردا بوونە. بۆ جاری سێهەمە لەماوەی ٥ هەفتەی رابردوودا کە نەتەوەیەکگرتووەکان رەخنە لەهەڵسووکەوتی حکوومەتی ئێران بەرامبەر بە چالاکانی ژن دەگرێت.



مینا قازی سەیری وێنەی لە سێدارەدانی قازی دەکات و بە دەنگێکی بەرز دەگری

www.netewe.com

"قازی دەیگوت دەبێ لە دڵی گەلەوە حوکمڕانی بکەین"

خانمی یەکەمی کۆماری کوردستان مینا قازی:

لە پەنجەرەوە سەیری راگەیاندنی کۆماری کوردستانم کرد

تایبەت

خانمی کورد مینا قازی، تا دواپین چرکەساتەکانی تەمەنی، دەستی لەئامانج و هەڵوێستی نیشتیمانپەروەری هەڵنەگرت. بەو هۆیەشەوە لەهەر دوو سەردەمی دەوڵەتی پەهلەوی و دەسەڵاتداری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەندینجار دەستگیر و زیندانی کراوە. لەگرتووخانەی کۆماری ئیسلامیدا بەو تەمەنەی پیرەی خۆیەوە ئەشکەنجەو سووکایەتی پێ کراوە. هەموو تاوانی مینا قازی، هەڵوێستە نیشتیمانپەروەرییەکەی بووە. تاوانێکی دیکەشی هەبوو، چونکە مینا، خانمی سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد بوو.

مینا خانم کاتێک لەسەر ڕەوشی کورد قسەی دەکرد دەیگوت:

"بەڵێن و پەیمانی یەکگرتنی کوردم پێبدەن تا منیش مزگێنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانتان پێبدەم. چونکە یەکبوون و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەرمانی هەموو دەردانە. ئەگەر گەلی کورد لەنێو خۆیدا یەکگرتنێکی بەهێز پێکبێنێت، دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ کارێکی ئاسانە. لەو بڕوایەدام زۆر ناخایەنێت کە کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان دەبێتە خاوەن پێناسەیەکی نەتەوەیی. ئاواتی پێشەوا قازی محەمەدیش ئەو خۆزگەو حەسرەتە مێژوویە بوو..." . مینا خانم، لەناو گەلدا وەک (دایەخانم) بانگ دەکرا، خانمێکی بەویقار و بەڕێز بوو. لەناو گەلدا خۆشەویست بوو. ئەو لەمێژووی هاوچەرخی کوردستاندا بەمێژوونامەیەکی زیندوو دەژمێردرا. زۆر زانا و ڕۆشنبیر بوو. ئاگای لەجیهان و ڕەوشی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان بوو. خەمە هەرەگەورەکەی، ژێردەستەیی کورد و کوردستان بوو. کاتێک زانی کە لەباکووری کوردستان لەناو ریزەکانی گەریلادا کچ و ژنیش لەدژی دەوڵەتی تورک شەڕ دەکەن، زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی:"ئێستا ئیتر لە رزگاری گەلی کورد نزیک بوونەتەوە، لەبەر ئەوەی ژنی کورد وەک پیاو چووەتە سەر چیاکان و لەگۆڕەپانی سیاسیشدا خەبات دەکات. داخوازی و ئامانجی هەرەگرنگی ئێمە لەسەردەمی کۆماری کوردستانیشدا دامەزراندنی "یەکێتی ژنانی کوردستان"و بەشداریپیان لەهەموو کارووباری کۆمەڵگادا بوو".

لەماوەی ساڵە ڕەشەکانی سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەویدا مینا قازی، وەک دایکێکی خۆشەویست، ئەفیندارێکی دڵسۆزی کوردستان بوو. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و تێکچوونی دەسەڵاتداری دەوڵەتی شاهەنشاهی لەئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە دەست کورد. بۆیە (دایەخانم) دیسان دەستی بەخەباتی خۆی کردەوە. ئەو دەیویست لەدەرفەتە زێڕینەکاندا کارێک بۆ منداڵەکانی بکات. بەڵام دەسەڵاتداری کورد لەسەر کوردستان ئەمجارەش زۆر بەردەوام نەبوو و لەساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠-١٩٨١، پاش شەڕێکی سەخت ئەو بەشەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی. لەمیانەی ئەو شەڕەدا بەهەزاران کورد کوژران و بەهەزارانیش بەزۆرداری لەگرتووخانەکاندا گوللەباران یان لەسێدارەدران. (دایە خانم) لەساڵی ١٩٨٦، نزیکەی ساڵێک لەژێر چاودێری ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەستگیر کرا. خۆیشی هۆکاری گرتنەکەی نازانێت. مینا خانم، لەدەرەوەی ماڵ، بەشێوەیەکی نهێنی لەلایەن ئەو هێزانەوە ڕفێندرابوو. هەرچەندە تەمەنی لە ٧٠ ساڵ زیاتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک ئەشکەنجە دراوە. هەواڵی ناخۆشی پێڕاگەیەندراوەو بێڕێزی زۆری پێکراوە. بەرپرسانی دایەرەی ئیستخباراتی ئێران بەئاشکرا پێیانگوتبوو:"ئەگەر مێردەکەت (قازی محەمەد) نەبوایە، ئێمە لەئێراندا هەرگیز کێشەی کورد و کوردستانمان نەدەبوو".

پاش ئەو ڕووداوە تاماوەیەکی درێژ مینا قازی، مافی دەرچوونی لەئێران نەبوو و هەمیشە لەژێر چاودێری ئیتیلاعاتدا بوو. ئەوکاتەی لەساڵی ١٩٨٨، (عەفەت) کچی مینا قازی، لەسوید بەدەستی هەندێک تیرۆریستی دەوڵەت کوژرا، نە تەنیا لەئێران و کوردستانیش مافی گێڕانی پرسەنامەیان بەبنەماڵەکەی نەدا، بگرە هەڕەشەشیان لێکردن. لە١٧.ی ڕەشەمەی ساڵی ١٩٩٨، لەشاری مەهاباد لەگەڵ جیهانێک لە ئاوات و دەرد مینا قازی سەری نایەوەو بەیەکجاری ماڵئاوایی لەکوردستانیان کرد. لەڕۆژی کۆچی دوایدا بەهەزارانکەس لەسەر گۆڕستان ئامادەبوون و بەمەراسیمێکی تایبەت لەگۆڕستانی مەهاباد نێژرا. هەرچەندە ئەویش وەک باقی نەمران بەجەستە لەناو گەلی خۆیدا نییە، بەڵام وەک شاعیرێکی کورد گوتوویەتی:"نامرن! ئەوانە لەدڵی میللەتا دەژین".

ئەوەش دەقی هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوەیە کە لەگەڵ مینا قازی، ئەنجامم داوە:

کاکشار: (دایە خانم) ژیانی تۆ بە ژیانی پێشەوا قازییەوە پەیوەست بوو، کەس وەک تۆ لەپێشەوا



قوتابیانی قوتابخانەی سەعادەت لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٤

نزیک نەبووە، بۆچوونت لەسەر تایبەتمەندییە ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانی پێشەوا چییە؟ لەگەڵ خەڵکیدا چۆن هەڵسووکەوتی دەکرد؟

مینا قازی: قازی، مرۆڤێکی زۆر گەورەبوو. گەلەک زانا و تێگەیشتوو بوو، مرۆڤێکی دلێر، ئازا و بەجەرگ و چاونەترس بوو. پێشەوا وەرزشکارێکی بەهێز و قارەمان بوو، سوارکار و مەلەوانێکی زیرەکیش بوو. بەر لەوەی ببێتە سەرۆککۆماری کوردستان لەبەر ئەوەی لەبنەماڵەیەکی گەورە بوو و لە مەهاباد لەناو گەلدا دادوەری دەکرد، مرۆڤێکی بەڕێز بوو. گەل زۆر نرخی دەدایە قسەو ڕاوێژەکانی. ئەو لەناو کوردی هەموو کوردستاندا بەڕێز و خۆشەویست بوو. ئەوسا وەک ئێستا نەبوو، تەنیا مرۆڤگەلی زاناو گەورە دەیانتوانی لەناو کێشەکانی گەل و چارەسەرکردندا ناوبژیوانی و دادوەری بکەن. بڕیارەکان بەزەحمەت دەچوونە واری جێبەجێکردنەوە. بەبیرمە بەرلەوەی، کۆماری کوردستان لە مەهاباد پێکبێت، بەشەو و ڕۆژ کتێبی دەخوێندەوەو خەباتی سیاسی دەکرد و هەمیشە دەیگوت:"خوای گەورە! چۆن بتوانین خزمەتێکی باش بەگەلەکەمان بکەین، کە بتوانێت لەدەستی دوژمنانی رزگاری بێت و ڕەوشی ژیانی کوردیش بگۆڕدرێت...". هەمیشە بیری لە گەلەکەی دەکردەوەو کاتی نوێژکردنیش چەند کاتژمێر دەپاڕایەوە. ڕۆژێک پێیگوتم:"من تەنیا بۆ رزگاری گەلی کورد تێدەکۆشم و خەبات دەکەم. سەدیسەد ڕۆژێک بەرهەمێکی گەورە وەک میرات بۆ گەلەکەم بەجێدێڵم و دووەدستی پێشکەشی گەلەکەمی دەکەم، هەرگیز بۆ پلەو پایە خەبات ناکەم...". لە٢٥ی ڕێبەندان (جۆنیوەری) ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٤٦, ٠١, ٢٢)ی زایینی کاتێک قازی محەمەد، چووە سەر مینبەر تا کۆماری دیموکراتیکی کوردستان رابگەیەنێت گوتی:"گەلە بەڕێز و قارەمانەکەم، چوونە سەر تەخت، چوونەسەر داریشی لەگەڵە، من لێرە چوومەسەر تەخت و هەر لێرەش دەکوژرێم، من ئەوە باش دەزانم...". قسەکەی هاتەدی و پاش ساڵێک لەو ڕووداوە مێژوویییە لەگۆڕەپانی چوارچرا بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان شەهید کرا. قازی، ئەخلاقێکی نەرمی هەبوو، هەمیشە لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بوو و بەر لەکۆماریش لەهەرێمی موکریاندا لەبەر دادوەری و بڕیارە دادوەرانەکانی لەناو گەلدا زۆر خۆشەویست بوو. هۆکاری هەرە گەورەی ئەو گیانبازییەشی خۆشەویستی بێپایانی بوو بۆ گەلی کورد.

کاکشار: لەناو ماڵدا مرۆڤێکی چۆن بوو؟

مینا قازی: وەڵڵاهی لەناو ماڵدا لەگەڵ من وەک هەڤاڵێک وا بوو. هەمیشە پێیدەگوتم (براله)و بەناوی براله بانگی دەکردم. بەدوای یەکدا حەوت کچم بوو، هەرگیز پێینەگوتم منداڵەکەت کچە یان کوڕە؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤێک بوو کە هیچ جیاوازییەکی لەنێوان ژن و پیاودا قبوڵ نەبوو. زۆر ڕێزی لە ژن دەگرت. کچەکانی وەک تاقە کوڕەکەمان (کوڕی ڕەش – عەلی) خۆشدەویست. قازی مرۆڤێکی بەدین بوو و گرنگییەکی زۆری بەخاوێنی و سەلامەتی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی خۆی دەدا. هەرگیز جگەرەی نەدەکێشا و کحولی نەدەخوارد، کاری حەرامی نەدەکرد. جگە لەمن ژنی دیکەی نەهێناوە. بۆ وا دەڵێم؟ چونکە، لەو سەردەمەدا لەناو بنەماڵە دەوڵەمەند و گەورەکاندا عادەت بوو کە پیاوە گەورەکانی بنەماڵە چەند ژن بێنن و ئەو کارەش بەشێوەیەک گەورەیی دەگەیاند، بەڵام بەڕاستی بۆچوون و هزری قازی، لەدژی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی فیۆدالیزم و ئاغایەتی بوو و یەکسانی بەمافێکی بنەڕەتی بۆ ژن و پیاو دادەنا. هەمیشەش دەیگوت:"براله، وا بیرمەکەوە کە تۆ مووڵکی منی، من بەچاوی دۆستێک سەیرت دەکەم و بۆچوونەکانت لەسەر هەر کارێک بۆ من گرنگ و بەسوودن...". پێشەوا ئاگاداری ڕەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری جیهان بوو، ئاگای لەو گۆڕانانە بوو کە لەجیهاندا ڕوویان دەدا. دەیتوانی بەحەوت زمانی ئینگلیزی، ڕووسی، فەرەنسی، عەرەبی، ترکی، فارسی و ئازەری قسە بکات و بخوێنێتەوە. لەکاتی سەرۆککۆماریدا دەستی بەفێربوونی زمانی ئیسپرانتۆ کردبوو. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو قسانەشم دەتوانن سەیری

کتێبخانەکەی بکەن و بەو زمانانەی کە من باسم کردن نووسین و کتێب لەسەر بابەتی جۆراوجۆر پەیدا بکەن. کتێبخانەکەی قازی لەکوردستان و بەتایبەت لەناو چینی رۆشنبیردا گەلەک بەناوبانگ بوو. هەموو جۆرە کتێبێکی تێدا دەدۆزرایەوە. ئێستاش گەلەک کتێبی پێشەوا ماون و لەماڵی کچەکەمدان. کتێبەکان زۆربەیان فەلسەفی، ئەخلاقی، ئایینی و سیاسی و زانستین. بەداخەوە گەلەک لەو کتێبانە لەناوچوون.

کاکشار: رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان ئێوە لە کوێ بوون؟

مینا قازی: (بەرووبەکی گەش و پڕ لەهیواوە سەیرم دەکات و دەڵێ): یادی ئەو رۆژە بەخێر بێت. دەزانن رەوشی کۆمەڵایەتی ئەوکاتە لەکوردستان چۆن بوو؟ وەک ئێستا نەبوو، هەرچەندە ئێستاش زۆر باش نییە، بەڵام لەهی ئەوکات باشترە. ئەو رۆژە، لەسەرانسەری کوردستانەوە سەرۆک خێل و عەشیرەت و پیاوماقوولّ و گەورە لەدەوری یەک کۆببوونەوە. ئاشکرایە کە پاش ئەو مەراسیمە مێژووییە گەلەک میوان لەگەڵ قازی، دێنەوە ماڵ. لەلایەکی دیکەوە، قانوونی عەشایەری، ڕێگەی بە ژن نەدەدا کە بچێ و دەست لەکاری پیاوان وەربدات. منیش وەک زۆربەی ژنانی دیکە لەو رۆژە مێژووییەدا لەماڵ بووم. پێویست بوو بۆ ئەو میوانانەی کە لەهەرێمە جۆربەجۆرەکانەوە هاتبوونە مەهاباد، خواردن و پێداویستی ئامادە بکرێ و چاوم لەسەر کاروباری بەڕێوەبردنی میوانان بێت. لەو رۆژە مێژووییەدا گەلەک ژن هاتبوونە ماڵمان و پێویست بوو لەلایان بمێنمەوە. باش لەبیرمە، کاتێک ئێمە لەپەنجەرەی ماڵەکەمانەوە (کە دەکەوێتە لای چوارچرا) سەیری مەراسیمەکەمان دەکرد. بەهەزاران کەس راوەستا بوون. ڕووی هەموان گەش و لێوەکانمان بەپێکەنین بوو، گەل بۆ رۆژێکی مێژووییی خۆی ئامادەکردبوو. جلووبەرگی تازەو جوانیان لەبەر کردبوو. لە ماکۆ سوارەکانی عەشیرەتی جەلالیان بەزین و بەرزین و جلووبەرگی ڕەنگین، کوردی دەوروبەری خۆی بەجلووبەرگی عەشیرەتی خۆیانەوە مەراسیمەکەیان رازاندبوویەوە. سوارەکانی شکاک، پیاوەتی لەنێو چاوانیان دەبارین. لە سنە، پیرانشار، شنۆ، بۆکان، سەردەشت و هەموو دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان گەل، بۆ ئەو جەژنە پیرۆزە هاتبوونە مەهاباد. شارەکەمان وەک باخچەی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی لێهاتبوو. دەتگوت هەموو کوردستان لە مەهاباد. تا ماوم ئەو رۆژە لەبیر ناکەم، بەقەد هەزاران ساڵ ئەو رۆژە گرنگ و مێژووییە بۆ من بەنرخ و بەڕێزن. شانازی بەو رۆژانەوە دەکەم. (دایە خانم لێرەدا بە گریانەوە درێژە بەوەڵامی پرسیارەکان دەدات) تا ئەو رۆژە مەهابادییەکان ئەوەندە خەڵکیان لەناوخۆیاندا نەبینیبوو. ماڵ نەبوو چەند میوانی نەبێت. ئەو رۆژە بۆ هەموان و بەتایبەتیش بۆ پێشەوا قازی خۆشترین رۆژ بوو. ئەو رۆژە بەسەد ساڵان ناگۆڕمەوە، تا دەمرم، بۆ ئەو رۆژە پێدەکەنم، دەگریم، فرمێسک دەڕێژم و هەمیشە ئەو رۆژە بەبیر دێنمەوە...

ئەو رۆژە پاش راگەیاندنی کۆمار گەلەک کەسایەتی و پیاوماقوولّ لەگەڵ قازی بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ هاتنەوە بۆ ماڵ. کەسانێکی وەک مەلا موستەفای بارزانی، قەدری بەگی دیاربەکر، زێرۆ بەگی هەرکی، ڕەئیس عیزەت عەبدولعەزیز، میرحاج، مستەفا خۆشناو و هەروەها بەڕێز شێخ عەبدولّلای ئەفەندی (گیلانیزادە) نەوەی شێخ عوبەیدولّلای نەهری و کوڕەکەی کاپیتان سەید عەبدوعەزیز شەمزینی.

کوڕم: ئەو رۆژانە رۆژانێکی خۆش و کەم تەمەن بوون.. زوو تێپەڕین... (دایە خانم لێرەشدا ماوەیەک بێدەنگ دەبێت و دەچێتە ناو زەریای

کاکشار لەگەڵ مینا قازی



www.netewe.com

خەیاڵە قوواڵەکانی، ئەو جارێکی تر دەچێتەوە مەهابادی سەردەمی کۆماری کوردستان.. بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ڕۆژانە ئێمەش ماوەیەک بێدەنگ دەبین!).

کاکشار: ئەو شەوەی پێشەوا هاتەوە بۆ ماڵ چی پێگوتی؟ لەبارەی ئەو کارەوە چی دەگوت. ئایا خۆشحاڵ بوو؟

مینا قازی: ئەڕێ وەڵڵاهی زۆر خۆشحاڵ و شاد بوو. کاتێک هاتەوە ماڵ گوتی:"براله گیان، من بۆ کوردستان و گەلی کورد ئینشائەڵڵا هەموو کارێک دەکەم، بەڵام سوێند بێت بەخودا کە من هیچ کات نامەوێت سەرۆککۆمار بم، تا هەموو کارێکیان بۆ دەکەم و کاری وڵاتەکەمان بکەوێتە سەر ڕێگەی خۆی، دواتر هەموو شتێک پێشکەشی گەل دەکەم تا خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و وڵات بەڕێوەبەرن. منیش هەمیشە وەک خولامێک خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەم دەکەم".

کاکشار: لەماوەی یەکسالەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا پێشەوا ڕاوێژی لەگەڵت دەکرد؟ بۆ پێشکەوتنی کارەکانی پێشنیار و ڕەخنەکانی ئێوەی قبوڵ دەکرد یان نە؟ لە کار و خەباتی خۆی ڕازی بوو؟ چەندە لەگەڵ ڕازیبوو و ئایا هەرگیز گلەیی و گازندەی دەکرد؟

مینا قازی: بەڵێ.. هەمیشە لەهەموو بوارێکدا لەگەڵم ڕاوێژی دەکرد. هەتا لەبارەی سەفەر و دانووستانە سیاسییەکانی لەگەڵ سیاسەتمەدارەکانیش ڕاوێژی پێ دەکردم. بەڕاستی نرخێکی گەورەی دەدایە ژنانی کورد. کاتێک لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا سەفەری باکو (پایتەختی کۆماری ئازەربایجان)ی کرد، فەوزیەی کچمی لەگەڵ خۆی برد. دەیویست کچەکانیش فێری سیاسەت و وڵاتپەروەری بکات. ڕۆژانە لەسەر ڕەوشی جیهان لەگەڵم قسەی دەکرد، بەتایبەت لەگەڵ کچەکەمان عیسمەت گەلەک مەشغوڵی گفتوگۆ و خوێندنەوەی کتێب دەبوو. دەیویست کچە گەورەکەی ببێتە سیاسەتمەدارێکی مەزن و بۆ دۆزی کورد خەبات بکات. زۆر کەم گلەیی و گازندەی دەکرد. هەمیشە بەکردەوە قسەی دەکرد. ڕۆژێک قازی، لەلایەن سەرداری ماکو دەعوەت کرا، پاش گەڕانەوە لەماکو لەگەڵ سەرۆکۆمزیری کۆماری کوردستان حاجی باوەشێخ (کوڕی سەیدی زەنبیل) هاتنەوە بۆ ماڵ. لەبەر دەرگا کاتێک پێشەوا پێڵاوەکانی دەرهێنا، حاجی باوەشێخ پێیگوت:"قوربان شێخایەتی و پاشایەتی وا نەبینراوە، دەبێ هەندێک خەڵک تەنگاو بکەی تا بترسێت...". قازی لەوەڵامدا وەها ئەمری کرد:"دەبێ بۆ هەموو دونیای بسەلمێنم کە بە لێدان و کوشتن هیچ شتێک چارەسەر ناکرێت، دەبێ مرۆڤ بەشێوەیەکی دیموکراسییانەو بە ڕاوێژ و ئامۆژگاری خەڵکی بێنیتە سەر ڕێگەی ڕاست. مرۆڤ چۆن ڕۆڵەکانی تووشی زەحمەتی و ناڕەحەتی دەکات؟!! من دەبێ بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنم کە بە لێدان و قسەی خراپ، بەدروستکردنی ناڕەحەتی و تەنگاوی هەرگیز هیچ کارێک ئەنجام ناگرێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت دەسەڵاتداری خۆمان لەوڵاتەکەمان بەردەوام بێت، پێویستە لەسەر دڵی گەلەکەمان حوکمڕانی بکەین، نە بەداری زۆر و ناچارکردنی گەل...".

وەک ئێوەش دەزانن لەهەموو تەمەنی کۆماری کوردستاندا تەنیا کەسێک کوژرا. بڕوا بکەن کاتێک، نیوەشەو بەتەلەفۆن هەواڵی کوژرانی غەفور مەحمودیان دایە پێشەوا، ئەو شەوە تاسبەی لەناڕەحەتیدا خەو نەچووە چاوی و ئاگای لەهیچ نەبوو.

هەموو ڕۆژێک پێشەوا وەک مرۆڤێکی ئاسایی دەچووە دەوام و هەرگیز وەک مرۆڤێکی خاوەن پلەوپایە سەیری خۆی نەدەکرد. زۆر بڕوای بە گەلسالاری هەبوو، قەت خۆی لەخەڵکی پێ گەورەتر نەبوو

کاکشار: نووسراوی کتێبەکانی ئەو سەردەمە دەیسەلمێنن کە سەرۆککۆماری کوردستان مرۆڤێکی زۆر ڕەوشتبەرز، ئاشتیخواز و دیموکراسیخواز بووە. مامەڵەی پێشەوا قازی، لەگەڵ خەڵکی ئەو سەردەمەدا ئەو ڕاستییانە ئاشکرا دەکات و ئەوەشمان لەزۆر کەس بیستووە...

مینا قازی: بۆ نموونە، لەهیچ شوێنێکی جیهاندا نەبینراوە کە لەکاتژمێرکی دیاریکراودا سەرۆککۆماری وڵاتێک (ئەویش لەو هەلومەرجەی ئەوکاتی کوردستان) هەموو ڕۆژێک سەبەینان لەخەو هەڵسێت و بەبێ تەشریفات و ئیسکۆرت بەپیادە بچێتە دەوام. هەموو ڕۆژێک پێشەوا وەک مرۆڤێکی ئاسایی دەچووە دەوام و هەرگیز وەک مرۆڤێکی خاوەن پلەوپایە سەیری خۆی نەدەکرد. زۆر بڕوای بە گەلسالاری هەبوو، قەت خۆی لەخەڵکی پێ گەورەتر نەبوو.

نموونەیەکی دیکەی ئەخلاقی قازیتان بۆ باس دەکەم: کوردێک کە بە سەفەر چووبووە ئەمریکا جووتێ پێڵاوی لەگەڵ خۆی بەدیاری بۆ هێنابوو. ئەوکات بارزانییەکان لەبەشەکەی دیکەی کوردستان لەدەست زوڵمووزۆری حکوومەتی عێراق ڕوویان لەئێران کردبوو و چەند خێزانی ئەوانیش (نزیکەی ١٥ خێزان) هاتبوونە ماڵی ئێمە. هەموو خێزانەکان بەفەرمانی دەوڵەتی کوردستان لەمەهاباد بڵاو ببوونەوەو پێداویستییەکانی ژیانیان دابینکرابوو. ماڵەکانیان وێرانکرابوو و لێیانقەومابوو هەموو شتێکیان لەرێگەی ئامانج و بەهاکانی کورد و کوردستاندا فیدا کردبوو. تەنیا گیانی خۆیان لەدەستی دەوڵەتی عێراق ڕزگار کردبوو. هاتبوون و ڕوویان لەباوەشی کۆماری کوردستان کردبوو. لەناو یەکێک لەو خێزانانەدا کچێک بەناوی خەدیجە، هەبوو. کچی ماڵ بوو و لەناو ماڵی ئێمەدا دەژیا. ڕۆژێک وەرزی زستان بوو. خەدیجە پێیگوتم:"خۆزگە پێڵاوەکانی پێشەوا لەپێی مندا بوایەت، پێیانەوە چووبایەمە سەر ڕووبار و ئاوم هێنابا". منیش بەپێکەنینەوە لەلای قازی باسی داواکارییەکەی خەدیجەم کرد. قازی فەرمووی:"کوا بچن خەدیجەم بۆ بانگ بکەن، با بێتە لام". پاش ماوەیەک خەدیجە، بەڕووخۆشی و پێکەنینەوە هات. دیاربوو کە زۆر بەخێرایی هاتبوو، پێی قورلاوی و تەڕ بوو. قازی پێڵاوەکانی لەپێی خۆی دەرهێناو بەدەستی خۆی لەپێی خەدیجەی کرد و قەیتانەکانیشی بۆ گرێ دا.

www.ndrewe.com



وێنەی چەند ژنێک لە ئەندامانی یەکێتی ژنانی کوردستان ١٩٤٦

کاکشار: خۆشترین بیرەوەریت لەگەڵ پێشەوا قازی، کامەیە؟

مینا قازی: تا ئەو ڕۆژەی پێکەوە بووین، هەموو ژیانم خۆشترین بیرەوەرییە. تادواپین چرکەساتەکانی تەمەنی ژیانمان هیچ ناڕەحەتییەکەم لێ نەبینی. ڕۆژێکیش دڵی منی نەئێشاندووە. بەس بوەستە، بیرەوەرییەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە: "کاتێک کۆماری کوردستان دامەزرا، ڕەحمەتی قازی، گەلەک شاد بوو، بەخۆشییەوە دەیگوت: "سوپاس بۆ تۆ خوای گەورە، پاش هەزاران ساڵ گەیشتینە خۆزگەو مافەکانمان..." . دواتر سەیری کردم و گوتی: "براڵە، ئێتر ڕۆژی دانیشتن نییە. دەمەوێت تۆیش کارێک بکەی". بەپێکەنینەوە پێمگوت: "من نەخوێندەوارم و ناتوانم هیچ بکەم، چیم لەدە ست دێت..." . سەیری کردم و بەڕوویەکی گەشەوە پێیگوتم: ژنانی جیهان زۆر پێشکەوتوون، بیروڕایان گۆڕدراوە، پێویستە ژنی کوردیش بیروڕای خۆی بگۆڕێت. دەمەوێت لە مەهاباد تۆ دەست پێبکەی و یەکێتییەک دابمەزرێت. ئەگەر تۆ کە وەک خێزانی سەرۆککۆماری کوردستان دەناسرێیت ئەو کارە بکەی، بۆ ژنانی دیکە دەبێتە هاندەر تا ڕوو لەگۆڕەپانی خەبات بکەن. تۆ زێڕو زیوەرت بۆ چییە؟ هەمووی بخەرە خزمەت وڵات و دەوڵەت. بۆ ئەوەی نەخوێندەواری لەناو ژناندا کۆتایی پێ بێت، پێویستە بچی لەقوتابخانەدا ئامادە بیت و دەرس بخوێنیت، تا ژن و کچی کوردیش چاوت لێ بکەن و بێن دەرس بخوێنن..." . منیش بەقسەم کرد و دەستم بە کار کرد. هەم یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا و هەمیش هەڵمەتێکمان لەدژی نەخوێندەواری دەست پێکرد. هەرگیز ئەو ڕۆژانە لەبیر ناکەم، هەموو خۆشییەکان هی ئەوکاتە بوون، پاش ئەو ڕۆژانە تا ئەمڕۆیش من هەرگیز خۆشی و خێرم لەژیانم نەبینیوە. لەسایەی گەل و منداڵەکانمدا هیچ کەموکورتییەکم نییە، بەڵام ژیانی ئەو ڕۆژانە پڕ لەئەفین بوو، ئەفین بۆ وڵات، بۆ خەبات، بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی...(لەبەر گریان ناتوانێت درێژە بەقسەکانی بدات).

کاکشار: ئێستا تەمەنت بووەتە ٨٠ ساڵ، چ ئاواتێک لەدونیا هەیە؟

مینا قازی: هیوای سەلامەتی بۆ هەموو کچ و کوڕانی کوردستان دەکەم. ئاواتی هەرەگەورەم بینینی سەربەخۆیی و ئازادی کوردستانە، بەڵام ئێستا زۆر پیر بووم، لەو بڕوایەدا نیم بەسەلامەتی ئەو ئارەزووە گەورەیە ببینم. هەرچەندە باش دەزانم کە گەلی کورد لەداهاتوویەکی نزیکدا سەدیسەد، سەردەکەوێت و دەگاتە ئامانجە مێژوویییەکەی خۆی. ئاواتم ئەوەیە کە ڕۆژێک تەواوی کوردستان ببێتە یەک و کوردیش لەدونیادا دەوڵەتی خۆی هەبێت. ...(بەگریانەوە).. ئاخ کوا ئەو ڕۆژە، کەی دێت؟!...

کاتێک مردم دەمەوێ مزگێنی ئازادی کورد و کوردستان بۆ سەرۆککۆماری کوردستان ببەمە ژێر خاکی کوردستان.. بڕوا بکە ئەوە گەورەترین داواکاری منە لەکوردستانیان، من هیچێکی دیکەم لەئێوە ناوێت.. ڕۆژێک کە مردم لەلای قازی بمنێنە گۆڕ، با لێی دوور نەبمەوە (ناتوانێ قسە بکات و بەدەنگێکی بەرز دەگری)...



کاکشار ئورەمار

فڵچەکانی دیالە تابلۆی ناوچە کێشەدارەکان خوێناوی دەکەن

تایبەت

رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکی لەژێر ناوی"لەو کاتەی دوا بەرمیلی نەوت لەکەرکووک و بەسرە دەردەهێنرێت، دوا گوللەش لەدیالەوە دەردەچێت"، لێکدانەوەیەکی بۆ قۆناغی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە. ئەم رستەیە پرسیارێکی بێ وەڵام دەوروژێنێت. پرسیارەکەش ئەوەیە، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەگەری شەڕی نێوخۆیی و تایفی مەزهەبی لە دیالە، کەرکوک و موسڵ، جەنگی ناوخۆیی عێراق دێنێتە ئاراوە یان نا؟

سەرهەڵدانی شەڕی (تایفی، مەزهەبی) لەعێراقدا باسێکە کە رووپەڕی زۆرێک لەمیدیاکانی جیهانی گرتووەتەوە. باسەکە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە ئایا بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا گەرەنتی ئەوە دەکرێت کە سوپاو دامەزراوەکانی دەوڵەت خۆیان نەخزێننە نێو شەڕی داهاتووی عێراقەوە؟.

ئێستا هێزە توندڕەوەکانی سوننە لەناوچەکانی پارێزگای دیالەو موسڵ، خۆیان حەشاردراوە، ناوەناوە دەست بەجمووجوڵی تیرۆریستی دەکەن و ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی بەسەر جێگیرنەبوونی ئاسایشی عێراقەوە هەیە. لەبەرامبەردا شەڕی (تایفی، مەزهەبی) نێوان شیعەو سوننەکان، باکگراوندێکی مێژوویی هەیەو پارێزگای دیالەش دیارترین شوێنی رێکخراوی قاعیدەو هێزە توندڕەوەکانە. وەک لەمیدیاکانی جیهاندا باسی لێوەدەکرێت زۆرێک لەهاوواڵتیانی عەرەب، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی رژێمی بەعسدان. پارێزگای دیالە کە دیاترین قەزاکانی بریتین لە بەعقوبە، عوزێم، مەنسوریە، جەلەولا، سەعدیە، خالس، خانەقین و مقدادیە، ژمارەی دانیشتوانی ملیۆنێک و ٣٠٠ هەزار کەس دەبێت و بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقیش ١٣ کورسی بۆ دەستنیشان کراوە.

لەدوای پڕۆسەی ئازادی عێراق تا ساڵی ٢٠٠٨، ئەو پارێزگایە بنکەی داڵدەدانی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی عێراق بوو. لەو پارێزگایە شەڕی تایفی و مەزهەبی لەنێوان سوننەو شیعە هەیەو لەکاتێکدا هێڵی جیابوونەوەی جوگرافی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیشە. یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە ئەبو مەسعەب زەرقاوی، لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوو و لەوێوە پیلانی کردەوە تیرۆریستییەکانی قاعیدەی بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق دادەڕشت، بەڵام لەهەڵمەتێکی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٨، کوژرا و ئەمەش رێکخراوی قاعیدەی لەناوچەکەدا زیاتر وروواندن. ئێستا بۆ ساڵی ٢٠١٠، ناوچەکە هەندێ ئارامی بەخۆیەوە بینییەوە، بەڵام بەپێی هەندێ زانیاری لەو پارێزگایەدا هەموو هەوڵێک بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەڵگیراوە.

تیرۆریستان، ئەو خوێندکارە کچانەیان کردووەتە ئامانج کە لەزاکۆکاندا دەخوێنن و لەچک ناپۆشن. ئەوەش ئاماژەیەکی روونە بۆ بەردەوامبوونی هەوڵی رێکخراوە تیرۆریستییەکان. پارێزگای دیالە، دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی بەغداو تا سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە. ناوچە شیعەنشینەکانی ئەو پارێزگایە کاریگەری راستەوخۆی دەوڵەتی ئێرانیان بەسەرەوەیەو ئەمەش وایکردووە کە جمووجوڵی مەزهەبی تێدا بەدیبکرێت. بەپێی لێکدانەوەکەی نیۆیۆرک تایمز، ئەو پارێزگایە بۆ سەرهەڵدانی شەڕی تایفی مەزهەبی، جێگەی مەترسی دەبێت. هەرچەندە تا ئێستا نزیکەی ٥ هەزار خێزانی ئاوارە بۆ شارەکە گەڕاونەتەوە، بەڵام مەترسی تیرۆریستان و شەڕی تایفی ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە. هەندێ لە لێکۆڵەرانی سیاسی عێراقی نیشتەجێی ناوچەکە وای بۆدەچن ئەگەر لەو پارێزگایەدا چاکسازی لە ئاییندا نەکرێت، پێگەی ئیسلامی رادیکالی سوننە – شیعی بەهێزتر دەبێت و، دوای ٢٠١١ شەڕی ناوخۆیی لەو پارێزگایەوە دەستپێدەکات.

یەکێک لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق کە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی لێدەکرێت، موسڵە. ئەو پارێزگایە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق کە لەمانگی ٣ داهاتوو ئەنجامدەدرێت، ٣١ کورسی بۆدانراوەو لەدوای بەغدای پایتەختی عێراق زۆرترین رێژەی کورسییەکان لەو پارێزگایەدایە. پێگەی رێکخراوی قاعیدە، لەناوچە عەرەبنشینەکانی بەرزەو راستەوخۆ بەپارێزگای دیالەوە بەستراونەتەوە. ئەو دوو پارێزگایە، لەدوو جەمسەری جیاوازی پارێزگای کەرکووکەوەن و زۆرترین هێرشی تیرۆریستی ناوچە کێشەدارەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن. پارێزگای موسڵ، شوێنگەی زۆرێک لەئەندامانی رژێمی پێشووی عێراقە. بۆیە، بەهەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای دیالە کاریگەری راستەوخۆیان لەهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی عێراق لەناوچە کێشەدارەکان دەبێت. بەو پێیەی کە جەمسەرێکی چاوەروانکراوی شەڕی ناوخۆیی ناوچە کێشەدارەکان دیالەیەو جەمسەری کۆتاییش موسڵە. ئەوەی دەمێنێتەوە، ناوەڕاستی جەمسەرەکە پێکبهێنێت پارێزگای کەرکووکە. لە کەرکووکیش بەهۆی ئەوەی کە بەرەی تورکمانی و هەندێ لە عەرەبی توندڕەو هەن، ئەگەری زەمینە خۆشکردنیان بۆ تەواوکەردنی پیلانی شەڕی (تایفی، شیعی- سوننی) بەدیدەکرێت. بەڵام تائێستا هێزی باڵادەست لەو شارەدا کورد بووەو لەراستیشدا لەمپەرێکی گەورەی بەردەم هەڵگیرسانی ئەو شەڕە دەبێت. کورد لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥، توانی زۆرینەی دەنگدەکەکانی پارێزگای کەرکووک بەڕێژەی(٢٦ کورسی) بەدەست بهێنێت. بەوهۆیەوە تائێستا پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کوردن. کەرکووک کە خاوەن گەورەترین نەوتی یەدەگە هاوکات خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و حکوومەتی

www.netewe.com



لەوکاتەدا دێتە ئاراوە کە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا شارەکەیان چۆڵکرد، چی دەقەومێت؟. هەرچەندە کورد زۆرترین ڕێژەی هێزەکانی پۆ لیس و

چارەسەری بۆ دانراوەو نێردەی نەتەوەیەگرتووەکانیش ٣ ڕاپۆرتی لەبارەی چارەسەری ئەو ناوچەیە پێشکەش کردووەو داوای کردووە کە شارەکە بکرێتە هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ و بەهاوبەشی لەلایەن بەغداو هەولێرەوە سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام ئەو پێشنیازە لەلایەن تێکڕای عێراقییەکان و هەرێمی کوردستانەوە، ڕەتکرایەوە. قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠هێشتا بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراون و هەوڵەکانی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان ستافان دیمیستۆراش نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی ڕوون. بەڵام مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی ئاسایشی شارەکە پێکدەهێنن، بەڵام عەرەب، بەهۆی سوپای عێراقییەوە دەیانەوێت بالانسی خۆیان ڕابگرن. ئێستا کورد، بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ئەو شارەیان کردووە. پێشبینیش دەکرێت لەکۆی ئەو ١٢ کورسییەی کە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دەستنیشانکراوە، کورد ٩ کورسی بەدەست بێنێت. ئەمەش زیاتر بوونی کورد لەشارەکەدا دەردەخات. تەقینەوەو تێکچوون و گەشەکردنی ڕەوشی ئەو پارێزگایەش بەدەستی لایەنە سیاسییەکانەوەیە. دەرچوونی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستانیش، دژایەتی عەرەب و تورکمانەکانی زیاتر کرد و تائێستاش چارەسەرێکی هاوبەشانەش بۆ ئەو پارێزگایە نەکراوە. ئێستا هێزەکانی ئەمریکاو پێشمەرگە کۆنترۆڵی پارێزگاکەیان کردووە، بەڵام هەموو هەوڵێک بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی پارێزگاکە دوادەخرێت. عەرەبە نیشتەجێیەکانی ئەو پارێزگایە داوای چارەسەرێکی سیاسییانە دەکەن کە کەرکووک بکرێتە ٤ ناوچەی کورد، عەرەب، تورکمان و مەسیحی، بەڵام ئەمە بەلای کوردەوە بە هێڵی سوور دەزانرێت. لەکاتێکدا تورکمانەکان، داوای بوونی کەرکووک بەهەرێمێکی سەربەخۆ دەکەن. عەرەبەکان، داوا دەکەن کە دەسەڵات لەو شارەدا بەیەکسانی لەنێوان کورد و عەرەب و تورکماندا دابەشبکرێت. لەهەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ تورکمان، دەنگی کەمیان لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەدەست هێناوە. تورکمانەکان، ئەوە دەڵێن کە ئەمریکا لایەنگیری کورد دەکات و ئەوەش پێگەی ئەوانی لاواز کردووە. بەڵام کوردەکان، لەگەڵ ئەوەدان کە هێزەکانی ئەمریکا لەکەرکووک بمێننەوە، چونکە هەندێ لەکۆمەڵەی تۆندڕەوی عەرەب دەیانەوێت ئارامی شارەکە تێکبدەن. مەترسی ئەوە دەکرێت، ئەگەر باراک ئۆباما، هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بکشێنێتەوە دوا فیشەکە تەوقیت کراوەکانی دیالەو موسڵ، هێڵە کێشراوەکانی شەڕ بهێنێتە ئەو سنوورەوە. سوپای عێراقیش پێیوایە کە کەرکووک، پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینییەوە. بەڕیرسانی پۆلیس، لەو شارە دەڵێن ئێمە بەردەوامین لەکۆنترۆڵکردنی ئاسایشی شار و خەریکی کێشانی هێڵێکی ئاساییشین کە لەداهاتوودا هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستی بوەستێنێت. خاڵێکی تریش کە ئێستا هەڵوەستەی زۆری لەسەر دەکرێت جمووجوولّی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەمریکایە لەناوچە کێشەدارەکاندا. جموجۆڵەکان لەچیای حەمرینەوەن کە سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە. لە ٢٠٠٨ بەهۆی جمووجوولّی سوپای عێراق، عەرەب ویستیان هەمان سیناریۆی پشتێنە ئەمنییەکەی سەردەمی رژێمی پێشوو لەدەوروبەری شاری کەرکووک دووبارە بکەنەوە. بەڵام ئەو هەوڵەیان سەرینەگرت. کورد پێیوایە، سنووری چیای حەمرین سنووری هەرێمی کوردستان و عێراقە. ئێستاش چەند بازگەیەکی هاوبەش لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو پێشمەرگە لەناوچە کێشەدارەکان دروستکراون و چاودێرانیش دەڵێن کە ئەو بازگانە بەکردەوە سنووری هەرێمی کوردستان و عێراق، لەیەکتر جیا دەکەنەوە.



ژنانی تورکیا قوربانی دەستدرێژی سێکسین

تۆژینەوەکانمەڵایەتییەکان لەتورکیا ئەوەدەردەخەن کە ٧٠٪ دەستدرێژی سێکسییەکان لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەو دراوسێ و خزم و کەسوکارەوە ئەنجامدەدرێت.

لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی دەستدرێژی سێکسی لەتورکیا لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام قوربانیانی ئەم دیاردەیە ناوێرن پەنا بۆ لایەنی یاسایی بەرن و داوای یاسایی لەسەر ئەنجامدەران تۆمار بکەن.

دەستدرێژی بۆ سەر ژنان لەتورکیا ئەگەرچی بەتاوان لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام یاساگەلی پێویست و ناوەندگەلی تایبەت بۆ پشتیوانی لەقوربانیان لەم وڵاتە دا بوونیان نییە، زیاتر لەئەنجومەن و ناوەندی چالاکی ژنان لەمەوڵی دروستکردنی تۆڕێک دان. ئەوان خوازیاری گۆڕانکاری لەیاساکاندان و هەروەها دامەزراندنی ناوەندێک بۆ پشتگیری لەقوربانیانی دەستدرێژی سێکسی"بەرنامەی کاری داماتروویانە.

ئەم ناوەندەناوی"تۆڕی ژنانی دژ بەتوندوتیژی سێکسی" لێندراوەو دامەزرێنەرانی ئەم تۆڕە ڕەخنەی ئەوە لەدەوڵەتی تورکیا دەگرن کەمەوڵدەدات ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەورووپا، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە هەلومەرجێکی لەبار بۆ ژیانی زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی وڵاتەکەی دابین بکات. ئەوان پێیانوایەکە بوونی زۆربەی ناوەندەکانی

www.netewe.com



بەرگریکار لەژنان لەوڵاتانی ئەورووپی لەلایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێت، لەحاڵێکدا دەوڵەتی تورکیا ئاوڕ لەم بابەتە گرنگە ناداتەوە.

سەلماندنی تاوان

ئیلکای ئولکو ئارتان، یەکێک لەکارمەندانی ئەم تۆڕە رایگەیاند: لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی دەستدرێژییە سێکسییەکان لەتورکیا لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام قوربانیان دەترسن لەوەی کە لایەنی پەیوەندیدار لەو پرسە ئاگادار بکەنەوەو ناوێرن داوای یاسایی لەسەر ئەنجامدەران تۆمار بکەن. ئەم لێکۆڵەرە دوو هۆکاری بۆ ئەم پرسە گەڕاندەوە، یەکەم: ڕێگری یاسایی و دووهەم: ڕێگری کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بەڕێگری یاسایی"ئۆزن ئۆزدەمیر" یەکێکیتر لەبەڕێوەبەرانی ئەم تۆڕە رایگەیاند، دەستدرێژی تەنیا تاوانێکە کە بەپێی یاسای تورکیا دەبێ لەلایەن قوربانییەوە بسەلمێندرێ، واتەئەو ژنەی دەستدرێژی کراوەتەسەر دەبێ بەبەڵگەوە تاوانەکە بسەلمێنێت.

ناوبراو ئاشکرای کرد ئەم کارە بۆ ئەو ژنانەی کەدەستدرێژییان کراوەتەسەر زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی لەلایەنی ڕۆحی و جەستەییەوە ئازاریان بینیوەو ئامازەبە"شێوەی تاوانی دەستدرێژی سێکسی" دەکات و دەڵێت: لەڕاستیدا سەلماندنی ئەم تاوانە زۆر زەحمەتە چونکە، ئەم کارە لەشوێنی چۆڵ و دوور لەچاوی کومەڵگە ئەنجامدەدرێت و بوونی شاهیدێک بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە زۆر کەمە.

دەستدرێژیکاری ئاشنا

ڕێگری دووهەم لەروانگەی ئیلکای ئولکو ئارتان نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ناوەندگەلێکە بۆ بەرگریکردن لە قوربانیان.

تۆژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لەتورکیا ئەوە دەردەخەن کە ٪١٠٠ی دەستدرێژییە سێکسییەکان لەلایەن ئەندامانی بنەماڵە، دراوسێ، خزم و کەسووکارەوە ئەنجامدەدرێت. بۆیە،"تۆڕی ژنانی دژ بەتوندوتیژی سێکسی" یەکێک لەئاماجە سەرەکییەکانی خۆی دامەزراندنی ئەنجومەن و ناوەندگەلی بەرگریکار لەو وقوربانیانە ڕاگەیاندووە.

(ئیلکای ئولکو ئارتان) دەڵێت: ئەوە زۆر گرنگە کە قوربانییەکان بتوانن لەگەڵ دەروونناس یان پزیشکێک گفتوگۆ بکەن و کێشەکانی خۆیان بخەنە بەرباس، ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە؛ دەبێ بۆ ئەو ژنانەشوێنی مانەوەی تایبەت و هێمن دابین بکرێ، چونکە بۆ ئەو ژنانەی کەدەستدرێژییان کراوەتەسەر زۆر زەحمەتە لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ بڕۆن و سەر پەنایەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

باسکردن لەدەستدرێژی قەدەغەیە

یەکیکیتر لەو ڕێگرییانەی کە سکاڵاو بەدواداچوونی یاسایی بۆ تاوانەکە دژوار دەکات، قەدەخەبوونی بابەتەکەیە. بەشێوەیەک کە باسکردنی دەستدرێژی لەکۆمەڵگای تورکیا، وەک شتێکی قەدەخەکراوی لێهاتووە. (ئیلکای ئولکو ئارتان) پێیوایە، کە کۆمەڵگای تورکیا هێشتا نەگەیشتۆتەئاستێکی باش لەهۆشیاری کۆمەڵایەتی تا بتوانێ لەگەڵ ئەم تاوانە قورسە داوەک ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی مامەڵە بکات.

ئەم بابەتە تەنانەت لەنێوان لێکۆڵەرانی بواری ژنانیش یەکلایی نەبۆتەوەو وەک بابەتێکی دژوار سەیری دەکرێت، لەبەر ئەوەی"قوربانییەکان کە دەستدرێژییان دەکرێتەسەر هەست بەشەرم دەکەن"، ئارتان دەڵێت: لەکاتی دامەزراندنی تۆڕەکەیان وەک ناوەندێک بۆ بەرگریکردن لەو ژنانەی دەستدرێژی سێکسییان کراوەتەسەر، لەلایەن زۆربەی بەشداربووان ڕەخنە لەناوی تۆڕەکە گیراوە، چونکە پێیانوابووە،"دژکردەوەی نێگەتیڤی لەلایەن کۆمەڵگاوە لێدەکەوتێتەوە".

لەمبارەیەوە، کێک لەئەرکەکانی ئەم تۆڕە کە لە پێشەوەی کارەکانیە، بەڕێوەبردنی سمینار و دانیشتن و گفتگۆ کردن و باسکردنەلەڕاگەیاندن سەبارەت بەپرسی دەستدرێژی سێکسی تا ئەم دیاردەیە وەک بابەتێکی قەدەخەکراو بشکێت و باسی لێوە بکرێت.

ئامارەکان

لەیاسای بنەڕەتی تورکیا، باس لەیەکسانی نێوان ژن و پیاو کراوەو بەپێی یاسای باری کەسێتی تورکیا دەستدرێژی بۆ سەر ژنان تەنانەت لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوسەرێتیشدا بەتاوان لەقەڵەم دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئامارە فەرمییەکان لەبارەی توندوتیژی دژ بەژنان لەم وڵاتە دا ئەوە دەردەخەن کە لە سێ یان تەنانەت لە دوو ژن یەکێک توندوتیژی بەرانبەر دەکرێت و دەبێتە قوربانی دەستدرێژی سێکسی.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کەڕێکخراوی ئابووریی جیهانی لەساڵی ٢٠٠٤ سەبارەت بەکەلێنی نێوان ڕەگەزەکان، ژنان و پیاوان بڵاویکردەوە هاتووە کە تورکیا لەنێوان ١١٥ وڵاتدا لەپلەی ١٠٥ دا وەستاوەو ئەمەش پێگەی تورکیا دەردەخات سەبارەت بەنایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لەم وڵاتەدا. ڕاپۆرتەکە بە تێروتەسەلی تیشک دەخاتە سەر ئەو توندوتیژییانەی بەرانبەر بەژنان لەتورکیا کراوە.

ئامادەکردنی- جەمال نەجاری

نامەیەکی لەدوای خۆی جێهێشت

تریسکە بەهۆی کەوتنی لەوانەیەکدا خۆی کوشت





خشتەی وانەکانی تریسکە

هەولێر

"سڵاو دایەگیان ببووڕە توانای ژیانم نەماوە، لەوانەکانمدا کەوتووم، بەدەست خۆم نەبووە، ناتوانم لەمە زیاتر بەرگەبگرم. ببووڕە توخوا، قەت بۆم مەگرین، بەس دوعام بۆ بکەن. من، تریسکە". ئەمە دەقی ئەو نامە کورتەیە کە لەخوێندکارێکی قۆناغی دووهەمی کۆلیژی کشتووکاڵی زانکۆی سەلاحەددین بەجێماوە. ئەو خوێندکارە، شەوی ٢٢ـی ١ـی ٢٠١٠، لەژوورەکەیدا بەپەتێک خۆی هەڵواسیوەو کۆتایی بە ژیانی هێناوە.

ئێوارەی ڕۆژی٢٠١٠ ,١ ,٢٢، تریسکە، وەک هەموو ئێوارەکانیتر کاتژمێر ٨:٣٠ بەرەو ژوورەکەی کە لەنهۆمی سەرەوەی ماڵیانە دەچێت و ئیتر ئەوە دواپین دانیشتنی لەگەڵ ماڵەوە دەبێت. کاتژمێر ١٠:٣٠.ی شەو لەژوورەکەی خۆی هەڵدەواسێت و هۆکاری کوشتنەکەشی لەنامەیەکدا بۆ دایکی ڕوون دەکاتەوە.

ئەوەی سەرەوە بەسەرهاتی کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵە، بەناوی تریسکە ئەسعەد، دانیشتووی شاری هەولێرەو خوێنکاری قۆناغی دووهەمی کۆلیژی کشتووکاڵە. بەگوتەی هاوڕێکانی، تریسکە کچێکی هێمن و دوورەپەرێزبووەو زۆر بەکەمی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بووە.

یەکێک لە کێشە دیارەکانی ئەو کچە دەرنەچوونی لە وانەکانی بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی بەردەوام بیر لەخۆکوشتن، بکاتەوە. دایکی تریسکە، کە عەبایەکی ڕەشی لەخۆی ئاڵاندبوو، بەدەم گریانەوە دەیگووت:"تریسکە، پێنجەمین منداڵمەو زۆر هۆگری من بوو. ئەگەر بمزانیبایە خۆی دەکوژێت، لەباوەشم دەگرت و نەمدەهێشت لێم دووربکەوێتەوە". بانە کەمال، هاوڕێ و هاوپۆلی تریسکە بووە گوتی کە تریسکە، خوێندکارێکی بێکێشەو دوورەپەرێزبوو، بەڵام زۆرکات دەیگوت، ئەگەر لەوانەکان دەرنەچم، خۆم دەکوژم. چونکە زۆرماندووم و ناتوانم کۆلێژ تەواوبکەم". بەقسەی بانە، کاتێ ٢٢ـی مانگ نمرەی وانەی کیمیایان وەرگرتووەتەوە، کۆنمرەی تریسکە ١٠لەسەر ٤٠ بووەو ئەمەش تریسکەی نیگەران کردووەو بۆ شەو کە چووەتەوە ماڵەوە خۆی کوشتووە. نوێنەری پۆلەکەی تریسکە، لەکۆلیژ بەناوی مەروان، قسەکانی بانە، پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت کاتێ تریسکە، لەو وانەیە کەوتووەتە"من چۆن دەتوانم ئەو نمرەیە پڕ بکەمەوە".

هاوڕێکانی تریسکە، هەروەها گوتیان کە ماوەیەک بەر لەخۆکوشتنی زۆر هاتووچۆی مزگەوتی کۆلێژی کردووەو لەوێدا ماوەتەوە، هاوکات دایکیشی ئەوەی پێڕاگەیاندین کە کچێکی نوێژکەرو ڕۆژووگر بووە. مامۆستایەکی تریسکە، بەناوی د. زەینەب، باس لەوە دەکات کە لەبەر زۆری قوتابی، ڕوخساری تریسکەی بیرچووەتەوە. ئەو مامۆستایە کاتێ نمرەکانی تریسکەی هەڵدایەوە دەرکەوت کە لەوانەی ئەودا نمرەکانی باشبووەو سەرکەوتوو بووە. د.زەینەب، گوتی:"ئێمە هاوکاری قوتابیان دەکەین، بەڵام ئەرکی قوتابیش خوێندنەو دەبێت جێبەجێی بکات، بەڵام من پێمواییە کە ئەم کچە لەبەر نمرەکان خۆی کوشتبێت و ڕەنگە هۆکاری تری لەپشت بێت".

هەروەها د.ڕەعد سەرۆکی ئەو بەشەی کشتوکاڵ، کە تریسکە تێیدا خوێندکار بووە، ئاماژە بەوە دەکات کە تریسکە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مامۆستاکانیدا نەبووە، بۆیە کاتێ هەواڵی خۆکوشتنی بیستووە شۆک

www.netewe.com

بووە.

بـەڵام دایـکـی تریسکە، نایشارێتەوە کە کچەکەیان هەمیشە بێزاربوونی لەدەست وانەکانی دەربڕیووە: "لەوانەکانی زۆر بێزاربوو، بۆیە خۆی کوشت". هەرچەندە بەگوتەی دایکی، زۆرجاریش پێیانگوتووە، تۆ هێشتا منداڵی، لەخوێندن دواشبکەوێت ئاساییە، بـەڵام گوێی پـێنـەداون. دایکی تریسکە، هۆکارێکی تـری خۆکوشتنی کچەکەی بۆ ئەوکاتە دەگەڕێنێتەوە کە قوتابی قۆناغی شەشی ئامادەیی بـووە، زۆر زیـرەک بوو و بەنیاز بوو بچێتە کۆلێژی پزیشکی، بەڵام کە ئەو نمرەیەی بۆ هاتووەتەوە زۆر پەشۆکاوەو گوتوویەتی کە چۆن بچێتە ئەو کۆلێژە".

مـوقـەدەم جەمیل سـوورچـی، ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تـاوان لەهەولێر، بە وارفینی ڕاگەیاند کە لە ٢٠١٠/١/٢٢ کاتژمێر ١١:٣٠، ئاگادار کراونەتەوە کە رووداوێکی خۆکوژی لەگەڕەکی ئاری ڕوویـداوە. دوای ئەوەی کە پشکنینی سـەرەتـایـیـان کـردووە، بـۆ زانینی جـۆرو هۆکاری خۆکوژییەکەی، تـەرمەکەیان ڕەوانەی دادپزیشکی کراوە. هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە لەژوورەکەیدا بوون، بۆ پشکنین، ڕەوانەی شوێنی پەیوەندیدار کراوە. موقەدەم جەمیل، باسی لەوەش کرد کە بەپێی قسەی دایک و باوکی کچەکە، بـاری ئابووریان باشەو کچەکەیان کێشەی نەبووە. بەڵام ئاماژەی بەوە دا"لە ژورەکەیدا نامەیەک دۆزراوەتەوەو تەنانەت لەناو مۆبایلەکەیدا وێنەیەک کە ئاماژە بەخۆکوشتن دەکات دۆزراوەتەوە کە ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێت کە تریسکە پێشتریش بیرۆکەی خۆکوشتنی هەبووە".

ئەفسەری لێکۆڵینەوە موقەدەم جەمیل، ئاشکرایکرد کە ژوورەکەی تریسکە، پەتێک و پەیژەیەک و دووکورسی تێدا بووەو ئەوان پاش پشکینین وردی ژوورەکە وەسیەتنامەیەکیان دۆزیـوەتـەوە کـە بەپێنووسێکی ڕەش و بەخەتێکی ئاڵۆز بۆ دایکی تریسکە نووسراوە. لە وەسیەتنامەکەدا هاتووە: "سڵاو دایە گیان ببورە توانای ژیانم نەماوە، لەوانەکانمدا کەوتووم، بەدەست خۆم نییە، ناتوانم لەمە زیاتر بەرگە بگرم. ببووڕە توخوا، قەت بـۆم مەگرین، بـەس دوعـام بۆ بکەن، من تریسکە".

پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د. توانا عەبدولڕەحمان، دەڵێت لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەسەرانسەری جیهاندا پیشانیان داوە، زۆربەی هـەرەزۆری ئەوانەی خۆیان دەکـوژن، چەند دێڕێک، نامەیەک، وەسیەت نامەیەک، یاخود یاداشتێک بـەر لەئەنجامدانی کارەکەیان دەنـووسـن. وەک باسی دەکـات، لەزۆربەی ئەو جۆرە نامانەدا خۆکوژ بەشێوەیەک لە شێوەکان داوای گەردنئازایی لەکەسووکاری دەکات و دەستنیشانی دەکات کە ئەم کارە بڕیاری خۆیبووەو کەس تاوانبار نییە، بۆیە پێویست ناکات کە کەس خەمی بۆ بخوات.

د.توانا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە یاداشتە لەنامەکەی تریسکەدا زۆر بەڕوونی بـەدیـدەکـرێـت و تێیدا بەشێوەیی چەند وشەیەکی بەپەلە بۆ دایکی نووسیوەو پاشان خەتێکی بەسەر نووسینکەدا هێناوە، ئەمەش ئـەوە دەردەخـات کە ئـەو، کچە لەبارێکی دەروونی زۆر نالەباردا بووەو هەڵچوونە دەرونی پێوە دیارە. وەک ئەو پسپۆڕە ڕوونیدەکاتەوە تریسکە لەونووسینەیدا دیاریکردوە کە چیتر بەرگری پێناکرێت و توانای ژیانی نەماوە. ئەم وشانە مانای ئەوە دەگەیەنن کە ئەوکچە ماوەیەکی زۆر لەژێر گوشاری گرفتی دەرونییدا بووە "بەتێڕوانینی خۆم بـەدووری نازانم کە تریسکە، ماوەیەکی زۆر بـەر لەخۆکوشتن نەخۆشی دەرونی هەبووبێت. لەنامەکەیدا کاتێ بۆ دایکی نوسیووە لێیببورێت و بەوشەی تۆ خوا، جەختی لەدایکی کردووەتەوە. کەواتە ئەو، بڕیاری خۆکوشتنی داوە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەست بەگوناە دەکات بەتایبەتی بەرامبەر بەدایکی، بۆ ئەو خەمەی بۆی جێدەهێڵێت. زیاتر لەمەش ئەوەیە کە داوایکردووە کەس بۆی نەگریت".

لەنامەکەیدا، ناوبراو هۆیەکی کاتی (کەوتنی لەوانەکانیدا) بۆ بڕیارەکەی بەکارهێناوە کە مەرج نییە ئەو هۆیە ڕاست بێت.

د.توانا، ئەوە دەخاتەڕوو کە لەزۆربەی ئەو نامانەی خۆکوژان جێیدەهێڵن، هەوڵدەدەن هۆکارێک بۆ دڵتوندییەکەیان دیاریبکەن. ئەوەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە خۆکوژ بۆ ئەنجامدانی کارەکەی هۆیەکی باوەڕهێنەر بۆخۆی دابنێت، وەک"تورەبوونی خۆشەویستی، یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود کەوتن لەوانەکاندا".

ئەگەر ئەم هۆیانە لەڕاستیدا ڕوویدابێت، ئەوە تەنیا پاڵنەرێک بووەو نەک هۆی سەرەکی، بێگومان هۆی سەرەکی وەک ئاماژەی پێکرا، ٩٠٪ـی حاڵەتەکە نەخۆشی دەروونییە بووە.

د.توانا، باس لەوەدەکات کە بەپێی زانستی پزیشکی ٩٠٪ـی ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن، نەخۆشی دەروونییان هەیە. هەروەها ئامارەکان پیشانیانداوە، ٧٠٪ـی ئەوانەی خۆیان کوشتووە خەمۆکییان هەبووە. ئەگەری خۆکوشتن، لەهەموو نەخۆشییەکی دەروونییدا کەم یان زۆر هەیە، لێرەدا زۆر بەگرنگی دەزانم کە هەموو پزیشکێکی دەروونـی هەڵسەنگاندن بۆ ئەم مەترسییە بکات. هەروەها زۆر بەگرنگی دەزانم کە هەرتاکێک هەستی بە شڵەژان یان بارێکی دەروونی نائاسایی کرد، لە زووترین کاتدا بۆ چارەسەرکردن سەردانی پزیشک بکات، چونکە وەک ئاماژەی پێکرا هەموو گرفتێکی دەروونی بۆی هەیە پەرەبسێنێت و مرۆڤ بە ئاقارێکی هەڵەدا ببات.



موقەدەم جەمیل ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەبەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لەهەولێر

پسپۆڕێکی دەروونزانی:

٧٥٪ی پیاوان چاوەدەرن

دیاردەی چاوەدەری و خیانەت، لە هەموو کۆمەڵگەیەک بوونی هەیەو تا ئاستێکی زۆریش کاریگەری نەرێنی لەسەر شیرازەی خێزانی و ژیانی هاوسەرێتی هەبووە. گەرچی چاوەدەری و خیانەت لە هەردوو رەگەزی نێر و مێدا دەبیندرێ، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردستاندا، زیاتر ناوی پیاوان بەخیانەتی هاوسەری دەهێنرێت.

"پێموایە ئەگەر ئەو هاوسەرانەی بەر لە بەستنی گرێبەستی هاوسەری و پەیوەندی خۆشەویستی باش یەکتریان خوێندبێتەوە، زۆر کەم تووشی کێشە و گرفت دەبن، چونکە ئەوانەی کاری لەمجۆرە ئەنجامدەدەن، ئەو کەسانەن کە لە ئەزەلەوە بە سەقەتی پەروەردە کراون و بەهەڵە لەمانای پیرۆزی مرۆڤایەتی گەیشتوون و دوورن لەهەموو رەوشتە جوانەکان". ئەمە بۆچوونی ترێ نەجمەیە لەسەر ئەو هاوسەرانەی کە چاو لەدەرن. سەبارەت بەژیانی هاوبەشی خۆی و ئەگەری چاو لەدەربوونی هاوسەرەکەی گوتی ئەگەر هاتوو رۆژێ لەرۆژان ئەو حاڵەتەم لە هاوسەرەکەم دی، ئەوا سەرەتا بەبێدەنگی بەخۆمدا دەچمەوەو لەخۆم دەپرسم ئایا کەموکورتییەکانم چین؟ بۆ ئەوەی بگەم بە کرۆکی کێشەکەو پاشان لەرێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵیدا هەوڵدەدەم، تا هۆکارەکانی ببینمەوە، بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵانەم سەری نەگرت، ئەوکات بە یەکجاری بڕیاری جیابوونەوە دەدەم، چونکە هەرگیز ئامادەنیم لەژێر چەتری هاوسەریدا لەگەڵ پیاوێکی ناپاکدا بژیم.

شەهلا ئەحمەد، لەبارەی ئەگەری چاو لەدەربوونی هاوسەرەکەی ئاماژە بەوەدەکات کە هەر کاتێک زانی هاوسەرەکەی لەراستەڕێی هاوسەری لایداوە ئەوا بەو پەڕی سنگفراوانی و لێبوردەییەوە بەدوای رێگەچارەی گونجاودا دەگەڕێت"بێ ئەوەی لۆمەو سەرزەنشتی بکەم، دواجار بۆ بنبڕکردنی تەواوی گرفتەکە پەنا بۆ دایک و باوکی دەبەم، تا ئەوان قسەی لەگەڵدا بکەن، چونکە هەرگیز ئامادە نیم ژیانی منداڵەکانم تێکبدەم".

ڤینۆس مەحمود، ژنێکی دانیشتووی شاری هەولێرە. ئەو مەسەلەکە بە لایەکی دیکەدا دەبات و دەڵێت ئەو پیاوانەی چاو لەدەرن، زۆربەیان کەسانێکن کە روخسارێکی جوانیان هەیە، زۆر بەدەگمەن پیاوی ناشیرین چاو لەدەرە، پێموایە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان جێی سەرنج و بایەخی کچانی سەردەمی ئەمڕۆمانن. سەبارەت بەژیانی هاوسەریشی گوتی:"ئێمە دوو هاوسەری هاوتەمەنین و لەهیچ شتێکمان کەم نییەو خاوەنی دوو منداڵی جوانین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەئاشکرا هەست دەکەم کە ماوەی زیاتر لەساڵێکە هاوسەرەکەم پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی هاوکاری دروست کردووە، لەم نێوەندەشدا نازانم هانا بۆ کێ ببەم، لەکاتێکدا دایک و باوکم دەمێکە لە ژیاندا نەماون. ئیتر نازانم دەردی دڵی خۆم بەکێ



بڵێم، واهەست دەکەم لەبن داڕێکم هیچ گەڵایەکی پێوە نییەو هەست بە چێژی ژیان ناکەم". تەنکە فاروق، بە شێوازێکی تر گوزارشت لە ڕای خۆی دەکات، ئەو دەڵێت کە مەرج نییە هەموو پیاوێک چاوڵەدەر بێت، هەروەها مەرجیش نییە هەموو ئافرەتان خاتوون و نەرمونیان بن، بەڵکو لەهەموو شتێکدا ڕێژە هەیە، بۆیە ناکرێ لەم پرسەدا تەنیا پیاوان تاوانبار بکەین، چونکە زۆر جار ژن، بەدەستی خۆی ڕێگە بۆ هاوسەرەکەی خۆشدەکات و وایلێ دەکات لەبەها پیرۆزەکانی هاوسەری لابدات. لەبارەی ژیانی هاوسەریی خۆیەوە گوتی:"بەش بەحاڵی خۆم لەوەتەی ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە لەگەڵ هاوسەرەکەم هەرگیز دڵم نەشکاندووەو بێ دڵیم نەکردووە، هەر بۆیە بەناسکی مامەڵەم لەگەڵ دەکات و زیاد لەپێویست خۆشی دەوێم".

پسپۆڕی دەروونزانی یوسف عوسمان حەمەد، گونجان و بەختەوەری خێزان بۆ لێککەیشتن دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ خێزان واتا لێککەیشتن و قبووڵکردنی جیاوازییەکان لەنێوان هەردووڕەگەزدا، ئەگەر ئەو تایبەتمەندییە لەژن و پیاودا هەبوو، پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت. بەبڕوای مامۆستا یوسف، بەشێک لەکێشەکە هەڵەی خودی ژنان خۆیانە کاتێک پیاو لەماڵەوە کەشێکی ڕۆمانسی بۆ دروست نابێت، بۆ تێرکردنی حەزەکانی پەنا بۆ دەرەوە دەبات. هەروەها زۆر پیاو هەن لەرووی بایۆلۆژییەوە لەلایەنی تواناو هێزی ڕەگەزییەوە ناتوانن غەریزەکانیان لەماڵەوە تێر بکەن، بەهۆی هەندێ هۆکاری جەستەیی ژن، وەک منداڵبوون و نەخۆشی کە لەو حاڵەتەدا پیاو پەنا دەباتە بەر جێگایەکی دیکە بۆ تێر بوون.

مامۆستا یوسف، یەکێک لە هۆکارەکانی چاوڵەدەربوونی پیاویشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە زۆرجار ئافرەت بەهۆی سەرقاڵبوونی بە دەوام و ماڵ و منداڵ، فریای ئەوە ناکەوێ وەکو پێویست ویستی مێردەکەی جێبەجێ بکات، هەر بۆیە ئەو پیاوە هەست بەبێبەش بوونێک دەکات، هەر ئەوەشە وادەکات پەنا بۆ دەرەوە ببات، و حەزەکانی لەدەرەوەی چوار چێوەی خێزان تێر بکات. گوتیشی هەندێجار چاوڵەدەری بۆ سێکس کردن نییە، بەڵکو سۆزەو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سۆز و خۆشەویستییە."لەرووی سایکۆلۆژییەوە ئەوکاتانە پیاو چاوڵەدەر دەبێ کە جێگیرییەکی تەواوی نەبێت و نەتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکات و بەسەر غەریزەکانیدا زاڵ بێت. ئیتر بەشێوەیەکی نازانستی و ناپەروەردەیی ئەو حەزەی بەڕەڵا دەکات".

هاوکات پێیوایە، نابێت کەموکورتی خێزانی بکرێتە بیانوو بۆ ئەنجامدانی خیانەت، ئەگەر کرا ئەوا ئاڵۆزی و ناجێگیری لەخێزانەدا ڕوودەدات .

یوسف عوسمان، ئاماژە بەوەدەکات کە ٧٥٪ی پیاوان چاوڵەدەرن و هەڵبەت ئەو حاڵەتەش لەوانەیە بەڵای هەندێ ژن تا ڕادەیەک ئاسایی بێت، بەڵام بەڵای بەشێکی هەرەزۆری ژنانەوە ئاسایی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لە سەر ژنان هەیە که لەئەنجامدا تووشی دڵتەنگی و بێمتمانەیی هاوسەرەکانیان دەبن و دوور نییە پەنا بۆ هەڵەی گەورەتر ببەن و پەروەردەی ماڵ و منداڵ فەرامۆش بکەن. سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی خیانەت، یوسف عوسمان، ئاماژە بەپەیدابوونی دڵەڕاوکێ و ڕارایی لای ژنەکە دەکات که لەئەنجامدا دەبێتە هۆی تێکچوونی سووڕی مانگانەی، یاخود زۆرجار منداڵ لەبارچوون، چونکە خیانەت لە لای ژن، ناخۆشترین شتە.

هەر لەو بارەیەوە ڕۆژنامەنوس سالار بابەشێخ ئاماژە بەوەدەکات که هەرکرداریکی دزێو پێویستی بەناسینی هۆکارەکان و دۆزینەوەی ڕێگە چارەسەرییەکان هەیەو لەو بارەیەوە گوتی:"هەڵبژاردنی بیرمەندانەو ژیرانەی هاوسەر و پابەندبوون بەبەها ئەخلاقییەکانی هاوسەری، خێزانی بەختەوەر و دوور لەخیانەت پێکدێنێ، نەناسینی ئەم بایەخانەو هەندێک دابوونەریتی سواو و کۆنیش که ڕێگرن لەبەردەم یەکتر ناسینی هاوسەران لە پێش هاوسەرگیری، زۆرجار خیانەتی لێدەکەوێتەوەو شیرازەی خێزانی تێکدەدات".

ئا: تارا محەممەد



ئەو کێشەیەی کە بێ کوشتنی ژن چارەسەر بوو

دهۆک

کچێکی ١٧ ساڵان، دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر و بەهۆیەوە دووگیان دەبێت. ئەنجامدەری دەستدرێژیەکە دووژنی هەیەو دادگاش سەرپشکی دەکات لەوەی کە یان دەبێت ئەو کچە مارەبڕیکات، یان ١٠ ساڵ زیندانی بکرێت.

کێشەی دەستدرێژی سێکسی لەگەڵ کچێکی ١٧ ساڵی لەلایەن پیاوێکی تەمەن٣١ ساڵانەوە لە شارۆچکەیەکی سەر بەپارێزگای دهۆک لە ٢٠٠٩/٥/١٧، لەدادگای تاوانەکانی دهۆک، یەکلایی کرایەوە. ئەو ژنە لەزیندانداندا منداڵی بووەو لەوبارەیەوە ٣ کەس بەتۆمەتی بوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵی، دەستگیرکرابوون. بەڵام راپۆرتە پزیشکییەکان، باوکی ئەو منداڵەیان ئاشکراکرد و دادگاش بەپشتبەستن بەو راپۆرتە بەتاوانبارەکەی راگەیاند کە یان دەبێت ژنەکە مارە بکات، یان دەبێت ١٠ ساڵ بچێتە زیندانەوە. پاش تێپەڕبوونی ساڵێک لەسەرهەڵدانی ئەو کێشەیە، لەڕێگای یاساوە کێشەکە کۆتایی پێهات و دوو تۆمەتباری دیکە کە بەو بۆنەیەوە گیرابوون ئازادکران و تاوانباری سێهەمیش تاوانەکەی لەسەر ساغ بووەوە.

دەستپێکی کێشەکە

پارێزەر فەهەد سەلیم خان زێباری، لەبارەی دەستپێکی کێشەکەوە بەوارقینی راگەیاند:"لەمانگی ٤ـی ساڵی ٢٠٠٨ لە شارۆچکەیەکی سەر بەپارێزگای دهۆک، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵان لەلایەن پیاوێکی تەمەن ٣١ ساڵییەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر و لەئەنجامدا کچەکە دووگیان بووە. پاش ئەو رووداوە ٣ کەس بەتۆمەتی ئەنجامدانی ئەم کارە دەستگیر کران و هاوکات کچەکەش دەستگیر کرا. بەڵام دەستگیرکردنی کچەکە تەنیا بۆ ئەوەبوو کە لەمەترسی کوشتن رزگاری بێت و هەروەها باوکی منداڵەکەیش ئاشکرا بێت.

بکەر لەدادگای لێکۆڵینەوە ئاشکرا بوو

پارێزەر زێباری، لەدرێژەی قسەکانیدا ئاشکرای کرد کە لەدادگای لێکۆڵینەوەدا ئەو کچە دانی بەوەدانا کە تۆمەتبارێکیان دەستی لەو کێشەیەدا نییە، چونکە ئەویش ژێر ١٨ ساڵان بووە. تۆمەتبارەکەش گوتی کە ئەو کاری سێکسی لەگەڵ نەکردوو، بەڵام تەحەروشی پێکردووە. لەبارەی تۆمەتباری دووەم(ک)، کچەکە دەڵێت ئەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیدا نەبووەو (ک)، ئەو کارەی نەکردووە. بەڵام لەبارەی تۆمەتباری سێیەمەوە کە ناوی (ش)ـە، کچەکە دانی بەوەدانا کە کاری سێکسی لەگەڵ کردووەو ئەو دووگیانی کردووە. بەڵام لەدادگای لێکۆڵینەوەدا (ش) رەتی کردەوە کە ئەو کاری سێکسی لەگەڵ کچەکەدا کردبێت. بەڵام لەئەنجامدا بەڵگەکان سەلماندیان کە (ش)، سێکسی لەگەڵ کچەکەدا کردووە.

دانیشتنی یەکەمی دادگا بێ ئەنجام بوو

لەدانیشتنی یەکەمی دادگاییکردنی هەردوو تۆمەتبارەکەدا کە پەیامنێری وارڤین تێیدا ئامادەبوو، دایکی کچەکەو مام و خوشکەکانی، لە دادگای تاوانەکاندا ئامادەبوون و گوتیان کە ئەوان بەچاوی خۆیان نەیانبینیوە کە (ک) کاری سێکسی لەگەڵ کچەکەیاندا کردبێت، بەڵام زانیویانە کە تۆمەتبار (ک)، کچەکەیانی دووگیان کردووە. پاش ئەوەی خێزانی کچە لەبەرامبەر دادوەردا سوێندیان خوارد کە راستییەکان بڵێن و بەدادگایان راگەیاند کە (ک)، وای لە کچەکەیان کـردووە. فـەهـەد زێـبـاری، پـارێـزەری (ک)، گوتی:"خێزانی کچەکە بەدرۆ سوێندیان خواردووە، چونکە دەیانزانی کە بریکارەکەی من واتە (ک)، ژنی نەهێناوەو تۆمەتبار (ش)، دوو ژنی هەیە، بۆیە دایکی کچەکە گوشاری خستووەتە سەر کچەکەی کە بڵێت، (ک)، وایلێکردووە، تا شووی پێ بکات". لەبەر ئەوەش دانیشتنی یەکەمی دادگا کۆتایی هات و هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

دادگـــــای دهـــۆک، بەهاوکاری‌دادپزیشکی‌و لەڕێگەی کونسوڵخانەی بەریتانیاوە راپۆرتی پـزیـشـکـی خـوێـنـی هـەردوو تـاوانـبـار و مـنـدالـەکـەی نـاردە دەرەوەی کوردستان

کونسوڵخانەی بەریتانیا هاریکار بوو

بۆ زانینی راستییەکان و ئاشکرابوونی باوکی منداڵەکە، دادگای دهۆک، بەهاوکاری دادپزیشکی و لەڕێگەی کونسوڵخانەی بەریتانیاوە راپۆرتی پزیشکی خوێنی هەردوو تاوانبار و منداڵەکەی نارد دەرەوەی کوردستان، پاش چەند مانگێک، وەڵامی راپۆرتەکە گەیشتەوە دهۆک و لەئەنجامدا ئاشکرا بوو کە خوێنی ئەو منداڵە لەخوێنی تۆمەتبار (ش) نزیک بـوو، ئـەوەش هەموو شتێکی ئاشکرا کرد و تۆمەتبارانی تر لەکێشەکە دەرچوون.

یان مارەیی یان ١٠ ساڵ زیندان

دوای ئەوەی کە زانرا (ش)، باوکی منداڵەکەیە، دادگا بەپێی مـاددەی ٣٩٣ـی یاسای سزادانی عێراقی بڕیاریدا کە تاوانبار بۆ مـاوەی ١٠ ساڵ زیندانی بکرێت. هاوکات فەهەد زێباری، لەوبارەیەوە گوتی، تاوانبار مافی ئەوەی هەیە کە خۆی لەزیندان رزگار بکات، بەڵام بەمەرجێک کە ئەو کچە مارە بکات و بێگوازێتەوەو ببێتە هاوسەری سێهەمی. بەپێی قسەکانی ئەو پارێزەرە"(ش)، مافی ئەوەی هەیە کە ئەو ژنە مارە بکات و پاش

www.netewe.com



٣ ساڵی تر تەڵاقی بدات. هەروەها ئەو ژنەش هەمان مافی ئەو پیاوەی دەبێت، واتە دەتوانێت ئەویش دوای سێ ساڵ داوای تەڵاق بکات".

بەپێی قسەی پارێزەری یەکێک لە تۆمەتبارەکان، تاوانبار (ش)، چەند مانگ لەمەوپێش بڕی ١٥ هەزار دۆلاری داوەتە خێزانی کچەکە.


بێ کوشتنی ژن کێشەکە کۆتایی هات

بەپێی قسەی یەکێک لەئامادەبووانی دادگا، بەپێی دابوونەریتی ئەو دەڤەرە لەکاتی رووداندی هەرکێشەیەکی کۆمەلایەتی و بەتایبەت ئەگەر ژنی تێدابێت، ئەوا کچەکە بێ لێکۆڵینەوە کوژراوە، ئەوە جاری یەکەمە کە کێشەیەکی لەوجۆرە لەرێگەی یاساوە چارەسەر دەکرێت، ئەوەش جێگای خۆشحاڵییە.

هەمان سەرچاوە گوتی، ئەگەر ئەو کێشەیە نەهاتبایە دادگا ئەوا کێشەی خوێنداری لەنێوان سێ بنەماڵەدا دروستدەبوو و تاوانباریش بەدیار نەدەکەوت، بەڵام ئێستا بەپێی بڕیاری دادگا، یان دەبێت (ش)، کچەکە مارەبکات، یان سزای دەساڵ زیندانی قبوڵ بکات. بەپێی زانیارییەکان (ش)، گوتوویەتی کە" (ف)، مارە دەکەم" بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هێشتا ئەو کارەی نەکردووە.

هێڤا شێخ مەمی

www.netewe.com



ژنانی پشدەر و بیتوێن کاریان دەوێت

ڕاپۆرت

سەرەڕای ئەو جیاکارییە جەندەرییانەی لەناوچەکانی کوردستان دەکرێت، ژنانی دەڤەری پشدەر و بیتوێن، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان هەمیشە پشتیان بەدەسترەنگینی خۆیان بەستووە، بەڵام تائێستا هیچ کارگەیەکی گەورە کە بتوانێت ژنانی دەڤەرەکە بەشێوەیەکی سیستەماتیک کۆ بکاتەوەو شێوەی کارکردنیان ڕێکبخات، بوونی نییە. ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی

فۆتۆ: شیلان سەعدی

ژنیش دامەزراندنی پڕۆژەگەلی کارکردن بەپێویست دەزانـن. کاربەدەستانی دەڤەرەکەش دەڵێن، پێشنیارمان بۆ سەرەوە بەرز کرووەتەوە.

جاران لە دەڤەری ئێمە جیاکاری نەبوو

کچ و کوڕ پێکەوە دەچووینە کاری شینایی و هـەرەوەز، دوای تەواوبوونی کارەکەشمان، تا شەکەت دەبووین شاییمان دەکرد. زۆرجاریش لەچۆمێکدا مەلەمان کردووەو کەس بەخەیاڵیدا نەهاتووە کێ کوڕ و کچە. ئەوە قسەی پورە حەلیمەی ٨٥ ساڵە. پـوورە حەلیم، خەڵکی قەڵادزێیە. بە ئاخ هەڵکێشانەوە خۆزگە بۆ ژیانی رابردوو دەخوازێت، چونکە بەڕای پورە حەلیمە، ئەو جیاکارییە رەگەزییەی ئێستا ناوچەکەی ئەوانیشی گرتووەتەوە. ئەو پیرەژنە، لەگەڵ ئەوەی تائێستاش هاوسەرەکەی لەژیاندا ماوەو کچ و کوڕی گەنجی هەیە، هیچ رۆژێک لەرۆژان وەک خۆی گوتی دەستی بۆ کەس پان نەکردووەتەوە"کاری دەرەوەم دەکرد و لەهەموو پیاوەکان ئازاتر بووم کە دەگەڕامەوە ماڵیش تەونم دەکـرد. هەمیشە کراسی گـران بەهام لەبەربووەو قەتیش پێویستم بەکەس نەبووە بەخێوم بکات".

یارمەتی پیاوەکەشم داوە

خـەرمـان، تەمەنی ٤٥ ساڵە. ئـەو ژنێکی نەخوێندەوارە، بەڵام هوشیارەو لەتەمەنی ١٥ ساڵییەوە بیری لەوە کردووەتەوە ببێتە خاوەن پیشەیەک، ئەو ماوەی ٣٥ ساڵە بەرگدووەرە. خەرمان، وەک باسیدەکات، قەت بۆ بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دانەماوەو پێویستی بەهاوسەرەکەشی نەبووە، زۆرجـار یارمەتی ئەویشی داوە" ئەو خانووەی کە تێیدا دەژین، بەرەنجی من کڕدراوە. راستە ژنی نەخوێندەوارمان هەیە، بەڵام دەستڕەنگینن". بەبڕوای خەرمان، ژنی تەمبەڵ هەمیشە ژێردەستی پیاو دەبێت. لەلایەکی دیکەوە، مریەم ٣٩ ساڵەو خاوەنی چوار منداڵە. ئەو، لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی لەژیاندا نەماوە خۆی و منداڵەکانی بە بەرگدووری بەخێو دەکات"راستە مووچەم نییە، بەڵام نەمهێشتووە منداڵەکانم چاوڵەدەست بن. لەبەرئەوەی تەنیام بەمشتەرییەکانیشم گوتووە لەکاتی ناوەختدا سەردانی مااڵم نەکەن. تا کەس بواری قسە یاخود کاری نابەجێی بۆ نەڕەخسێت". ئامینەی تەمەن ٤٠ ساڵان کە لەگەڵ کۆمەڵێک ژنیتر لەناوبازاڕی رانییە دوکانێکیان بەکرێ گرتووە گوتی کە ئەوان ئەوکارەیان لەبەر ئەوە کردووە"تا چاومان لەدەستی پیاو نەبێت بمانژییەنێت". ئامینە، رووی گلەیی خۆی ئاراستەی حکوومەت دەکات و دەڵێت:"وێڕای هەبوونی ئەو هەموو سەرمایە مرۆڤییەو لەو دەڤەرە، نەرێکخراوەکانی ژنان و نەحکوومەت پرۆژەیەکیان بۆ نەکردین".

حکوومەت هیچی بۆ نەکردووین

سـۆزان، وەک هەر ژنێکی تری ئەو دەڤـەرە، گلەیی لەحکوومەت دەکات کە تائێستا هاوکاری ژنی نەکردووەو لەوبارەوەیەوە دەڵێت:"لەدەڤەری ئێمە حکوومەت بچووکترین پـرۆژەی بۆ ژن نـەبـووە، بـەڵام خۆمان کۆڵنەدەر و ئازاین، هەریەکەمان خەریکی کارێکین". سۆزان، حەز دەکات بتوانێت دوکانەکەی فراوانتر بکات و بتوانێت چەند کچێکی تریش بهێنێتە لای خۆی و لەبێکاری رزگاریان بکات. ئەو ئاماژە بۆ هەندێ ژن دەکات، کە لەبەر کەمدەرامەتی ناتوانن دوکانی جوانکاری دابنێن و لەماڵەوە کاری ئارایشتگا دەکەن. ئاواز، ٢٤ساڵەو خاوەنی ئارایشتگایە. سەرەتا لەدوکانێکی تر شاگرد بووە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم فێربووەو ئێستا خۆی دوکانی داناوە. ئاواز، خۆزگە دەخوازێت سەرمایەدار یان حکوومەت سەنتەرێکی جوانکارییان بۆ دابنێت، تا کچانی تریش فێری کاری ئارایشتگا بکات"مانگانە بەپێی داهاتەکەم کەم بێت یان زۆر مووچە بەشاگردەکانم دەدەم".

بەتەشی رستن خۆمان دەژێنین

ئامینە خـدری ٢٥ســاڵ، لـەگـەڵ دایـک و دوو خوشکەکەی بـە تەشی رستن خۆیان دەژێنن"باوکمان نەماوە. پێویستمان بەهاوکاری کەس نییەو ژیانیشمان زۆر خۆشە". ئامینە، هەموو کارەکانی دروستکردنی رانکوچۆخەی پیاوان دەکات، هەر لەشیکردنەوەی مەرەزەکەوە بگرە تا رستن و شەکردن و تەنین. ئامین پێیوایە، ئەگەر حکوومەت کارگەیەکی وا دابمەزرێنێت زنی دەڤەرەکە لەخۆی کۆ دەکاتەوەو دەتوانن باشترین بەرهەمیشیان هەبێت.

گوڵچنین

فەریبا، ٢٦ ساڵەو کـاری گوڵچنین دەکـات. بەقسەی خۆی زۆر کاری تریش دەزانێت، بەڵام گرنگیدانی بەکاری گوڵچنین بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەبازاڕ رەواجی زیاترە. فەریبا، بەو کارەی هاوکارییەکی زۆری هاوسەرەکەی دەکـات لە دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی و حەزیش دەکـات، ئەگەر توانای هەبوایە، دەیتوانی خولێک بۆ هاوڕێگەزەکانی بکاتەوەو فێری گوڵچنینیان بکات. تەنیا گرفتی کاری فەریبا، ئەوەیە کەرەستەکانی گوڵچنین لەکوردستان دەستناکەون و دەبێ هەموو جارێ لەئێرانەوە بۆی بهێنرێت.

داواکارییەکانمان بەرز کردووەتەوە

قایمقامی قـەزای رانیە عەلی حەمەد، ئاماژە بەوە دەکات کە لەدەڤەرەکەیاندا بەهۆی نەبوونی کارگەو پرۆژەوە بواری کارکردنی ژن زۆر کەمە. بەپێی قسەکانی ئەو بەرپرسە، ئەوان زۆرجار داوای ئەنجامدانی پرۆژەیان لەو دەڤـەرە بۆ سەرەوەی خۆیان بەرز کردووەتەوە، بەو پێیەی کە ئەو ناوچەیە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆری کارکردنەو ژنی دەستڕەنگینیشی تێدایە"گرنگی زۆر بەبواری ژن دەدەین و حەزدەکەین لەماڵ بێنە دەرەوە".

لێپرسراوی لقی راپـەرینـی یەکێتی ژنانی کوردستان مریەم حەمەد شێخە، سەبارەت بەداواکارییەکانی ژنان گوتی:"زۆر حەز دەکەین ژن کار بکات و خاوەن ئابووری سەربەخۆبێت، بەڵام تائێستا ئێمە وەک ڕێکخراویش خاوەن ئابووری خۆمان نین، تا بتوانین پرۆژەمان بۆ ژنان هەبێت". مریەم، توانای ڕێکخراوەکەیان تەنیا لەکردنەوەی ئەو خولانەدا دەبینێت کە لەناو شار و گوندەکاندا بۆ فێربوونی کارگەلی دەستی وەک دروومان و گوڵچنین و کۆمپیتەر بەڕێوەدەچێت.

هەرلەوبارەیەوە، لێپرسراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەدیعە بابەکر، ئاشکرای کرد کە ئەوان زۆرجار داوایان لەلایەنی دەسەڵات و حکوومەت کردووە"هەر بەرپرسێک بۆ شارەکەمان هاتبێت داوامان لێ کردووەو پێشنیارمان بۆ دامەزراندنی کارگەی رستن و چنین یان کارگەی ئەلبان یان ئەلبسە (جلووبەرگی ئامادەکراو) کردووە، چونکە تائێستا هیچ بواریکی وا لەو ناوچەیە نەڕەخساوە کە ژنانی نەخوێندەوار بتوانن کاری تێدا بکەن".



گوڵە ئەحمەد

www.netewe.com

بۆچی ژنان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا کار ناکەن؟

هەولێر

سەرەڕای هەبوونی کۆلێژ و پەیمانگەی گەشتوگوزار کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لەقوتابیان تێیدا خوێندن تەواو دەکەن، بەڵام دوای دەرچوونیان، کار لەپیشەکەیاندا ناکەن. قوتابیان، هۆکارەکەی بۆ دابوونەریتی کۆمەڵگاو مامۆستایانیش بۆ نەبوونی ئارەزووی قوتابیانی ئەو بەشە، دەگەڕێننەوە.

زۆرێک لەوڵاتانی جیهان بەهۆی داهاتی گەشتوگوزارەوە سەرچاوەی ئابووریان بەهێزە. تورکیا نموونەی ئەو وڵاتە دراوسێیانەی هەرێمی کوردستانە کە پشت بەداهاتی گەشتوگوزار دەبەستێت، بەڵام لە کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە تائێستا وەک پێویست بایەخ بەپڕۆژەی گەشتوگوزار نەدراوە، هاوکات کارنەکردنی ژنانیش لەئوتێل و ڕێستورانتە گەشتیارییەکاندا گرفتێکی دیکەیە. لەهەرێمی کوردستاندا پەیمانگەو کۆلیژی تایبەت بە گەشتوگوزار هەیە. بەپێی ئاماری پەیمەنگای گەشتیاری هەولێر،٢١٠قوتابی بۆ ساڵی (٢٠١٠_٢٠١١) لەو بەشەدا وەرگیراون. ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری قوتابیان لەو پەیمانگەیە دەردەچن، بەڵام بۆ کارکردن ڕوو لە شوێنە گەشتیارییەکان ناکەن.

سەبارەت بەکارنەکردنی دەرچووانی بەشی گەشتیاری لەشوێنە گەشتیارییەکان، سەرۆکی بەشی کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، مامۆستا داود سلێمان، دەڵێت کە نەبوونی ئارەزووی ئەو قوتابییانەی کەلەو بەشەدا وەرگیراون، بەیەکێک لەهۆکارەکانی کارنەکردنیان لەشوێنە تایبەتییەکانی گەشتوگوزار دەزانێت"ئەو قوتابیانەی کە دێنە ئێرە بەئارەزووی خۆیان نەهاتوون و ناویان لەناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بەپێی نمرەکانیان دەرچووە". ئەو مامۆستایە، گەشتوگوزار بەسەرمایەیەکی گرنگ بۆ وڵات وەسف دەکات و ئاماژە بە وڵاتانی دەرەوە دەدات کە چەند بایەخ بەو لایەنە دەدەن. مامۆستا داود، نایشارێتەوە کە خەڵکی کوردستان بەچاوی کەم سەیری گەشتوگوزار دەکەن."ئەگەر کچ یان کوڕێک لەئوتێلێکدا کاربکات کە پەیوەندی بەمیوانەوە هەبێت، ئەوا بەعەیبە سەیر دەکرێت". بەپێی قسەکانی مامۆستا داود، هۆکارێکی تری کارنەکردنی دەرچوانی بەشی گەشتوگوزار لەشوێنە گەشتیارییەکان بەتایبەتیش کچ، بۆ مەرجە سەختەکانی کەرتی تایبەت دەگەڕێنێتەوە کە هەموو کەس وەرناگرن، بۆیە دەرچوانی ئەم بەشە ناچارن لەفەرمانگە حکوومیەکاندا کاربکەن. هەروەها پێویستە"بەرنامەی هۆشیارکردنەوە بۆ خەڵک دابنرێت".

ژمارەی ئەو ژنانەی لەشوێنە گەشتیارییەکان کار دەکەن، زۆر کەمە. زۆربەی ئەو ژنانەی کە کار دەکەن بیانین، یاخود لەشوێنەکانیتری عێراقەوە هاتوون. ئەگەر ئوتێلی نێودەوڵەتی شیراتۆن بەنموونە بهێنینەوە، ئەوا لەکۆی٣٧٠ کارمەند تەنیا١٥ کارمەندیان ژنن.

ئەوانیش خەڵکی موسڵن و مەسیحین و هیچ کامیان دەرچووی شوێنێکی ئەکادیمی گەشتوگوزار نین. بەڕێوەبەری بەشی پێشوازی و میوان لەئوتێلی نێودەوڵەتی شیراتۆن، جەمیلە مەهدی،"قسەی خەڵک" بە گەورەترین بەربەستی کارنەکردنی ژنان، لەشوێنە گەشتیارییەکان دەزانێت. جەمیلە، پێیوایە ئەگەر ژنێک لەئوتێلێک کاربکات، ئەوا خەڵک قسەی ناشیاوی پێدەڵێت"زۆربەی جار کە دێمە کار، ناتوانم لەبەردەرگای ئوتێل دابەزم. لەگەڵ ئەوەی تائێستا لەناو ئوتێل تووشی



www.rojwe.com

هیچ کێشەیەک نەبووم. بەڵام لەدەرەوە قسەم پێگوتراوەو پاسەوانەکانی بەردەرگا بەرگرییان لێکردووم". کێشەیەکی تری جەمیلە، ئەوەیە کە منداڵەکانی بەهۆی قسەی خەڵکەوە ناتوانن بڵێن دایکمان لەئوتێل کار دەکات. لەبارەی ئەو مەرجانەی کە بۆ وەرگرتنی کەسێک لەئوتێلەکان پێویستە، جەمیلە گوتی:

١. دەبێت بتوانێت لانیکەم بە سێ زمان قسە بکات.

٢. شارەزایی تەواوی لە کۆمپیوتەر هەبێت.

٣. کەسێکی کراوە بێت و بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ میوان دەکات. دەبێت سادە بیت و زێڕ بەخۆیەوە نەکات. هەروەها نابێ نیشانەی هیچ ئایینێکی پێوە دیار بێت وەک، حیجاب یاخود خاچ لەملکردن.

تریفە عەبدولقادر، قوتابی پەیمانگای گەشتوگوزارە. ئەو دەڵێت کــە دەرچــــوو نا تو ا نێت لەشوێنێکی گەشتیاری کار بکات. هەرچەندە خۆشی ئــارەزووی کــارکــردن لــەو شوێنانەی هەیە، "جگە لەوەی لەوانەیە ماڵەوە ریگای کارکردن لەو شوێنانەم پێنەدەن، بــەڵام دەوروبــەریش وازم لێناهێنن". رێستورانتی زیرۆ زیرۆ سێقن، ماوەیەکی کورتە دامەزراوەو شانزە کارمەندی هەیە کە تەنیا دووانیان ژنە. بەڕێوەبەری رێستورانتەکە جەنگاوەر عەبدولوەهاب، لەوبارەیەوە گوتی: "لەسەرەتای کارکردنماندا کارمەندی ژنمان نەبوو. ئێستا دوو کارمەندی ژنمان هەیە، یەکێکیان خزمەتگوزارەو ئەویتریان بەڕێوەبەری هۆڵەکەیە". جەنگاوەر، هێما بەئاستی ئەو دوو ژنە دەکات کە هــەردووکــیــان خــوێــنــدەوارن و شارەزاییان لەکارەکەیاندا هەیەو هەر یەکیان ماوەی نۆ ساڵ لەئوتێل کاریان کردووەو کوردن. ئەو وەک هاندان بۆ کارکردنی کچان لەو بوارەدا مووچەی زیاتر بەکچەکان دەدات "بۆئەوەی هانی کچان بدەین لەو بوارەدا کاربکەن. مووچەمان لەکوردستان زیاتر بۆ داناون".

بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاری لەوەزارەتی شــارەوانــی و گــەشــتــوگــوزار ئومێد کەیفی، سەبارەت بەکارنەکردنی قوتابیانی بەشی گەشتوگوزار و بەتایبەتیش کچان، چەند هۆکارێکی دەستنیشان کرد:

١. ئەوقوتابیانەی ئێستا لەبەشی گەشتوگوزار وەرگــیــراون بــەئــارەزووی خۆیان ئەو بەشەیان هەڵنەبژاردووە. هەرکارێک بــەئــارەزووی خۆت نەبوو ناتوانی بیکەیت.

٢. کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە تائێستاش زۆرێک لەخەڵکی ئێمە وابیر دەکاتەوە کە نابێت ژن کار بکات. بۆ نموونە، سەیری وڵاتی سعودیە بکەین کە وڵاتێکی ئیسلامییە، بەڵام لەزۆربەی ئوتێل و رێستورانتەکانیدا کچ کار دەکات. بۆیە پێویستە خەڵک تێبگەیەنین کە گەشتوگوزار کارێکی ناشیاو نییەو وەک پیشەیەکانی دیکە پیشەیەکی ئاساییەو مانای خزمەتکردنی خەڵک و نیشتیمان دەگەیەنێت. بــەڕای بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری لــەوەزارەتــی شارەوانی و گەشتوگوزار، پێویستە حکوومەت پرۆژەی گەورەی وەک، شیراتۆن و چێشتخانەی چــوار ئەستێرە بکاتەوە، تا ئەو قوتابییانەی کە لەو بەشەدا دەردەچن بتوانن لەو شوێنانەدا کاربکەن". ئومید کەیفی، ئاماژەی بەیەکێک لەمەرجەکانی خۆیان بۆ ئەو کەسانە کرد کە داوای پارچە زەوی بۆ پرۆژەی گەشتیاری، دەکەن و گوتی:دەبێ" ٢٥٪ـی کارمەندەکانی دەرچووی پەیمانگەی گەشتوگوزاربن".

رۆشنە عومەر



www.kurdistanwe.com

لە ٢٠٠٩ چوار ژن مۆڵەتی سەرمایەگوزارییان وەرگرتووە

عەقڵیەتی پیاوسالاری پڕۆژەکان بەڕێوە دەبات

هەولێر

لەتێکڕای ئەو ٢ ملیارو ٨٥٥ ملیۆن و٩٢٩ هەزار و ٦٣٨ دۆلارەی کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٩، مۆڵەتی جێبەجێکردنی لەچوارچێوەی پڕۆژەدا پێدراوە، تەنیا ٤ ژن هەیەو گوزمەی پڕۆژەکانیشیان بڕی٧ملیۆنو ٩٨٢ هـەزارو ٨٩٣ دۆلارە. لەلایەکی دیکەوە پسپۆڕانی بواری ئابووری دەڵێن کە ئەوە بۆ بەشداری ژن لەسەرمایەدانانی هەرێم ڕێژەیەکی یەکجار کەمەو هۆکارەکەشی بۆ زاڵبوونی عەقڵیەتی پیاوسالاری لەبەڕێوەبردنی پڕۆژەکان، دەگەڕێننەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کراوەتـەوەو پـڕۆژە ئابووری و بازرگانییەکان ڕوویان لەزیادبوون کردووە تائێستا کەمترین ڕێژەی ژنان لەو پڕۆژانەدا بەشدارن. هەندێ لەپسپۆڕانی بواری ئابووری پرسی بەشدارنەبوون یان بەشدارنەکردنی ژن بۆ دابوونەریت و کەمتەرخەمی حکوومەت و ژنانیش بۆ باڵادەستی عەقڵیەتی پیاوانەی دەگەڕێننەوە. بەپێی ئاماڕێکی دەستەی وەبەرهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لەناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابـردوودا تۆمارکراوەو کۆپییەکی دەست وارقین کەوتووە، ئەوانەی کە مۆڵەتی پڕۆژەی سەرمایەگوزارییان لەهەرێمی کوردستان پێدراوە زۆربەیان لەڕەگەزی پیاو بوونەو تێکڕای گوزمەکەش ٦٣٨, ٩٢٩, ٨٥٥, ٢ دۆلار بووە. لەو ڕێژەیەش تەنیا ٤ ژن بەگوزمەی ٧ملیۆن و ٩٨٢ هەزارو ٨٩٣ دۆلار مۆڵەتی پڕۆژەی سەرمایەگوزارییان پێدراوە. لەبارەی هاریکاری مادی حکوومەت بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەی گـەورەی سەرمایەداری لەلایەن ژنانەوە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان هێرش موحەرەم، بەوارقینی ڕاگەیاند:"بەداخەوە تائێستا هەنگاوێکی لەم بابەتەمان نەناوە، بەڵام لەو بوارەدا ئامادەی وەرگرتنی ڕێنماییین و هاوکار دەبین".

ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و مامۆستای زانکۆ، دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، بوونی هەرکەسێک بەخاوەنی پـڕۆژەی سەرمایەگوزاری بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، بەمافێکی سروشتی هەموو مرۆڤەکان دەزانێت. بەڵام لەکوردستان لەبەر ئەوەی عەقڵیەتی پیاوسالاری پڕۆژەکان بەڕێوەدەبات، پیاو دەسەڵاتی باڵادەستەو ژن لەبوارە گرنگەکاندا فەرامۆش کراوە. بەقسەی د. دلێر، پرسی سەرمایەش یەکێکە لەو مافانەی کەژن و پیاو تێیدا یەکسانن"هەرچەندە لـەڕووی یاساوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جیاوازی نەخستووەتە نێو هەردوو ڕەگەزەوە، بەڵام هێشتا تێڕوانینی پیاوی کورد بۆ یەکسانی زۆری ماوە. بۆیە جێبەجێکردنی یاسا پێویستی بە کار و کاتە".

د.دلێر، ئاماژە بەوە دەکات کە لەڕووی یاساییەوە پەرلەمانی کـوردسـتـان، یـاسـای وەبەرهێنانی دەرکـردووەو لـەو یاسایەشدا جـیـاوازی لەنێوان ژن وپیاودا نەکردووە، بەڵام زاڵبوونی کەلتووری بـاڵادەسـتـی پـیـاو، هەمیشە ژنـی لـەپـلـەدوودا هێشتووەتەوە. هاوکات دلێر شاوەیس، لەو بوارەدا ژنانیش بەکەمتەرخەم دەزانێت.

هەندێک بـۆچـوون کـەمـی ڕێـژەی ژن لـەبـواری بازرگانیدا بۆ کەمتەرخەمی حکوومەت دەگەڕێننەوە، هاوکات هەندێ لەژنان دابوونەریتی کۆمەڵگاش بەیەکێک لەهۆکارەکان دەزانن. هەروەها سیستەمی پیاوسالاری یەکێک لەهۆکارەکانە، بەڵام دابوونەریتی کۆمەڵگاو بەهەند وەرنەگرتنی ژن و ڕێگەنەدانی بەخاوەندارێتیش هۆکارە. بۆ نموونە لەگوندەکاندا ئافرەت کاری کشتووکاڵی دەکات، بەڵام هاوسەرەکەی بەروبوومەکان دەفرۆشێت و دەبێتە خاوەنی داهاتەکە. بەڕپرسی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان سۆزان عارف، لەچەند خاڵێکدا ئاماژە بەو دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە دەکات کە لەبەردەم پەرەسەندنی توانا ئابووریەکانی ژندا ڕێگرن.



فۆتۆ: رەفیق شوکری



فەردا جەمیل



د. دلێر حەقی شاوێس



سۆزان عارف

* ڕێگرتنی خێزانەکان: لەبەر چەند هۆکارێکی دابوونەریتی کۆمەڵگا، ژن ناتوانێت لەکۆمپانیا، سوپەرمارکێت و ڕێکخراوەکان کار بکات.

* نەبوونی پاڵپشتی و هاندان: هانی ژن نادرێت تا ڕوو لەبواری ئابووری و بازاڕی کار بکات. ئەگەر هانیش بدرێت بۆ کاری حکوومییە وەک دامەزراندنی بەمامۆستا و فەرمانبەر.

* نەبوونی متمانە: ئەم پرسە وایکردووە کە ژن نەتوانێت پـڕۆژەی گـەورە بەڕێوە ببات و ببێتە سەرمایەدار.

* بێ ئەزموونی: چونکە کارێکی تازەیەو ژن لەو بوارەدا ئەزموونێکی ئەوتۆی نییەو زەحمەتە کە ڕوو لە کەرتی تایبەت و بزنس بکات.

* نەبوونی سەرمایە: ئەمەش وادەکـات کە ژن نەتوانێت بێتە بواری ئابوورییەوە.

سەبارەت بەیارمەتیدانی ژنان لەمۆڵەتوەرگرتن بۆ بواری بازرگانی، سەرۆکی ژووری یەکێتی بازرگانان و پیشەسازان لەهەرێمی کوردستان دارا جەلیل خەیات، گوتی:"ئێمە هیچ کاتێک ڕێگری لە ژنان ناکەین، تا لەبواری بازرگانیدا، کاربکەن و مۆڵەت وەربگرن، بەڵکو ئاسانکاریشیان بۆدەکەین. بەداخەوە ڕێژەو ژمارەی ژنان لەپرۆژە ئابوورییەکاندا زۆر کەمەو تائێستاش تەنیا شەش - حـەوت ئافرەت داوای مۆڵەتیان کردووە".

دارا جەلیل، گۆڕانێکی بەرچاوی لەبواری بازرگانی کوردستاندا خستەڕوو"سەرەتا بەهۆی گوشاری حکوومەتی عێراق بازرگانی لەکوردستاندا لاواز بوو، بەڵام دوای ٢٠٠٤ گۆڕانی بەرچاوی بەسەرداهات". ئەو گوتیشی، لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکانیشدا ڕێژەی ژنان لەو بوارەدا زۆر نەبوو و خودی ژنانیش هۆکارێکن و زیاتر حـەزیان لە کـاری نـاومـاڵ و مامۆستایەتییە".

خاوەنی کۆمپانیای تیگریس کە کۆمپانیایەکی دیزاین و بیناسازیە، فەردا جەمیل ئۆغلو، باس لەڕەوشی نـالـەبـاری ژنـان لەکوردستان دەکـات و تیشک دەخاتەسەر هۆکارە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی ژیانی ژنانی کورد. هەروەها گۆڕەپانی ئابووری کوردستانیش وەک، گۆڕەپانی سیاسەت بە گۆڕەپانێکی"تەواو پیاوانە" وەسف دەکات، بەجۆرێک کە ژنان بەسەختی دەتوانن جێگای خۆیانی تێدابکەنەوەو کار بکەن. فـەردا، دەسەڵاتی بەعس، بەهۆکارێکیتر دەزانێت کە گرنگی بە کەرتی تایبەت نـەداوە"دوای ٢٠٠٣ کەرتی تایبەت لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە بایەخی پێدراو ڕێژەیەکی کەمیش لەژنان ڕوویان لە کەرتی تایبەت کـردووە. بەڵام ئایین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ژنانیان لە پلەدوو، هێشتووەتەوە". فەردا، خودی ژنان بەیەکێک لە هۆکارەکان دەزانێت و ڕەخنەی ئەوە لە ژن دەگرێت کە دوای تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتـنـی بـڕوانـامـە، کـار نـاکـەن و دەڕۆنەوە ماڵ"لەمامۆستایەکی زانکۆم پرسی ڕێژەی ژن لەزانکۆکاندا چەندە. گوتی زیاتر لە٥٠٪. بەڵام ئاشکرای کرد کە پاش دەرچوون لەزانکۆ ٣تا٤٪یان ڕوو لەبازاڕی کار دەکەن".


ئەمیرە فەرهاد، ژنێکی هەولێرییەو ماوەی ٢٧ساڵ لە ئەڵمانیا ژیاوە، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان کۆمپانیایەکی جوانکاری دانـاوە. ئەمیرە، وەک باسیدەکات لەکاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەگەڵ ژن و پیاوێکی ئەڵمانی بەنیازی دانانی کۆمپانیایەک بـوون، بـەڵام لـەبـەر ئـەوەی کـەس هـاوکـاری نەکردوون ژن و پیاوەکە گەڕاونەتەوە بۆ ئەڵمانیاو ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکی کە کـوردی باکوورە، کۆمپانیایەکیان دانـاوە. ئەمیرە، داوای هاوکاری لەحکوومەت دەکات"ئەگەر حکوومەت هاوکاریم بکات دەتوانم بەشێوازێکی باشتر کاربکەم و پڕۆژەکەشم فراوانتربکەم. دەتوانم یارمەتی ئەو ژنانەش بدەم کە دەیانەوێت کاربکەن".





ڕۆشنە عومەر

www.netewe.com



هاوسەری عوسمان بایدەمیر بۆ وارڤین:

سۆسیالیستێکی فیمینیستم

www.netewe.com

ڕەیهان یالّچینداغ:

لەسەر پەروەردە بە زمانی کوردی سازش ناکەین

ئامادە

بەشی دووهەم و کۆتایی

وارڤین: وەک ژنێکی کورد هەرگیز هەستی وەک "دەمەوێت لەکوردستانێکی ئازاد دا بژیم" لەلات دروست بووە. هەستێکی وات هەیە؟

ڕەیهان: من شارەزای زۆربەی وڵاتانی جیهانم. بۆ نموونە، لەئیسپانیا سەیری کاتالانەکان بکەن. لەسێبەری ئەو تێکۆشانەی کە کردیان، ئێستا هێما هەرێمییەکانی خۆیان هەیە، لەپەرلەمان ئالّایان هەیە. دەتوانن زمانی خۆیان بەکاربێنن. زمانی فەرمی هەرێمی کاتالان زمانی کاتالانییە. تەنیا لەبواری ئابووری و بەرگرییەوە بە مەدریدەوە پەیوەستن. ئێمە لێرەش حەقی خۆمانە بیر لەو مافانە بکەینەوە. وڵاتێک کە تێیدا ناسنامە لەژێر گوشار و زۆرداریدا نەبێت، وڵاتێکی ئازادەو دەمەوێت لەوێ بژیم.

وارڤین: دەڵێن با زمانی کوردی ببێتە زمانێکی "هەڵبژاردە"، ڕای تۆ لەوبارەیەوە چییە؟

ڕەیهان: ئەو قسەیە لەلای من هیچ ناگەیەنێت. هەڵبژاردەبوونی زمانی کوردی، پەرەوەردەیی بەزمانی زکماکی نییە. ئەوەش قبووڵ ناکرێت. بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەڵێم، لەو شوێنانەدا کە کورد زۆرینەن، دەبێ پەروەردە بەزمانی کوردی بێت و زمانی تورکیش ببێتە زمانێکی هەڵبژاردە. لەشارەکانی ڕۆژئاواش (مەبەست شارەکانی تورکیایە) پێویستە تورکی زمانی پەروەردەیی بێت و کوردیش وەک زمانێکی بژاردە بەکار بێت، بەڵام دەبێت ئەو کوردانەی کە لەو شارانەدا دەژین بتوانن زمانەکەی خۆیان وەک بژاردە فێر ببن. من هەرگیز ناهێڵم ئەو پرسە گفتوگۆشی لەسەر بکرێت. چۆن بچم لەکۆرسدا ئەویش بەپارە فێری زمانی خۆم ببم، یانیش وەک یەکەیەکی هەڵبژاردە فێربببم؟ بێ سەروبەرییەکی وەها چۆن دەبێت؟ دەبێت لێرە زمانی پەروەردەیی کوردی بێت، تورکیش وەک دەرسێکی هەڵبژاردە بەکاربێت و ئەوەش پرسێکە سازشی لەسەر ناکرێت.


وارڤین: کورد بەسەر چوار پارچەدا دابەشکراون و سایکۆلۆژییەکی پارچەبوویان هەیە. ئەو پرسە تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژییەتی تۆ داناوە. یان ئەو پرسە لەکەسایەتی تۆ دا چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟

ڕەیهان: من زیاتر لەسەر تەرمەکان هەست بەو سایکۆلۆژییەتە دەکەم. کاتێک پێکدادان ڕووەدات، هەندێک گەریلا گیان دەسپێرن، ئێمەش بۆ هێنانەوەی تەرمەکانیان دەچین. دەتوانین تەرمی کوردانی باکوور وەربگرینەوە، بەڵام تەرمی ئەو گەریلایانەی کە باشووری، ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژئاوایین، ئەوانەمان پێ نادەنەوە. تەنیا ڕادەستی خێزانەکانیانی دەکەنەوە. بنەماڵەکانیان کێن؟ کەی دێن؟ چۆن دێن؟ لەدەستپێکی مێژووەوە تائێستا گەلی کورد بەرەوڕووی زوڵم وزۆداری و ناحەقی دەبێتەوە. ئێران، زوڵم و زۆرێکی گەورەتر دەکات. ئێمە باش ئاگاداری ڕەوشی دەستگیرکراوان و فەرمانی لەسێدارەدانی کوردانین. کاتێک گەریلایەکی باکووری لەئێران گیان دەسپێرێت، خێزانەکەی دێن و ڕێکخراوەکەمان بەسەر دەکەنەوە. ئێمە تائێستا نەمانتوانیوە تەنیا یەک تەرمیش لەئێران وەربگرینەوە. ئێمە ناتوانین هاریکاری ئەو دایک و باوکانە بکەین، بەڵام دەزانین ئەو تەرمانە لە چ هەلومەرجێکدان و چییان لێ دەکرێت. لەسوریا کورد ناسنامەی نییە، وەک نەبوو حیسابیان بۆ دەکرێت. سەیری باشوور بکەن لە چ قۆناغێکی زەحمەتدا ژیان. من هەموو ئەو هەموو ئێش و ئازار و زوڵم و زۆرداریەوە بە زەوینیگاری کوردستانەوە دەبەستمەوە. کاتێک بیر لەو هەموو شتە دەکەمەوە، دەڵێم "لەبەر ئەوەی کوردین وامان بەسەردێت".

وارڤین: زۆرجار لەکاتی دووگیانیدا تۆمان لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەبینی کە لێدوانت دەدا. ئەو هێز و توانایە لە کوێ دێنیت؟

ڕەیهان: بەس خۆم دەزانم کە ئەو قۆناغانەم چۆن بڕیوە. دەزانم کێم لەدوای خۆم جێهێشتووە تا گەیشتوومەتە ئەم قۆناغە. باش دەزانم، ئەو شتانەی کە ئێمە لەدەستمان داوە هەرگیز ناگەڕێنەوە. ئەو کەسانەی کە ئێمە لەدەستماندان هەڤاڵ و منداڵانی زۆر باش و خۆشەویستمان بوون، بەڵام ئەوانە ئێستا لەلای ئێمە نەماون. بەبیرم دێتەوە کە ئەو هەڤاڵە جوان و خۆشەویستانەی کە گیانیان سپارد، هەڤاڵی سەردەمی منداڵیم بوون. سەیر بکەن، هەڤاڵانی زانکۆم لەچیا گیانیان سپارد و لە پشکنینەکانیاندا بەشداریم دەکرد. هەرگیز نامەوێت ئەو شتانە بەسەر کەسدا بێت.







کاتێک میر زانیار (باسی کوڕەکەی دەکات) لەزکمدا ٨ مانگ و نیو بوو، لەپشکنینی پزیشکی ئەو منداڵانەی کە لەکۆڵانەکانی ئامەد، دا کوژرابوون بەشداریمان کرد. دەچوومە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەوڵێکی زۆرم دەدا بۆ ئەوەی مێشکم بە قەدەر سەرە دەرزییەک زیانی پێنەگات. چونکە دەمزانی کە زۆر شت هەیەو دەبێ لەبەری بکەم و بیگێڕمەوە. (دەگری، فرمێسک دەڕێژێت)

وارڤین: با هەندێک باسی ژیانی تایبەتیت بکەین. پەیوەندی تۆ عوسمان بایدەمیر چۆنە؟

ڕەیهان: بەرلەوەی هاوسەرم بێت، هاوڕێمە. پەیوەندیمان لەسەر ڕەنج و زەحمەتە. سالانێکی دوور و درێژ پێکەوە لەبواری مافەکانی مرۆڤدا خەباتمان کردووە.

کوڕەکەم ئێستا دەچێتە باخچەی ساوایان، دەستی بە تورکی کردووە. سالێکی دیکە چی دەبێت، ٣ سالی دیکە چی ڕوودەدات؟ تورکی دێنێتەوە بۆ ماڵ

هەندێکجار کە دەچمە شارێک، لەوێوە تەلەفۆنی بۆ دەکەم و دەڵێم، "من لێرەم". لەهاوسەرێتیدا هیچکاممان کێشە بۆ یەکتر دروست ناکەین، یەکتر سنووردار ناکەین. ئێمە ژیانی یەکتر ئاسان دەکەینەوە.

وارڤین: ڕوانگەی تۆ بۆ جیهان چۆنە؟

ڕەیهان: سۆسیالیستێکی فیمینیستم.

وارڤین: فیمینیزم و زەواج ناکۆک نین؟

ڕەیهان: ئەو ڕەوشە بەو کەسەوە پەیوەستە کە زەواجی لەگەڵ دەکەیت.

وارڤین: تۆ پاشناوی هاوسەرەکەت بەکار ناهێنی...

ڕەیهان: بەڵێ بەکاری ناهێنم. بەڵام بەپێی قانوون ناچارم بەکاری بێنم. چونکە ئەوکات من وەک هاوسەری عوسمان بایدەمیر، ناناسرێم. ئەگەر وەها ناودێر بکرێم ئەوە من لە عوسمان بایدەمیر، عادز دەکات. بۆ نموونە، کاتێک عوسمان بایدەمیر، بەموبایلەکەی پەیامی سەری سالّ دەنێرێت، لەژێریدا دەنووسێت، ڕەیهان یالّچینداغ — عوسمان بایدەمیر.

وارڤین: کێ و کوردێکتان هەیە، کە هەردووکیان کوردی دەزانن. تۆش کوردی دەزانیت؟

ڕەیهان: من کورمانجی نازانم، بەڵام زازاکی دەزانم. هێدی هێدی، خەریکە فێری کورمانجیش دەبم. ئیدی دەتوانم زمانی ڕۆژانە بەکاربێنم. بەڵام عوسمان بەگ سوورە لەسەر ئەوەی کە منداڵەکانمان فێری کوردی بکات. هەمیشە دەڵێت"کە فێری کورددیان نەکەم. ئەوکات من بۆچی هەوڵدەدەم. کە منداڵەکانم بە تورکی قسە بکەن، کوردی نەزانن، من دەست لەهەموو شتێک هەڵدەگرم". ئەو پێوەرەگەلی وای هەیە. لەسایەی بنەماڵەدا ئێمە منداڵەکانمان فێری کوردی کرد. دایک و باوکی عوسمان بەگ لەلای منداڵەکانن.

وارڤین: پەروەردەیی بەزمانی زکماکی لەناو ئەو هەنگاوانەدا جێینەگرتووە کە بۆ چارەسەری پرسی کورد باسیان لێو دەکرێت. منداڵەکانتان بەناچاری فێری تورکی دەبن...

ڕەیهان: کوڕەکەم ئێستا دەچێتە باخچەی ساوایان، دەستی بە تورکی کردووە. سالێکی دیکە چی دەبێت، ٣ سالی دیکە چی ڕوودەدات؟ تورکی دێنێتەوە بۆ ماڵ. چونکە لەباخچەی ساوایان فێری تورکی دەبێت، هەوڵدەدات لەماڵەوە بە تورکی قسە بکات. بەڵام ئێمە بە کوردی وەڵامی دەدەینەوە. ئێمە بەمامۆستاکەشمان گوت لەو بوارەدا هەندێک هەستیار بن. تا پێیان دەکرێت بە کوردی لەگەڵیان قسە بکەن.

وارڤین: ئێوە بیر لەمندالێکی دیکە دەکەنەوە؟

ڕەیهان: نە.. منداڵ زۆر جوانن، بەڵام گەورەکردنیان زۆر زەحمەتە.



دیلار سەولەدار

www.netawe.com

هەڵەبجە بەهەموو پێوەرەکان جینۆسایدە



هەوڵێر

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی وەک تاوانی دژەمرۆڤی ناساند، پسپۆڕێکی بواری جینۆساید ئەم بڕیارەی دادگا بەهەڵەیەکی یاسایی دەزانێت و بۆچوونی وایە کە ئەمە جینۆسایدە. هاوکات حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێگەی تەمیزکردنەوە لەهەوڵی گۆڕینی بڕیارەکە دایە.

مامۆستا کامیل، خەڵکی شاری هەڵەبجەیەو خاوەنی ٩ شەهیدە. ئەو وەک شایەتحاڵێک، لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ئامادەبووە. تائێستاش کاریگەری کیمیایی بەروخسارو جەستەیەوە ماوەو بەو هۆیەشەوە چاوێکی لەدەستداوە. لەگەڵ ئەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید، دڵخۆشیکردووە، بەڵام نیگەرانی خۆی لەبارەی بڕیاری ناساندنی کارەساتی هەڵەبجە وەک تاوانی دژەمرۆڤایەتی، دەربڕی"هەواڵەکە

www.rotevne.com

نیگەرانی کردین. سزای تاوانبارانی تریش زۆر کەمەو کەسێک کوشتنێکی ئاسایی ئەنجامدابێت، هەشت ساڵ سزا دەدرێت". هەرلەو پەیوەندییەدا، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لوقمان عەبدولقادر، کە کۆمەڵەکەیان ساڵی ١٩٩٢ بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیاباران و گەیاندنی تاوانباران بەسزا دامەزراوە، نیگەرانی خۆی دەربڕی و گوتی:"لەدادگا ساردییەک بەکەیسەکەی هەڵەبجەوە دیاربوو. گۆڕینی دادوەر محەمەد عورێبی، بەر لەبڕیاری کۆتایی جێی گومان بوو".

لەلایەکی دیکەوە سزای تاوانباران، سوڵتان هاشم، سابر دووری، (١٠-١٢) زۆر سووکەو هەست ناکرێت کە لەسەر تاوانی بۆمبارانکردنی شارێک و کوشتنی خەڵکی مەدەنی ئەو سزایەیان بۆ برابێتەوە. سەرۆکی دەستەی دادوەرانی کەیسی هەڵەبجە گۆران ئەدهەم، دانیشتنەکانی دادگا، بەڕێکوپێک لەقەڵەم دەدات"دادگا زۆر بەباشی بەڕێوەچوو، ئێمە بەڵگەی پێویستمان پێشکەشی دادگا کردو بڕیارەکەی دادگاش زۆربەی خواستەکانمانی تێدایە".

پسپۆڕی بواری جینۆساید ڤالا فەرید، بڕیاری بەجینۆسایدنەساندنی کەیسی هەڵەبجە، لەلایەن دادگاوە بەنادروست دەزانێت. بەڕای ئەو پسپۆڕە کەیسی هەڵەبجە، بەهەموو پێوەرەکانی تاوانی جینۆسایدە نەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی. وەک گوتی ئەگەر پێداچوونەوە بەپەیماننامەی تایبەت بەقەدەغەکردنی جینۆساید و سزادانی تاوانباران و ماددەی ١١، لەپێڕەوی بنچینەیی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە باسی جینۆساید دەکات بکرێت، دەردەکەوێت، ئەو ماددەیەو ماددەی ٢، لەپەیماننامەکە باس لەئەرکانەکانی جینۆساید دەکات."روکنی یەکەم لەجینۆساید، بریتییە لە کردەی ماددی، واتە ئەنجامدانی یەکێک لەو کارانەی خوارەوە:

١. کوشتنی تاکەکەس.

٢. سزای دەروونی و جەستەیی.

٣. ئەو تاکانەی سەر بەو کۆمەڵەن بخرێنە ژێر بارودۆخێکی سەخت کە ببێتە هۆی لەناوبردنیان.

٤. گواستنەوەی منداڵانی ئەو کۆمەڵە بۆ کۆمەڵێکی تری نامۆ.

٥. بەنەزۆککردنی ئەندامانی کۆمەڵگەو ئەو تاوانانەی دژ بەئەندامانی نەتەوەیەک ئەنجامبدرێت، ئەگەر تاوانبار مەبەستی لەناوبردنی بەشێک لە گەلی کۆمەڵگا یان هەمووی بێت. د.ڤالا، گوتی:"هەلەبجە لە١٦ـی ٣ـی١٩٨٨، لەلایەن فڕۆکەی عێراقی لە١٥ لای جیاوازەوە هێرشی کرایەسەر و لەهەر گەمارۆیەکدا ٨ تا١٠ فڕۆکە بەکارهات، ٥ هەزار کەس کوژرا، زیاتر لە١٠ هەزار کەس بریندار بوو، سەرگەردانکردنی زیاتر لە ٧٠هەزار کەسیشی لێکەوتەوە. ئەو تاوانە لەدژی کۆمەڵە خەڵکێک کرا کە سەر بەنەتەوەیەکی دیاریکراون. بەپێی دەستووری کاتی عێراق (ساڵی ١٩٧٠) ماددەی ٥ برگەی ب دەڵێت، عێراق لە دوو نەتەوە پێکدێت کە کوردو عەرەبن". خەڵکی هەڵەبجە کوردن و دەسەڵاتی عێراق، بۆ لەناوبردنی گەلی عێراق لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ئەو تاوانەی لەدژیان ئەنجامداوە. بۆ ئەوە نەبووە کە کۆمەڵە خەڵکێکی مەدەنین، تا لەناویان بەرێت. بەڵکو مەبەست قڕکردنی نەتەوەیەک بووە. قڕکردن مانای ئەوە نییە کە یەک تاکەکەس لەو نەتەوەیە نەمێنێت، بەڵکو جینۆساید قڕکردنی بەشەکی و گشتی هەیە. چونکە تاوانبار مەبەستی قڕکردنی هەیە.

بەقسەی د.ڤالا، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی بریتییە، لەئەنجامدانی تاوان دژی کۆمەڵێک خەڵکی سڤیل کە مەرج نییە ئەو خەڵکە سەر بەنەتەوەیەکی دیاریکراو بێت. ئەو پسپۆڕە تاوانی شارۆچکەی دوجەیل بەنموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک هەوڵی کوشتنی سەدامیان دا. لەلایەن رژێمەوە هێرشێکی ڕێکخراو بۆ سەر ئەو شارۆچکەیە کراو کۆمەڵە خەڵکێک گیران و کوژران و تاوانەکە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو خەڵکە بوو. وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان، د. مەجید عەبدولقادر، لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند:"ئەو تاوانە جینۆسایدەو هەموو ڕەگەزەکانی جینۆسایدی تێدایە، هیچ خاڵی لاوازی تێدانییە. هەڵەبجە ٢ کاتژمێر بەر لەکیمیابارانکردن بەهۆی بۆردومانکردن بەبۆمبی ئاساییەوە، تەوقکرابوو. وا لەخەڵکی شار کرابوو کە نەتوانن لەنێو ماڵەکانیاندا دەربچن و پێشتریش هێزی عێراقی تێدابووەو ئەوان بەبڕیار ئاگادار کرابوون کە شارەکە جێبهێڵن. دوای ٢ کاتژمێر بۆ ئەوەی زۆرترین رێژەی خەڵک بکوژرێت ٥٠٠ تەن کیمیایی بەسەر ئەو شارەدا رژێنرا".

پێداچوونەوە(تەمیز) ماڤێکی یاساییە

د.مەجید، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان داوایەکیان نووسیووەو تاوانی هەڵەبجەیان تێدا شیکردووەتەوە، پێشکەشی دادگای باڵای تاوانەکانی دەکەن و بەو هیوایەن کە ئەمجارە بڕیارەکەی دادگا بکرێتە تاوانی جینۆساید. هاوکاتگوتەبێژیحکوومەتی هەرێمی



www.netewe.com

کوردستان د.کاوە مەحمود، پشتگیری حکوومەتی بۆ پێداچوونەوەی بڕیارەکە ڕاگەیاند:"داوای تەمیزکردنەوەی دەکەین و هەوڵدانە سیاسی و یاساییەکانمان بـەردەوام دەبێت". گۆران ئەدهەم، سەبارەت بەتەمیزکردنەوەی بڕیارەکە دەڵێت، ئەوە دوا بڕیار نییەو تەمیزی دەکەینەوە هیوامان وایە، ئەمجارە بەجێنۆ ساید بناسرێت. ئەگەر ئەمجارەش بڕیاری دادگا هەر تاوانی دژەمرۆڤایەتی بوو، ئەوا خۆمان ئامادەکردووە، تا لەئاستی نێودەوڵەتیدا کاری بۆ بکەین.

دادگای باڵای تاوانەکان سەربەخۆیە؟

مامۆستا کامیل، سەبارەت بەسەربەخۆبوونی ئـەو دادگـایـە گـوتـی:" هـەرچـەندە لەکاتی چوونم بۆ دادگـا، هەستم بەهیچ جیاوازی و کاریگەرییەک لەسەر دادگا نەکردووە، بەڵام دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە گومان لەسەر بەخۆیی دادگا دەکەم". سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەش گوتی:"دەرچوونی بڕیارێکی وەها جێی سەرسوڕمان بوو". د. مەجیدیش گوتی کـە لـەوانـەیـە هـەوڵـدان بـۆ دەستخستنەنێو کاری دادگا هەبووبێت، بەڵام پێیوانەبوو کە کاریگەری لەسەر بڕیار دانابێت". بەڕای د.کاوە، لەسێدارەدانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید، بە شێکە لەدادپەروەری بڕیاری دادگاو گەڕانەوەی مافە بۆ ئەوانەی کە ستەمیان لێکراوە. وەک د. کاوە، دەڵێت لەسێدارەدانی ئەو تاوانبارە، مانای ئەوە نییە کە ئێمە واز لە کۆششەکانمان بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو کەیسە دەهێنین. د.ڤـاڵا، هەبوونی پاساو بۆ هەڵەی دادوەر ڕەتدەکاتەوە"دادوەر نابێت هەڵە بکات، ئەگەر کردیشی پێویستە بە تەمیزکردنەوە ڕاست بکرێتەوە، ئەگەر لە تەمیزکردنەوەکەدا بڕیارەکە بەجینۆساید ناسرا دەتوانین بڵێین، دادگا سەربەخۆیە، بەڵام ئەگەر وەک خۆی مایەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەستێک لەپشت ئەو بڕیارە هەیە، چونکە هەڵەیەکی یاسایی ڕوونە".

کۆمێنێت

عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بە عەلی کیمیایی، لەساڵی ١٩٤١ لە شـاری تکریت لەدایکبووە و ئامۆزای سەرۆکی پێشووی عێراق، سەدام حوسێنە. ڕۆژی١٧ـی١ـی ٢٠١٠ دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، بڕیاری لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید و زیندانیکردنی تاوانبارانی دیکەی ڕاگەیاند، ئەوەش بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی هەڵەبجە بەتایبەتی جێی خۆشحاڵی بوو. بەڵام ناساندنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک تاوانی دژە مرۆڤایەتی، هەمووانی شۆک کـردو خەڵکی هەڵەبجەو کەسووکاری قوربانیان، دەنگی ناڕەزایی بەرزکردەوە. عەلی حەسەن مەجید، لە ٢٠٠٩/١/٢٦ بەهۆی ٤ تـاوانـەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق لەسێدارەدرا. ئەو تاوانانەی کە بووە هۆی ئەوە کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربکات بریتین لە: ئەنفالی کوردەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە، قڕکردنی ئـەو شیعانەی کە لەساڵی ١٩٩١ خۆپیشاندانیان لەبەغدا ڕێکخست، کوشتنی مەرجەعێکی شیعی بەناوی محەمەد سەدر، لەکاتی نوێژی هەینیدا. لەساڵی ١٩٦٨ کاتێک پێگەی حیزبی بەعس لەعێراقدا بەهێزبوو، سەدام، زۆر بایەخی بەئامۆزاکەیداو لەزۆربەی پرسەکانی عێراقدا ڕاوێـژی پێکرد. لـەدوای ساڵی ١٩٧٩، عەلی حەسەن، ڕۆڵێکی گرنگی لەبەهێزکردنی پێگەی سـەدام لەنێو حیزبی بەعسدا گێڕا. لە دیارترین ئەو پۆستانەی کە لەحکوومەتی عێراقدا هەیبووە، وەزیری بەرگری عێراق بـووەو هەروەها کاتێک لەساڵی ١٩٩٠ کوێت لەلایەن عێراقەوە داگیرکرا، عەلی کیمیایی بە حاکمی کوێت دانرا. لە١/٢٧/ ٢٠٠٩، عەلی حەسەن، لە باشووری شاری تکریت لە عۆجە لە نزیک گۆڕی سەدام حوسێن و کوڕەکانی و تەها یاسین ڕەمەزان، لەگۆڕنرا.

بەهرە حەمە ڕەش



فۆتۆ: گۆران ئەدهەم

پسپۆرێکی بواری تاوانەکانی جینۆساید:

کورد مافی داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە

هەولێر

پسپۆڕ لەبواری تاوانەکانی جینۆساید و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەئەنجامدانی ئەم تاوانە، د. ڤالا فەرید، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا رایگەیاند کە ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد لەلایەن رژێمی بەعسی عەرەبییەوە ئەنجامدراوە وەک ئەنفال، ڕاگواستنی زۆرەملێ، ئەشکەنجەو زیندانیکردنی تاکەکانی و وێرانکردنی دێهاتەکان، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان جینۆسایدە. هەروەها گوتی، کورد بەهۆی جینۆسایدەوە مافی ئەوەی هەیە کە داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکات کە لەپێناو وەرگرتنی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستاندا هاریکاری بکات.

وارڤین: جینۆساید چییە؟ جۆرەکانی چین؟ لە چ سالێک یاسای قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی دەرچووەو بەجینۆساید ناسراوە؟

د. ڤالا: بەپێی پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی، لە٩ی دیسمبەری ساڵی ١٩٤٨، دەرچووە. لەماددەی ٢ی چەمکی جینۆساید، دا هاتووە کە جینۆساید بریتیەلە: لەنێوبردنی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو، ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەبێ سەر بەنەتەوەیەکی دیاریکراو و نەژادێکی دیاریکراو بن کە بەشێوەیەکی گشتی بەشێکیان لەلایەن رژێمی ئەو وڵاتەوە لەنێوبرابن. لەنێوبردنەکەش دەتوانرێت بەهۆی کوشتنی تاکەکانەوە بێت، لەئەنجامی ئەشکەنجەی ماددی، دەروونی، یان بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەو گرووپە، واتە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە سەر بەنەتەوەیەکی دیاریکراون، لەدۆخێکی زۆر خراپدا بژین کە نەتوانن ژیانی ئاسایی بەسەر بەرن. هەروەها نەزۆکردنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە یەک بەدوای یەک و (نەوەکانی داهاتوو) نامێنی. گواستنەوەی ئەو منداڵانەی کە بەهۆی جینۆسایدەوە خێزانەکانیان لەنێوبراون بۆ کۆمەڵێکتر و دەبێتە هۆی ئەوەی کە



فۆتۆ: وارڤین

کەلتوور و زمانی ڕەسەنیان دەسڕێتەوە.

وارڤین: واتە ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر گەلی کورد هاتووە، وەک نەتەوەیەک، دەتوانین بڵێن جینۆسایدە؟

د. ڤالا: بەڵێ، گەلی کورد جینۆساید کراوە. چەندساڵ پاش تاوانەکانی ئەنفال کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدرا، دادگایەکی تایبەت دامەزراو سەدام و یاوەرەکانی دادگایی کرد. هەروەها ئەو دادگایە یاسای تایبەتی خۆی هەبوو. بەپێی یاسای خۆی یەکێک لەو تاوانانەی کە بۆی هەیە بەدواداچوونی بۆ بکات، جینۆساید بوو. لەگفتوگۆکاندا هەمان دەقی ماددەی دوو لەناو یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دانراوە. بەپێی ئەو یاسایە"بەرپرسانی بەعس"دادگایی کران و ئەوکات تاوانەکانی ئەنفال وەک تاوانی جینۆساید دانرا. واتە ئەنفال جینۆسایدە، لەبەر ئەوەی هەموو مەرجەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدا بووە،

بنەمای ماددی تێدا بوو، ١٨٢ هەزار کەس زیندەبەچاڵ کراوە. بنەمای دووەم ئەو (١٨٢) هەزار کەسە کە زیندەبەچاڵکرابوون لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا لەنەتەوەیەکی دیاریکراوبوون.

دەوڵەتی عێراق، بەپێی دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ لەدوو نەتەوە پێکدێت ئەوانیش(کورد و عەرەب)ن. ئەوەی کە قڕکراوبوون لەنەتەوەی کورد بوون لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بۆیە مەرجی دووهەمی جینۆسایدیش لەبەجینۆساید ناساندنی گەلی کورد، دا هەیە. مەرجی سێهەمیشی تێدایە کە تاوانەکانی جینۆساید داوای دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو رژێمەی کاتێک ئەو تاوانەی ئەنجامدا، لەئەنجامدانی ئەو تاوانە مەبەستی هەبێت. رژێمی پێشوو مەبەستەکەی سزادان بوو، تەنیا مەبەستی کۆمەڵە خەڵکێک نەبوو، بەڵکوو مەبەستی لەناوبردنی نەتەوەی کورد بوو. بۆیە دەرکەوت ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد کراوە، جینۆسایدە.

دادگا ئەو بڕیارەی لەساڵی ٢٠٠٨، دا راگەیاند. واتە گەلی کورد جینۆسایدکراوە. خەڵکێکی زۆر لەشوێنی خۆیان بۆ شوێنکیتر گواستراونەتەوە. لەبەندیخانەکانی رژێم هەزاران کەس لەژێر گوشاری ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوە. بەنەزۆککردن ئەنجامدراوە. جۆرە دەرزیبەک بەکارهاتووە، وایکردووە کە چەندین کەس تائێستا منداڵیان نەبێت. ئەم چوار حاڵەتە لەدادگا سەلمێندران و بڕیاردرا کە گەلی کورد جینۆساید کراوە.

وارڤین: کەی بەشێوەیەکی فەرمی دان بەجینۆسایدکردنی گەلی کورد، دا نرا؟

جینۆساید بڕیتیە لە لەنێوبردنی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو، ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەبێ سەر بە نەتەوەیەک و نەژادێکی دیاریکراو بن کە بەشێوەیەکی گشتی بەشێکیان لەلایەن رژێمی ئەو وڵاتەوە لە نێوبردرابن

د. ڤالا: بڕیارێکی دادوەریمان بەدەستەوەیە کە بووتە بەڵگەیەکی دادوەری، ئەمەشیان گرنگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گەلی کورد، لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا جینۆساید کراوە. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکۆتایی مانگی٤.ی ٢٠٠٨ دا بڕیارێکی دەرکرد. کەبەپێی ئەو بڕیارە"ئەوەی بەسەر گەلی کورد دا هاتووە، بەپێی هەموو پێوەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، جینۆسایدە". ئەمەشیان بڕیارێکی گرنگ بوو، ئێمە ئێستا بڕیارێکی دادوەری و یاساییمان لەبەر دەستە.

وارڤین: کورد دەتوانێ بەهۆی جینۆسایدەوە داوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بکات؟

د. ڤالا: بەڵێ، زۆرجار تاوانەکانی سڕینەوەو کۆمەڵکوژی و دژ بەمرۆڤایەتی، هۆکارگەلێکی گرنگن بۆ ئەوەی ئەو هەرێمانەی بوونەتە قوربانی ئەو تاوانانە، داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن کە گرنگترینیان مافی سەربەخۆیی و بەدەوڵەت بوونە. جگەلەوەی لەئاستی نێوخۆییدا ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بەسزای خۆیان دەگەن، لەسەر ئاستی دەرەکیش هەموو ئەو میللەتانەی کە ڕووبەڕووی تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەبنەوە، مەرج نییە کە تەنیا تاوانی جینۆساید بێت، بەڵکو تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و جەنگ، دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی لەو وڵاتە ئەگەر تێکڕای هەرێمێک داوای سەربەخۆیی بکات ئەوا نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هاوکاری و پاڵپشتییان دەکات. بۆ نموونە، تیموری ڕۆژهەڵات لەئەندەنوسیا لەقارەی ئاسیا، کە هەرێمێک بوو لەلایەن رژێمی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەوە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەدژی هاووڵاتیانی ئەنجامدرا کە ئەشکەنجە یەکێک لەو تاوانانە بوو. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی تیمور پەنا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان بەرێت و داوای لێ بکات کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ پشتگیریان بێت. دواتر نەتەوەیەکگرتووەکان پشتگیری لێکردن و دوای ڕاپرسی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لەهەرێمەکەیان ڕاگەیاند.

وارڤین: بەوپێیەش گەلی کورد دەتوانێ داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکات.

د. ڤالا: بەدڵنیاییەوە، ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورد هاتوون، پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. هەروەها بۆ ڕاکێشانی ڕایگشتی، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو دەوڵەتە مەدەنیانەن کە بڕوایان بەمافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان هەیە.

وارڤین: دەگوترێت کە لەو کارەساتانەدا ژن قوربانی زیاتری لەپیاو داوە، بۆچی؟ دەتوانین بڵێین ژنان قوربانی یەکەمی ئەو کارەساتانەن؟

د. ڤالا: بەپێی ئامارەکان، ژن قوربانی زیاتری داوە، نەک قوربانی یەکەم، چونکە منداڵ و پیاوانیش قوربانییان داوە. تاکی کورد بەگشتی قوربانی داوە. ژن، قوربانی زیاتری داوە بەو پێیەی ئەنفالکردن زیاتر ڕەگەزی نێر دەگرێتەوە، ئەنفالی بارزانییەکان لە١٩٨٣/٧/١ کە (٨٠٠٠) بارزانی هەمووی لەڕەگەزی نێر بوون ئەنفالکران. ڕەگەزی نێر لەناوچوو قورسایی ژیان دەکەوێتە سەر ژن. ئەرکی خێزان لەئەستۆی ژن بووە. لەکاتێکدا کە پیشەو بڕوانامەو دەسەڵاتی نەبووە، تابتوانێ کار بکات و بژێوی خێزانەکەی دابین بکات. بەم هۆیەوە ئەم ژنانە بەردەوام لەحاڵەتێکی دەروونی خراپدا بوون.

وارڤین: بەڕای تۆ چۆن دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە؟

د. ڤالا: لەلایەنی یاساییەوە ئێمە تەنیا جەختمان لەسەر ئەوە نەکردووەتەوە کە تەنیا بەماددە قەرەبوو بکرێنەوە. قەرەبووکردنەوەکە بەکردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت بۆ ئەو خێزانانە دەکرێت، بۆ گەڕانەوەی باری تەندروستییان بۆ دۆخێکی جێگیر. ئەگەر چارەسەر هەبوو چارەسەر بکرێن و بنێردرێنە دەرەوی وڵات. هەروەها یارمەتی ماددی بکرێن و دەبێت چارەسەری جەستەیی- دەروونی بکرێن، چونکە ئەو کەسانە بەردەوام بەدەست ئاسەوارەکانی ئەم کارەساتانەی بەسەریان هاتووە، دەناڵێنن.

ئاڤان فارس جاف

MODA

گرنکیدان بە قژ جوانییەکەت بێ وێنە دەکات

دەگوترێت جوانی بریتییە لە جوانی ناخ، بەڵام ئەو گوتەیە ئەوە ناگەیەنێت کە گرنگی بە روخسارمان نەدەین.

خانمی بەڕێز! قژ گرنگترین بەشی روخسارە، بۆ جوانتر دەرکەوتنی چەند خاڵێکمان بۆ دەستنیشانکردوویت بۆ ئەوەی ئەو شێوازە بدۆزیتەوە کەلەگەڵ دەموچاوت گونجاوە.

چۆن ڕەنگی گونجاو بۆ قژت هەڵدەبژێری؟

بەر لەهەڵبژاردنی هەر ڕەنگێک بۆ قژت سەیری ڕەنگی پێست و برۆت بکە. شارەزایانی بواری جوانکاری، بۆ دابەشکردنی ڕەنگەکان خشتەیەکیان داناوەو بەوپێیە ڕەنگەکانیان کردووەتە دوو بەش. ڕەنگە گەرمەکان، مەبەست ئەو ڕەنگانەیە کە زیاتر زەردباوە. ڕەنگە ساردەکان، ئەوانەن کە زیاتر بەلای پەمەییدا دەچن. ئەگەر ڕەنگی برۆ و چاوەکانت کاڵ بێ، ئەوە ڕەنگە ساردەکان، هەڵبژێرە. ئەگەر برۆ و ڕەنگی چاوت تۆخ بێت ئەوە گەرمەکان بەکار بهێنە. پێویستە ئاگاداری ئەوە بیت کاتێک ڕەنگی کاڵ، بۆ قژت هەڵدەبژێری برۆشت کاڵ بکەیت. کاڵکردنی برۆکان ڕەنگی دەموچاو زیاتر دەکاتەوە.

جۆری دەموچاوت بناسە

هەموو شارەزایانی جوانکاری لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ هەڵبژاردنی بڕینی گونجاو، پێویستە شێوەی دەموچاوت بناسی. بۆیە، بەرامبەر ئاوێنە بوەستەو قژت لەپشتەوە ببەستەوە، سەیری دەموچاوت بکەو هەوڵبدە چوارچێوەیەکی نزیک لەشێوەت بدۆزیتەوە:

١.ئەگەر شێوەی دەموچاوت بازنەیی یان چوار گۆشەیی بوو، ئەوا لەبڕینی یەکپارچە دووربکەوەو بڕینی ستیپس هەڵبژێرە، بۆ بڕینی پەرچەمیش پەرچەمی کورت، هەڵبژێرە.

٢.شێوەی هێلکەیی کە بەحەربایی ناسراوە، هەموو جۆرە بڕینێک لەگەڵی دەگونجێ، بەڵام لەکاتی بڕینی پەرچەمدا ئاگادار بە، چونکە هەندێ جۆری پەرچەم لەگەڵیدا ناگونجێت.

٣.شێوەی دڵ، ئەم شێوەیە زۆربەی بڕینەکانی لەگەڵدا دەگونجێت، بەهەمانشێوە پەرچەمیش. بەڵام هەمیشە هەوڵبدە ئارایشتی سادەی بۆ هەڵبژێری نەک ئاڵۆز.

مۆدەی جانتا

مۆدەی جانتا: لە کەرەستەکانی شیکدەرکەوتنی خانمان لەدەرەوە، جۆر و ڕەنگی جانتای دەستە. پێویستە جانتا لەگەڵ جۆری کار و ئەو شوێنەی کە بۆی دەچێت بگونجێت. بۆ ئەم مانگە مۆدەی جانتای سەتڵییە. باوترین ڕەنگ مۆر و قاوەییە.





www.netawe.com



٤.دەموچاوی درێژ، ستێپی کورت لەدەوری چاو و رووەت و مل، بۆ ئەوەی درێژی دەموچاو کەم بکاتەوەو پەرچەمی شۆڕ بەکاربهێنەو مەهێڵە درێژی قژت لەئاستی سنگت زیاتر بێت تا لەنێوان درێژی و پانیدا هاوسەنگی دروست بکات. لەئارایشتی سادە دووربکەوەو هەوڵبدە هەموو کات قەبارەی قژت زیاد بکەی. لەکاتی بەکار هێنانی شسوار، کرێمی تایبەت بەکار بهێنە.

٥.قژی شەپۆلی، ئەگەر قژت شەپۆلی بێت، برینی یەک پارچە قەبارەی زیاتر دەکات. هەروەها پشتبەستن بە خاوکردنەوە زۆر بەردەوام نابێ. چونکە هەر شێدارییەک یان باران تێکیدەدات. بۆیە، لەشێوەی ستێپس ببڕەو بۆ خاوکردنەوی کرێمی تایبەت بەکاربهێنە.

٦.قژی دڕوپڕ، ئەم جۆرە قژە برینێکی زیرەکانەی پێویستە. ستێپسی درێژ، وادەکات کە ناڕێکی قژت کەمتر دیار بێت و جوولەیەکی سروشتی دەداتێ.

٧.قژی تەنک، برینی ستێپس، بۆ قژی تەنک گونجاوە، چونکە قەبارەی زیاتر دەکات. خاوی مەکەرەوە، لەکاتی شسوارکردنی هەوڵبدە قەبارەی زیاد بکەی.

گوڵستان ئەحمەد ئەرگوشی



مۆدەی پێڵاو

مۆدەی پێڵاو: پێڵاوی پاژنەبەرز لەم وەرزەدا شێوازێکی ڕێک دەداتــە خانمان. پێویستە ڕەنگی پێڵاو، لەگەڵ جۆری جلووبەرگ و جانتا، گونجاوبێت. ڕەنگی مۆر، سوور و ڕەش، ڕەنگی پێڵاوی ئەم مانگەیە.

www.nalewe.com



"سیرینا ویلیامز" نازناوی پاڵەوانیەتی کراوەی ئوستڕالیای بردەوە

کچەیاریزانی ئەمەریکی و خاوەنی پلەی یەکەم لە ریزبەندیی باشترین کچەیاریزانەکانی جیهان لە یاریی تێنس "سیرینا ویلیامز"، توانی نازناوی پاڵەوانیەتیی کراوەی ئوستڕالیا لە یاریی تێنس بە دەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە یاریی کۆتایی پاڵەوانیەتییەکەدا ڕۆژی شەممە بە ئەنجامی ٢-١ کۆمەڵە لە کچەیاریزانی بەلجیکی "جۆستن هینان"ی بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکانیش ٦-٤، ٦-٣ و ٦-٢ بوو.

بەم سەرکەوتنە، سیرینا ویلیامز توانی پارێزگاریی لە نازناوەکەی بکات، کە ساڵی ڕابـردووش بەدەستی هێنا، هـەروەهـا شـوێنـی خـۆی لە پلەی یەکەمی ریزبەندیی جیهانیش بەهێزتر کرد.

لە فوتسالّی سنووری راپەریندا...

کچانی حاجیاوا بۆ جاری دووەم لەسەریەک بوونە پاڵەوانان

دەڤەری راپەرین

پاڵەوانیەتیی یاریی فوتسالّ بۆ کچانی دەڤەری راپەرین کۆتایی هات و کچانی حاجیاوا بۆ ساڵی دووەم لەسەریەک نازناوەکەیان بردەوە.

پاڵەوانیەتیی فوتسالّ (تۆپی پێی نێو هۆڵە داخراوەکان) کە نوێنەرایەتیی بیتوێنی لیژنەی ئۆڵمپیی کوردستان بۆ ساڵی دووەمە لە سنووری خۆیدا ئەنجامی دەدات، رۆژی هەینی رابردوو کۆتایی هات، کە تێیدا لە هۆڵی داخراوی یانەی چوارقورنە یاریی کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە لە نێوان هەردوو تیپی فوتسالّی یانەکانی "رانیە و حاجیاوا" بەڕێوە چوو، لە ئەنجامیشدا کچانی حاجیاوا توانیان یارییەکە بە ئەنجامی ٢-١ گۆڵ ببەنەوە و بوونە پاڵەوانی خولەکە.

هەروەها تیپی کچانی یانەی دووکانیش توانیان پلەی سێیەمی پاڵەوانیەتییەکە بەدەست بهێنن. لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان و باشترین یاریزان و باشترین گۆڵچی و تیپی نموونەیی و گۆڵکار دابەش کرا.

ئەو پاڵەوانیەتییە بە بەشداریی ٧ تیپی کچان ئەنجام درابوو، کە ئەوانیش تیپەکانی "رانیە، حاجیاوا، دووکان، قەڵادزێ، چوارقورنە، پیرەمەگروون، تەقتەق) بوون.



تیپی کچانی حاجیاوە

لە خولی یارییەکانی ئاسیا...
بۆ یەکەمجار ژنان بۆکسێن دەکەن

ئەنجوومەنی ئۆڵمپیی ئاسیا رایگەیاند کە یاریی بۆکسێن بۆ ژنان، بۆ یەکەمجار لە خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیای داهاتوودا ئەنجام دەدرێت، ئەویش لە میانەی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیا، کە لە کاتێکی دیکەی ئەمساڵدا لە وڵاتی چین بەڕێوە دەچێت.

ئەنجوومەنی ئۆڵمپیی ئاسیا لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە دا "یەکێتیی بۆکسێنی ئاسیا پێشنیازی کردووە کە یاریی بۆکسێن بۆ ژنان بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیای ٢٠١٠، ئەمەش لە پێناو ئەوەی ئاستی ئەو یارییە بۆ ژنان لە کیشوەری ئاسیادا بەرز ببێتەوە".

بەم شێوەیە ژنانی ئاسیا لە میانەی خولی یارییە وەرزشییەکانی ئاسیا لە سێ جۆرە کێشدا رکابەریی دەکەن، ئەوانیش کێشەکانی مێش (٤٨-٥١ کیلۆگرام)، سووک (٥٦-٦٠ کیلۆگرام) و ناوەڕاست (٦٩-٧٥ کیلۆگرام). هاوکات هەر لەو سێ کێشەدا ژنان یاریی بۆکسێن لە خولی یارییەکانی ئۆلمپیادی هاوینەی لەندەنی ٢٠١٢ ئەنجام دەدەن، دوای ئەوەی ساڵی رابردوو بڕیاری ئەوە درابوو کە ئەو یارییە بخرێتە نێو پرۆگرامی یارییەکانی ئۆلمپیادی لەندەن.

لە پاڵەوانیەتیی شەترەنجی هەولێر، بژار وریا پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا



رکابەرییەکانی پاڵەوانیەتیی شەترەنجی شاری هەولێر کۆتایی هات و کچەیاریزان "بژار وریا" پلەی یەکەمی بردەوە.

دوای دوو هەفتە لە رکابەریکردن، شەوی هەینی رابردوو یارییەکانی پاڵەوانیەتیی شەترەنجی هەولێر کۆتایی هات، کە یارییەکانی لە یانەی شەترەنجی خانزاد بەڕێوەدەچوو. لە ئەنجامیشدا لە نێو ١٠ کچەیاریزانی بەشداربوودا، "بژار وریا قانع" پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و بووە پاڵەوان، لە پلەکانی دووەم و سێیەمیشدا هەریەکە لە کچەیاریزانان " بەیان جەمال و جوان عەبدولوەهاب" هاتن.

پاڵەوانیەتییەکە بۆ کچان و کوڕان بوو، ماوەی دوو هەفتەی خایاند، کە لە لایەن لقی هەولێری یەکێتی شەترەنجەوە ئەنجام دراوە، لە ژێر چاودێریی نوێنەرایەتیی لیژنەی ئۆلمپییەوە بەڕێوە چوو. یارییەکانیش تەنیا لە رۆژانی پێنجشەممە و هەینیدا ئەنجام دەدرا.

بۆ لەشڕێکی...رۆژانە ٢٠ خولەک وەرزش بکە

لەگەڵ زەحمەتیی ئەنجامدانی راهێنانە وەرزشییەکان بە شێوەیەکی رۆژانە و نەبوونی کات و دەرفەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین و نموونەییترین شێواز بۆ کەمکردنەوەی کێش و ڕێگەگرتن لە قەڵەوبوون، ئەوەیە کە رۆژانە هەوڵ بدەن بەرنامەیەک بۆ خۆتان دابنێن و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و جێگیر، بۆ ماوەی ٣٠ خولەک وەرزش بکەن، باشتریش وایە هەموو رۆژێک لە یەک کاتدا وەرزش بکەن و خۆتان ماندوو بکەن، چونکە ئەمە یارمەتیدان دەدات، کە کێشی زیادی لەشتان نەمێنێت و سووڕی خوێنتان چالاک بێت و کرداری هەرستان باش بێت.

مەرجی گرنگی ئەنجامدانی ئەو وەرزشە رۆژانەیە، ئەوەیە کە لە ٢٠ خولەکی سەرەتادا بە هیچ شێوەیەک نەوەستیت و بەردەوام مەشق بکەی، بەڵام ئەگەر بۆ یەکەمجارە وەرزش دەکەیت، ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی پەیژەیی دەست پێ بکەی، هەم لە جۆری وەرزشەکە و هەمیش لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی.

هەندێک لەو راهێنان و مەشقە وەرزشییە رۆژانانە بەم شێوەیەن، ئەگەر دەتوانن ئەنجامیان بدەن.

* راهێنانەکان بە خۆگەرمکردن دەست پێ بکە، وەکو ڕۆیشتنی ئاسایی و راکردن لە شوێنێکدا، دواتریش ئەو جۆرە راهێنانە لە ناوەڕاستی کاتی وەرزشکردنەکەت دووبارە بکەوە، بۆ ئەوەی توانای جەستەت بەدەست بهێنیتەوە.

* مەشقی ماسوولکە و شانەکان: لەسەر ئەژنۆت بوەستە و قاچەکانت لەدواوە بەرز بکەوە و لەیەکیان بئاڵێنە، تا جێگیریش بن باشە، دواتر دەست لەسەر زەوی دابنی و جەستەت بۆ سەرەوە بەرز بکەوە، تا قۆڵەکانت راست دەبن، جارێکیش وەرە خوارەوە لەگەڵ ڕاگرتنی پشتت بە راستی

*مەشقەکانی خوارەوەی پشتت، لەسەر سکت درێژبە و دەستەکانت بۆ پێشەوە درێژ بکە. دواتر دەستی راست و قاچی چەپت لە یەک کاتدا بەرز بکەوە و تا دەتوانی بەردەوام بە، تا ئەو کاتەی هەست بە پاڵەپەستۆیەکی سووک لە پشتت دەکەی، لەو بارەشدا بۆ ماوەی پێنج چرکە بمێنەوە، دواتر وەرە باری سەرەتا و دواتریش هەمان جوولّە بۆ دەستی چەپ و قاچی راستت ئەنجام بدە.



www.nalewe.com

(کارین کەمال): ئاواتمە لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق لە ئاستی پێشکەوتووتردا پلەی یەکەم بەدەست بێنم

"کارین کەمال جەلالەددین" قوتابی پۆلی پێنجەمی زانستییە لە ئامادەیی دهۆکی کچان و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ـی دهۆکە. ئەو یەکێکە لە کچە شەترەنجزانە دیارەکانی یانەی وەرزشی گارە و لە ئاستی کوردستان و عێراقیشدا ناسراوی، کە بەو تەمەنە بچووکەیەوە خاوەنی چەندین دەستکەوت و نازناوی وەرزشییە،جگە لەمەش ئەم یاریزانە بەشداری لە چەندین پاڵەوانیەتیی دەرەوە و ناوەوەی عێراق کردووە و ئەنجامی چاک و بەرچاوی بەدەست هێناوە.

"وارقین" ئەو کچە بەهرەمەندەی بە چەند پرسیارێک بەسەر کردەوە.

سەرەتا لە بارەی بەشداریکردنی لە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراقدا لە پاڵەوانیەتیی ڤێتنام کرد، گوتی: "وەکو یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق لەسەر ئاستی هەڵبژاردەکانی ئاسیادا بەشداریم لە پاڵەوانیەتییەکدا کرد، کە لە ولاتی ڤێتنامدا بەڕێوە چوو، کە نزیکەی دوو مانگ بەر لە ئێستا بوو، تێیدا ٢٨ وڵات بەشدارییان تێدا کردبوو، توانیمان پلەی هەشتەم بەدەست بێنین، کە ئەمەش بۆ ئێمە ئەنجامێکی باش و لەبارە بە هۆی ئەوەی زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق خەڵکی بەغدان و بارودۆخی ئەوێش زۆر لە بار و گونجاو نییە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێراق بە گشتی بەرەو باشتر بڕوات، ئەوا متمانەم بە یاریزانەکانمان زۆرە، کە بتوانن ئەنجامی لەوە باشتر لە داهاتوودا بەدەست بهێنن".

پرسیاری ئەوەمان لە کارین کرد، کە راستە ئەو بچووکترین یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە، ئەو لە وەڵامدا ئاشکرای کرد: بەڵێ، من لە نێو پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراقدا بچووکترین یاریزانم و تەمەنیشم ١٦ساڵە، کەچی هیچ یاریزانێکی دیکەی پێکهاتەکەمان لە هەڵبژاردەکەدا تەمەنیان لە ٢٠ ساڵ کەمتر نییە".

کارین تا ئێستا لە چەند یانەکدا یاری کردووە، لەوانەجش یانەکانی "دهۆک، مەتین، ئیتسالاتی بەغدا و گارە". ئەو کچە یاریزانە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەشداری لە پاڵەوانیەتیی یانەکانی عێراق کرد، کە لە شاری سلێمانیدا بەڕێوەچوو، لەوێشدا وەکو



خۆی دەڵێت "بە هۆی ئاستبەرزیمەوە منیان بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرد".

کارین تا ئێستا بەشداریی چەندین خول و پاڵەوانیەتیی شەترەنجی کردووە و هەردەمیش رکابەرێکی بەهێز بووە بۆ بردنەوەی نازناوەکان، ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت: "وەکو کچەیاریزانێک بەشداریم لە چەندین پاڵەوانیەتیی کردووە جا چ لە سەر ئاستی هەڵبژاردەکان بێت، یاخود لە ئاستی یانەکان، کە هاوکات پاڵەوانیەتییەکان ناوخۆیی و دەرەکی بوونە".

سەبارەت بەو ئەنجامانەشی کە تا ئێستا بەدەستی هێناوە، گوتی: لە دواپاڵەوانیەتی لە ولاتی ڤێتنام، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق پلەی هەشتەممان بەدەست هێنا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨ لەسەریەک لە ئاستی تەمەنە جیاوازەکاندا لە ئاستی عێراق و کوردستاندا پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ یانەی وەرزشی گارە بەشداریم لە پاڵەوانیەتیی یانەکانی عەرەبیدا کرد، کە لە ولاتی سوریا ئەنجام درا و تێیدا پلەی چوارەممان بەدەستهێنا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ یانەی ئیتیسالاتی بەغدا بەشداریم لە پاڵەوانیەتیی یانەکانی عەرەبی کرد، کە لە ولاتی لوبنان بەشداریم کرد و پلەی سێیەممان بەدەستهێنا و توانیشم دوو میدالیای برۆنز بەدەست بهێنم، جگە لەمە بەشداریم لە ئۆلمپیادی چین و پاڵەوانیەتی جیهانی کرد، کە لە ولاتی ئەڵمانیا ساز کرابوو، لەوێشدا توانیم بڕوانامەی ماستەر (CM) وەربگرم".

کارین ئاماژە بەوە دەکات، کە خۆشترین ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ یاریزانێکی جیهانی بووە، کە یاریزانێکی چینی بووە و تێیدا یارییەکەی دۆڕاند، بەڵام باسی ئەوە دەکات، کە سوودی زۆری لە ئەزموونی ئەو یاریزانە وەرگرتووە.

کارین کەمال بە یاریزانی بولگاری "پۆلگار" سەرسامە و پێی وایە یەکێکە لە باشترین یاریزانانی شەترەنج لە جیهاندا.

لە کوردستانیشدا ئاستی کچەیاریزان "چنار وریا" و لە یانەکانیش، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە دڵە.

لە پرسیاری ئەوەشی کە هیوا و ئاواتی بۆ داهاتوو چییە، کارین ئاشکرای کرد: "ئاواتمە لە پاڵەوانیەتیی یانەکانی عێراق لە ئاستی پێشکەوتووتردا پلەی یەکەم بەدەست بێنم.

کارین لە دواپەیڤیدا بۆ "وارڤین" گوتی: "داواکارم لیژنەی ئۆلمپیی هەرێمی کوردستان هەندێک بایەخ و گرنگی زیاتر بە یەکێتیی شەترەنجی کوردستان بدات، چونکە ئەم یەکێتییە لە ڕووی کار و چالاکییەکانیدا زۆر ئەکتیڤن، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری و هاوکاری بکرێن".

جێگەی باسە کچەیاریزان کارین کەمال ئێستا لە ولاتی (لیبیا)یە و لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقدا بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی شەترەنجی کردووە و تا ئێستاش یەک یاری ئەنجام داوە و سەرکەوتنی تێدا تۆمار کردووە، کە بەرامبەر هەڵبژاردی قەتەڕ بووە.



فۆتۆ: رەفیق شوکری

شیرپێدانی سروشتی و خۆراکی کۆرپەلە

هەولێر

زۆرجار پسپۆڕان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە دایک شیری خۆی بەمندالّ بدات، چونکە شیری مەمکی دایک، لەشەش مانگی یەکەمی مندالّ، یارمەتی سیستەمی بەرگری لەشی ساوا لەدژی نەخۆشی دەدات. هەروەها پێویستە مندالّ لەدوای کاتژمێری یەکەمی لەدایکبوونەوە تا تەمەنی دوو ساڵی، تەنیا شیری دایک، بخوات.

پێکهاتەکانی شیری دایک

شیری دایک، بڕێکی زۆر لەڤیتامین a. c. d تێدایە. ماددەیەکی تێدایە کە پێیدەڵێن لاکتۆفیرین، توانای بەرگری بەلەشی مندالّ دەبەخشێت. پڕە لەخۆڕەکەی سپی خوێن و زیندوو کە دەبێتە هۆی بەرگری بۆ مندالّەکەو لەنەخۆشی دەیپارێزێت و بەشێوەیەکی سروشتی ماددەی دژەتەنی تێدایە کە هیچ کارگەرییەک ناتوانێت لەشیری قوتوودا، دابینی بکات. پێکهاتەی شیری دایک، خۆراکێکی تەواو خاوێن و ئامادەیە. هەموو ماددەیەکی تێدایە، بڕێکی زۆر ئاوی تێدایەو ئەو مندالّەی شیری دایک دەخوات، پێویست ناکات ئاوی پێبدرێت. پڕۆتینی تێدایەو بەهیچ شێوەیەک زیان بەمندالّ ناگەیەنێت و ناهێلّێت مندالّ تووشی غازات و قەبزی بێت. جگە لەوەش شیری دایک، وەک دەرمان وایەو بڕێکی زۆری ڤیتامینات تێدایە. بەتایبەتی ڤیتامین ئەی کە بەرگرییەکی زۆر دەداتە کۆئەندامی هەناسەو کۆئەندامی هەرس کە ئەو دوو کۆئەندامە لەمندالّاندا زۆر تووشی نەخۆشی دەبن. بەتایبەتی ئەوانەی تازە لەدایک دەبن. هیچ جۆرە شیرێک بۆ مندالّ جێگەی شیری دایک ناگرێتەوە.

جیاوازی شیری دایک لەگەڵ شیری قوتوو

پلەی گەرمی شیری دایک، سی و حەوتە. وەک پلەی گەرمی لەشی دایکەو ماددەیەکی زیندووەو خڕۆکەی سپی خوێنی تێدایە کە بۆ تەندروستی مندالّ زۆر باشە. هەر بۆیەش بەشیری دایک دەڵێن، خوێنی سپی. هیچ کارگەیەک ناتوانێت بەهەمان پێکهاتەی شیری دایک شیر بۆ مندالّان دروست بکات. بەبڕوای د. دەرەخت، پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی ژنان، هەر دایکێک ئەم زانیارییانە بزانێت شیری خۆی دەداتە مندالّەکەی. پێویستە دایکان بزانن کە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە، ئەو مندالّانەی شیری دایک دەخۆن بەرێژەی ٩٠٪ لەمندالّانی تر کەمتر تووشی نەخۆشی دێن.

شیری دایک و کاریگەری لەسەر مندالّ

لەچەندین لێکۆڵینەوەدا کە لەسەر شیری دایک و مندالّی شیرەخۆر ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەو مندالّانەی شیری دایک دەخۆن هێمن و زیرەکترن. ئەوەش بۆ هەبوونی رێژەی پڕۆتین لەشیری دایکدا دەگەڕێتەوە کە یارمەتی گەشەی مۆخی مێشک دەدات و بۆ زیرەکی و ئارامی مندالّ کاریگەرە.

شیردانی کۆرپەی تازەبوو و ئازاری دایک

زۆرجار ئەو ژنانەی کە بەنەشتەرگەری مندالّیان دەبێت و ئازاریان هەیە. بەهۆی ئەو ئازارەوە لەسەرەتای لەدایکبوونەکەدا ناتوانن شیری خۆیان بەمندالّ بدەن. بەلّام بەڕای د. دەرەخت، شیردان بۆ خۆشیان بەسوود و ئاساییەودەتوانن شیر بدەن. ئەو دکتۆرە دەڵێت، من خۆم ئاگادارببووم کە زۆرجار دایک بەنەشتەرگەری کۆرپەی بووەو شیریشی هەرداوەتێ. ئەگەر دایک هۆشیار و رۆشنبیر بێت، درک بەوە دەکات کە شیر پێدانی کۆرپەلە لەلایەن دایکەوە سوودی بۆ دایکەکەش هەیە. ئەگەر دایکەکە گوێ مەمکی زوو لەزاری مندالّەکە دانا، ئەوا مندالّدانی گرژ دەبێتەوەو هۆرمۆنی (oxytocin hormone) دەرژێتەناو خوێنی دایکەکە. ئەگەر ئەو هۆرمۆنە رژا مندالّدان گرژ دەبێتەوەو دایکەکە ئەگەری خوێنی کەم دەبێتەوە. د.دەرەخت پێیوایە، جاران بەهیچ جۆرێک شیری قوتوو بەمندالّ نەدراوەو ئەگەر دایکەکە بەهەر هۆیەک نەخۆش کەوتبا، ئەوکات شیری خۆی بەمندالّەکەی نەدەداو دەچوو مندالّەکەی بۆلای ژنی دراوسێ یان ناسیارێکیان دەبرد تا شیری مەمکی ئەوانی پێبدات. بەلّام ئێستا دایکان ئەو خۆراکە گرنگە بۆ مندالّان پشتگوێ دەخەن.

شیردان و ئازاری مەمکی دایک

هەندێ دایک لەکاتی شیردانداتا ئاماژە بەهەبوونی ئازاری مەمک دەکەن. د.دەرەخت، دەڵێت راستە لەسەرەتادا دایک ئازاری هەیە. بەلّام دەبێ دایک ناچار بکریت بۆماوەی سێ رۆژ ئەو ژەکەی کە هەیەتی بیدات بەکۆرپەو بەمەش کۆرپەکە سوودی لێوەردەگرێت و قایم دەبێت. چونکە ژەک، دژەڤایرۆس و پڕۆتینێکی زۆر بەهێز و پتەوی تێدایە کە مندالّەکەی پتەودەکات و بەرگری پێدەدات و لەنەخۆشی دووری دەخاتەوە. دەبێت تا شەش مانگ بەبەردەوامی تەنیا شیری دایک بێ هیچ شتێک واتە، بەبێ ئاو، قەنداو، مەمەو بێ مەمەی وشک، تەنیا گوێ مەمکی دایک بچێتە زاری کۆرپەلە. دەبێت دوو ساڵ بەبەردەوامی مندالّ شیری دایک بخوات، ئەوە جگە لەسوود بۆ مندالّەکە بۆ دایکەکەش بەسوودەو پاشان

www.metewe.com

منداڵەکەش دەبێت لەدوای شەش مانگییەوە خۆراکی دیکەی پێبدرێت.

شیردان و خشتەی رۆژانە

یەک کاتژمێر دوای هاتنە دونیا دەبێت منداڵ، شیری پێبدرێت. ئەو کاتانەی کە منداڵ گریا پێویستە دایک مەمکی پێببات. لەشەوو رۆژێکدا پێویستە دوانزەجار شیر بەمنداڵ بدرێت. ئەگەر دایک بەهەر هۆکارێک پێویستبوو بڕواتە دەرەوە، دەبێت شیری خۆی بدۆشی لەکوپێکدا دایبنێت و لەژوورێک کە کەشوهەوای گونجاوبێت، تا هەشت کاتژمێر دوای دەرهێنان لەمەمکی دەتوانرێت بەمنداڵ بدرێت. دەبێت ئەو شیرە بەکەوچک بەمنداڵ بدرێت نەک بەمەمە، چونکە ئەوە وادەکات منداڵ، واز لەمەمکی دایک بهێنێت، کەچی بەداخەوە ئەو هۆشیاریییە لەلای ئێمە نییە. ژنی ئێمە کە دەچێتە لای پزیشک ئەم کۆرپە ساوایەش دەبات و دوایی نەخۆش دەکەوێت.

هۆکاری کەمبوونی شیری دایک

زۆرن ئەو ژنانەی کە پێیانوایە شیریان کەمەو کۆرپەکانیان تێرنابن، بەڵام پسپۆران پێیانوایە ئەمە بۆ کەمتەرخەمی دایک لەشێوازی شیرپێدانیان بەکۆرپەلە، دەگەڕێتەوە. چونکە پێویستە لەشەوو رۆژێکدا دوانزەجار شیر بەکۆرپە بدرێت بۆ ئەوەی لەشی بەخێرایی گەشە بکات. زۆرجار ئەگەر دایک بەڕێکی شیر بەکۆرپە بدات، شیری تازە لەناو مەمکیدا دروست دەبێتەوەو بەهیچ شێوەیەک کەم ناکات. کە منداڵ شیری دایک دەخوات هۆرمۆنی پرۆلاکتین وادەکات دایکەکە شیری بۆ دروست بێتەوە. بەڵام ئەگەر شیر بەمنداڵەکە نەدرێت بەتایبەت شەوان شیری دایک کەمتر دەبێتەوە، بەتایبەت لەمنداڵی تازە لەدایکبوو، چونکە گەدەی بچووکە زوو تێر دەبێت و زوو برسی دەبێتەوە. بۆیە دەبێت دایک پشوودرێژ بێت و نابێت هەست بەبێزاری و ماندویەتی بکات.

دایکی شیردەر و گەورەبوونی مەمک

سەبارەت بە گەورەبوونی مەمکی دایک، لەکاتی شیرداندا د.دەرەخت، دەیخاتەروو کە ئەوە هیچ ئەسڵی نییە. زۆرجار دایک واهەست دەکات، بەپێچەوانەوە منداڵ کە شیری دایکی خواردۆتەم مەمکە شیر دروستدەکات و چەوری زیادەی لەش دەتوێتەوەو پرۆتین و کاربۆهیدرات لەدایکەکە وەردەگیرێت. بەمەش کێشی دایک کە بەهۆی سکەوە بەرز ببوو دادەبەزێت و دایکەکە وەک پێشتر لەشی رێکدەبێتەوەو مەمکەکانی رێکدەبن و چەوری زیادەی لەشی نامێنێت. لەلایەنی زانستیشەوە کە منداڵ شیر دەمژێت ئەم ماسوولکانەی مەمک کرژدەبێت و تووندەبێتەوەو لەشلبوون، دوور دەکەوێتەوە. جگە لەوەش شیرپێدانی سروشتی دەبێتە هۆی کرژبوونەوەی منداڵدانی دایک و لەلایەنی دەروونییەوە دایک هەست بەئارامی دەکات کە شیر دەداتە منداڵەکەی و کەمتر تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبێت. فیزیۆلۆژی لەشی دایک ئارامی بەخۆیەوە دەبینێتەوە، بۆیە گرنگە دایک شیری خۆی بەمنداڵەکەی بدات.

دایکان و گرفتی مەمک

هەندێکجار دایک یەک گوێ مەمکی هەیەو ئەویتری نییە. بۆیە، دەتوانێت بەر لەمنداڵبوون بەهۆی مەساج و مەمکمژەوە گوێ مەمکەکەی راکێشێت و بەمەش گوێەکە دەردێت، خۆ ئەگەر گوێ دایک دەرنەکەوت ئەوا گرفت نابێت و منداڵ بەیەک مەمک تێر دەبێت. دایکان لەکاتی شیرداندا دەبێت هەردوو مەمکی خۆیان بەکاربهێنن.

خۆراکی دایک و بەرهەمهێنانی شیری زیاتر

زۆرجار دایک وادەزانێت ئەگەر هەندێ جۆری خۆراک بخوات منداڵەکەی تووشی غازات دەبێت. ئەوەش لەبنەڕەتدا راست نییە، چونکە ئەو خۆراکانەی کە دایک دەیخوات دەچێتە ریخۆڵەو ماددەکە دەبێتە خوێن و شیریش لەخوێنەکەوە دروستدەبێت. مەمکی دایک، وەک کارگە دروستی دەکات، بۆیە هیچ پەیوەست نییە بەجۆری خۆراکی وەک، پیاز و فاسۆلیاو پاقلەمەنی. هەرچی دایک حەزی لێیە دەبێت بیخوات و گرنگی بدات بەخۆراکی جۆراوجۆر و ئاویش زۆر بخوات لەگەڵ شیر و سەوزەو میوە. هەروەها پاقلەمەنی و گۆشت و پرۆتین بخوات. جگە لەوەش کۆمەڵەی کاربۆهیدرات و نان و نیشاستەکان بخوات و گرنگییان پێبدات. کۆمەڵەی پرۆتینات و مریشک بخوات و سەوزەو میوە لەخۆراکی سێ ژەمەی دابێت و نابێت بڵێت ناخۆم نەوەک قەڵەو بم، چونکە لەشی پێویستی پێیەتی. دەبێت سەرچاوەکانی ماددەی ئاسن زۆر بخوات، چونکە لەتووشبوون بەکەمخوێنیەوە ڕێگرە. کە دایکی شیردەر خوێنی کەمبوو ماددەی ئاسنی کەم دەبێت، بەمجۆرە منداڵەکەش تووشی کەمخوێنی دەبێت.

منداڵی شیرەخۆر و دایکی دووگیان

بەشێوەیەکی سروشتی دایکی شیردەر نابێت تا دووساڵ بێڵێت منداڵی ببێت، چونکە منداڵەکەی ساوایەو جەستەی خۆی پێویستی بەپشوودان و گەڕانەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی خۆی هەیە. بەڵام زۆرجار هەندێ لەدایکان بەبیانووی دووگیانی و پیسبوونی شیرەکانیان منداڵەکانیان لەشیرخواردن دەکەنەوە، بەڵام دەرخەست

ئەم قسانە رەتدەکاتەوە دەڵێت:"ئەو قسانە هیچ بنەمایەکی زانستی نییەو دایک دەتوانێت لەسەر شیردانی منداڵەکەی بەردەوام بێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دایک، پێویستی بەخۆراکە بۆ منداڵەکەی ناوسکی و لەهەمانکاتیشدا شیردەرە، بۆیە دەبێت لەو حاڵەتانەدا خواردنی زیاتر بخوات".

منداڵەکانم گرفتیان نییە

شنۆ موحسین، ژنی ماڵەوەیەو دانیشتووی شاری هەولێرە. ئەو خاوەنی دوو منداڵەو هەردووکیانی بەشیری خۆی گەورە کردووە"منداڵەکانم لەشساغ و بێ گرفتن". تەلار حەمید، ژمێریارەو گوتی:"مەمکم یەک گۆی هەیەو پێنج منداڵیشم بەخێوکردووە".

شیری دایک و ڕێگرتن لە سکپڕی

زۆرجار دایک دەڵێت، مەمکم شیری تیدایەو ئەوە ڕێگرە لەبەردەم سکپڕیم. ئەوە پەیوەندی بەماددەی پڕۆلاکتینەوە هەیەو ئەو ماددەیە وادەکات هێلکەدانەکان هێلکە دروست نەکەن و شتێکی زانستییە. بۆیە د.دەرخەست جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەگەر دایک ماوەی شەش مانگ بەڕێکی شیری خۆی بەمنداڵ دا، ئەوا لەو ماوەیەدا سکی پڕ نابێت.

ئەو ژنانەی کە منداڵیان دەبێت و دەمرێت، بۆ وشکبوونی ماددەی پڕۆلاکتین، پێویستە چارەسەر وەربگرن. دوای منداڵبوونیش سووڕی مانگانەو کەوتنەسەر خوێن، لە کەسێک بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت، ئەوەش شتێکی ئاساییە، بەڵام زۆربەی ژنان ئەگەر شیری خۆیان بەدەن سووڕی مانگانەیان تا شەش مانگ نابێت. ئەوەش بۆ زۆری ڕێژەی پڕۆلاکتین دەگەڕێتەوە کە بۆ لەکارکەوتنی هێلکەدانەکان هۆکارە. ئەوکاتەی هێلکەدانیش لەکارکەوت سووڕی مانگانە ڕووندات.

نەخۆشییەکانی دایک و پیسبوونی شیری مەمک

بەگشتی هیچ نەخۆشییەکی دایک نابێتە هۆی پیسبوونی شیر و تووشبوونی منداڵ بەنەخۆشی، تەنیا ئایدز نەبێت کە ئەویش لەسکی دایکدا کۆرپەکە بەهۆی خوێنەوە لەکاتی خولقان توشی دەبێت. هەموو دایکێک دەتوانێت شیری خۆی بەمنداڵەکەی بدات. لەکاتی قڵیشانی گۆی مەمکی، دایک دەتوانێت هەر بەشیری خۆی گۆیەکە چەور بکات بەمەش چاک دەبێتەوە.

www.netewe.com

تووڕەبوونی مەمک Cysts

هەولێر

پزیشکێکی شارەزا لەبواری نەخۆشییەکانی ژن، رایگەیاند کە ژن دەتوانن بە پشکنین لەڕێگای دەستەوە دروستبوونی کیسی مەمکیان بدۆزنەوە، چونکە لە کاتی دۆزینەوەدا هەست بەشتێکی نامۆ دەکەن. لەوکاتەدا پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆر بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

تووڕەبوونی مەمک چییە؟

تووڕەبوون یان کیسی ئاو، یەکێکە لەو نەخۆشییانەی کە هەموو ژنێک ئەگەری تووشبوونی هەیە. بەشێوەیەکی ئاسایی لەمەمکەوە دەردەچێت وەرەمێکی پاکەو پڕ لە شلەیە کە لەئەنجامی کشاندن یان پچراندنی یەکێک لە جۆگەکانی شیرەوە پەیدا دەبێت. لەوانەیە تووڕەکەیەک یان چەند تووڕەکەیەک لە یەکێک لە مەمکەکاندا دەربکەون، یان لە هەردووکیاندا.

چێکی تەمەن بیست و نۆ ساڵە. دڵگرانی خۆی بەهۆی ئەو کیسە ئاوە دەردەبڕێت کە بۆ جاری سێیەمە لەمەمکی دروست دەبێت. فێنک، کە دانیشتووی شاری هەولێرە دەڵێت هەرچەندە ئازارم زۆر نییە، بەڵام تووشی دڵەراوکێی کردووم. ئێستا پزیشکەکەم بەرێگەی دەرمان خەریکی لەناوبردنی

نیشانەکانی

پزیشکی شارەزا لەنەخۆشییەکانی ژنان، رایدەگەیەنێت کە ژنان خۆیان دەتوانن لەماڵەوە بە ڕێگای دەستلێدان ئەم کیسە بدۆزنەوەو لەکاتی دەستلێدانیدا هەست بەشتێکی نامۆ دەکەن. لەوکاتانەدا پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر لەو قۆناغەش تێپەڕیبوو ئەوا لەڕێگای زەرعەوە دەستنیشان دەکرێت. بۆیە، پشکنینی ژنان بۆخۆیان بە خاڵێکی گرنگ دەزانێت . د. تاڤگە یوسف موتەلیب، باس لەوەدەکات کە ئەم کیسانە ژانی لەگەڵدا نییە، دیوارەکانی کیسەکە ڕوون نییەو هەندێکجار دەردراوێکی خوێناوی لێ دێت و قەبارەی مەمک، بەهۆی کیسەکەوە گەورە دەبێت. هەروەها ڕەنگی مەمک، دەگۆڕێت و گۆڕانی لێ ڕوودەدات. زۆرجاریش ئەم کیسانە ئەگەری ژیانەوەیان هەیە.


چۆن تووڕەکەکە دەبینرێت:

– بەهۆی دەستلێدانەوە، وەک تۆپێکی بچووک وایەو دەزانرێت و هەستی پێدەکرێت.

– لەڕێگای سۆنار کە لەشێوەی بازنەیەکی ڕەشدا لە سنووورێکی دیاریکراوەوە دەردەکەوێت.

٣ جار تووشی کیسە بووم

کچێکی تەمەن بیست و نۆ ساڵە. دڵگرانی خۆی بەهۆی ئەو کیسە ئاوە دەردەبڕێت کە بۆ جاری سێیەمە لەمەمکی دروست دەبێت. فێنک، کە دانیشتووی شاری هەولێرە دەڵێت هەرچەندە ئازارم زۆر نییە، بەڵام تووشی دڵەراوکێی کردووم. ئێستا پزیشکەکەم بەرێگەی دەرمان خەریکی لەناوبردنی کیسەکانە. بەگوتەی خۆی لەتەمەنی ٢٥ ساڵیشدا جارێکیتر دووکیسی ئاو لەمەمکی هاتووە، بەڵام پزیشکەکەی بەدەرزی لەناوی بردووە. لینا، ژنێکیترە لەو ژنانەی دوچاری دروستبوونی کیسی ئاو لەمەمک بووە. ئەو تەمەنی ٣٧ ساڵەو ٣ منداڵی هەیە. کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکەی بڕیاریانداوە منداڵی چوارەمیان ببێت، ئەو کیسە بووەتە ڕێگر. وەک باس دەکات پزیشکەکەی هۆکاری دروستبوونی کیسەکانی گەراندۆتەوە بۆ قەڵەوی جەستەیی و ڕێژەی چەوری لە لەشیدا، ئەوەش هۆکارە بۆ توشبوون بەکیس،



www.netewe.com



بەڵام لینا، ماوەی نۆسااڵیشە حەبی مەنعی نەخواردووە. لینا، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەگەڵ ئەوەی کیسی لە مەمک هەیە، بەڵام هەست بە هیچ ئازارێک ناکات.

هاوکات جوان جەمال، دەڵێت:"من نە قەڵەوم و ئەو خۆراکانەش ناخۆم کە چەورن، بەڵام کیسی ئاو لەمەمکم دروستبووە. من بێنوێژیشم تەواونییەو هۆرمۆنی نێرینە لەجەستەم زیادبووە. جوان، کە تەمەنی بیست وچوارسااڵە. وەک باسیدەکات پزیشکەکەی پێیگوتووە پێویستە یەکەمجار هۆرمۆنە زیادەکەی لەناوببات دواتریش کیسەکە.

هۆکاری پەیدابوونی

د. تاڤگە یوسف موتەلیب، شارەزا لە نەخۆشییەکانی ژن و دەروونی دەڵێت، پەیدابوونی تووڕەکە لەمەمکی ژنان، بەهۆی کەمبوونی هۆرمۆنی پرۆجیسترۆن لە ژنی بەساڵاچوو دروست دەبێت، بەڵام ئەو ژنانەی کە شیری مەمکیان بە منداڵ دەدەن زۆرجار ئەگەر دەمی منداڵەکە تووشی هەوکردن هاتبوو، هەوکردنەکە بۆ مەمکی دایکەکە دەگوازرێتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی لاوەکی بۆ تووشبوون.

گوتیشی:"بەگشتی کیسی ئاو زیاتر لەتەمەنی منداڵ دروستکردندا پەیدادەبێت و زۆربوونی هۆرمۆنی پرۆلاکتین هۆکارێکە بۆ تووشبوون بەم نەخۆشییە. بۆیە، زۆرجار تووڕەکە لەناکاودا ون دەبێت و لەسووڕی مانگانەی دواتردا سەرهەڵدەداتەوە. ئەمەش وایکردووە قەبارەی تووڕەکە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز بێت.کاتێک ئەو شلەیەش بەر پەستان دەکەوێت ئازاری پێدەگات. جگە لەوەش بۆماوەیی کاریگەری لەسەر دروستبوونی هەیەو هەوکردنی خانەکانی مەمکیش کاریگەرن بۆ تووشبوون. ئەم پسپۆرە دڵەڕاوکێ، خواردنی چەوری زۆر، وەرزشنەکردن و کاریگەری ژینگە بەگشتی و تەکنەلۆژیای سەردەم، بەهۆکاری یارمەتیدەری تووشبوون بەو نەخۆشییە دەزانێت. هەروەها ترسان لەو نەخۆشییەو نەخۆشییەکانی تریش، بەهۆکاری کەمکردنەوەی بەرگری لەش بەرامبەر بەنەخۆشی دادەنێت.

چارەسەر

د. تاڤگە، کەسانی تووشبوو بەکیسی مەمک دڵنیا دەکاتەوە کە ئەم نەخۆشییە چارەسەری هەیەو دەڵێت، ئەگەرکیسەکە بچووک و بێ ئازاربوو بەدەرمانی گونجاو چارەسەر دەکرێت. ئەگەر گەورەو بە ئازاربوو شلەکەی لەرێگەی کونکردن بە دەرزییەوە تێدا ناهێڵدرێت. ئینجا شلەکە دەنێردرێتە تاقیگە بۆ شیکردنەوەو دڵنیابوون. بوونی کیس پێویستی بە نەشتەرگەری نییە ئەگەر بەرێگەی سۆنار دیارکەوت، بەڵام ئەگەر دیارنەبوو دەبێت دەربهێنرێت و لە تاقیگە پشکنینی بۆ بکرێت. ئەگەر هۆکارەکەی هۆرمۆن بێت، ئەوا بەدەرمانی لەناوبردنی هۆرمۆن چاک دەبێت. بۆیە، پێویستە ژنانی توشبوو نیگەران و ڕاڕانەبن، چونکە ڕاڕایی کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستییان دەبێت. ئەم پسپۆرە ئاماژە بەهەندێ نەخۆش دەکات کاتێک زانیویانە کیسیان هەیە بیرۆکەی خراپیان لادروستبووەو پێیانوابووە ژیانیان لەمەترسیدایە. د. تاڤگە، شێوازی ئاگادارکردنەوەی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە بەگرنگ دەزانێت و دەڵێت:"پێویستە بەشێوازێکی گونجاو نەخۆش لەبارودۆخی نەخۆشییەکەی ئاگادار بکرێتەوە، تا نەخۆش توشی بێئومێدی نەبێت". لەگەڵ ئەوەشدا کەمکردنەوەی خۆراکی چەوری و دابەزاندنی کێش و خواردنی سەوزەو میوە، بە گرنگ دەزانێت.

لەولەب، ڕێگایەکی تری دژە سکپڕی

هەولێر

لەم سەردەمەدا ژنان، بۆ ڕێگرتن لەسکپڕی چەندین ڕێگا دەگرنە بەر کە بەکارهێنانی (دەرزی، حەب، لەولەب، بەرگری تەبیعی) لەخۆ دەگرێت. ئەگەر باس لەڕێگاکانی ڕێگرتن لەسکپڕی بکەین، دەتوانیین بڵێین لەدوای بەکارهێنان و خواردنی حەبی دژە سکپڕی، بەکارهێنانی لەولەب یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە کەمترین کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر منداڵدانی ژنان.

لەولەب چییە؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نەزۆکی د. تریفە یوسف، دەڵێت:" لەولەب، بریتیە لەئامێرێکی بچووک کە لەمادەی پلاستیک دروستکراوەو چەندین جۆری هەیە، لەلایەن پزیشکەوە بۆ ماوەی ساڵێک یان زیاتر وەک ڕێگەیەک بۆ ڕێگرتن لە سکپڕی بەکاردەهێنرێت. لەڕێگەی دوو پەتکەوە کە بەدەرەوە دەنووسێت، ملی منداڵدان دەبڕن و لەمنداڵدانی ژنانی دادەنێن و دەتوانرێت بەپەنجە هەستی پێ بکرێت".

لەولەب و ڕێژەی سکپڕبوون

پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی ژنان پێیانوایە لەولەب، هۆکارێکی زۆر گرنگی دژە سکپڕییەو لەدوای حەب دێت، بەشێوەیەک کە دەتوانرێت بەڕێژەی(٪٩٨ بۆ ٪٩٩) ڕێگری لەسکپڕی بکات. سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگە بە ژن دەدات بە ئاسوودەیی کرداری سێکسی خۆی بکات. هەندێک جۆریان بەهۆرمۆنی پرۆجیسترۆن داپۆشراوەو هەشیانە سادەیە. ئەم ئامێرە بۆ ڕێگرتن لەدروستکردنی منداڵ، لەناومنداڵدانی ژن دادەنرێت.

چۆن کار دەکات؟

ئەم جۆرەی ڕێگری لەسکپڕبوون بەشێوەیەک کاردەکات کە ڕێگە لەتۆی پیاو دەگرێت و ناهێڵێت بچێتە ناو منداڵدان، بەمەش ڕێگە لەدروستکردنی منداڵ دەگرێت.

لایەنە خراپەکانی:

ئەگەرچی لەولەب، چەند خاڵێکی خراپی هەیە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لێی دوورکەوینەوەو وازی لێ بێنیین. بۆیە د. تریفە یوسف، گوتی:

- بەهۆی زیادبوونی هەوکردنی منداڵدان لەوانەیە ژنەکە تووشی هەوکردنی جۆگەکانی فالوب بکات.
- هەندێکجار کاریگەری لەزیادبوونی خوێنی سووڕی مانگانەدا هەیە یان ئەگەری ئەوە هەیە لەنێوان سووڕی مانگانەیەک و ئەویتردا کەوتنەسەر خوێن ڕووبدات.
- هەندێکجار لەکاتی دانانیدا، منداڵدان کون دەبێت.
- کەوتنی لەولەب، یان هاتنەخوارەوەی دەبێتە هۆی سکپڕبوون و بەمەش هەوڵەکان بێسوود دەبن.

لایەنە باشەکانی:

- ڕێگایەکی کاریگەرە لەدژی سکپڕی.
- بەڕێژەی ٪٩٨ بۆ ٪٩٩ وادەکات ڕێگە نادات کە بەکارهێنەرەکەی دووگیان بێت.
- دەتوانرێت دواتر بەخێرایی و بێ کێشە لابببرێت.
- کێشە بۆ کرداری سێکسی دروست ناکات.

بۆ کێ باشە؟

بەگشتی هەموو ژنێک دەتوانێت لەولەب بەکاربهێنێت، بەڵام زیاتر بۆ ئەو کەسانە باشە کە نەخۆشن و ناتوانن حەب بخۆن، دەرزی لێبدەن یان لەسەرووی تەمەنی ٣٥ ساڵییەوەن، یان جگەرەکێشن.

کێن ئەوانەی کە ناتوانن لەولەب، دابنێن؟

- لەولەب، بۆ ئەو ژنانەی کە هێشتا منداڵیان نەبووە نابێت بەکاربهێنرێت، چونکە لەوانەیە توشی نەزۆکیان بکات.
- ئەوانەی کە تووشی هەوکردنی منداڵدان هاتوون.
- ئەوانەی سووڕی مانگانەیان زۆرە، واتا خوێنێکی زۆر دەبینن.
- ئەوانەی منداڵدانیان تووشی گرێ هاتووە.
- ئەو ژنانەی تووشی جۆرێک لەهەوکردنی ئەندامی زاوزێ هاتوون.

چۆن لە دانانی دڵنیابین؟

هەر لەولەبێک کە دادەنرێت بۆ ژنان پەتێکی باریکی پێوەیەو بەسەیرکردن و پشکنینی لەلایەن پزیشکەوە دەتوانرێت بزانرێت لەجێی خۆیتی یان نا. ئەگەر هەست بەبێتاقەتی و ئێش و ئازار کرا مانای وایە کێشەی هەیە. لەکاتی زیادبوونی خوێنی سووڕی مانگانەدا لەوانەیە لەولەب، لەشوێنی خۆی نەمێنێت و بکەوێتە ناو لەش، بۆیە دەبێ لەدوای دانانی لەولەب، بەمانگێک سەردانی پزیشک بکرێت. دوای ئەوەش شەش مانگ جارێک ئەگەر باش بوو بکرێتە ساڵی جارێک.

لەم حاڵەتانەدا بەکار ناهێنرێت

www.netewe.com

- ئەگەر منداڵدان تووشی تێکچوونی سکماکی ببێت و لەوڵەبەکە فرێبداتە دەرەوە.
- لەحاڵەتی هەڵئاوسانی پەردەی منداڵدان.
- ئەگەر هەندێک ئەندامی زاوزێ تووشی شێرپەنجە بووبێت، یان پاش پشکنین و تۆرین گومان لەبوونی چەند خانەیەکی شێرپەنجەیی بکرێت.
- ئەگەر ئامادەباشی ژنەکە بۆ تووشبون بەنەخۆشییەکانی زێ دەرکەوت.(واتا ژنەکە ئامادەیی تووشبونی بەنەخۆشییەکانی زێی هەبوو).
- ئەو ژنانەی لەکاتی کەوتنەسەر خوێن زۆریان پێدەچێت، لەوانەیە لەوڵەبەکە ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی بارەکە.
- ئەگەر منداڵدان زۆر کراوەبوو.
- دوای منداڵبوون بەسێ مانگ نابێت بەهیچ شێوەیەک لەوڵەب، دابنرێت تا منداڵدان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی و قەبارەی سروشتی خۆی وەردەگرێتەوە.
- پاش لەبارچوونی کۆرپەلە دەبێت دوو سووڕی مانگانە ببینرێت، ئینجا لەوڵەب دابنرێت.

دەبێ ئەم خاڵانە رەچاو بکرێت

لەکاتی دانانی لەوڵەب منداڵدان گرژ دەبێتەوە. بۆیە، ئەو خوێنبەربوونەی کە هەیە خۆی پاش دوو سووڕ یان سێ سووڕی مانگانە نامێنێت. ئەگەر خوێنبەربوونەکە زۆر بوو یان ئازاری لەگەڵدابوو، دەبێت سەردانی پزیشک بکرێت، چونکە نیشانەی بوونی هەوکردنە یان تووشبوونی ناوپۆشی منداڵدان بەنەخۆشی. ئەگەر رێژەی خوێنبەربوونەکە زۆر بوو، دەبێت بەزووترین کات سەردانی پزیشک بکرێت.

لەوڵەب و شێرپەنجەی منداڵدان

سەرەڕای ئەوەی کە تائێستا هیچ زانیارییەک لەرێگەی دانانی لەوڵەبەوە ئامارەی بەئەگەری تووشبوونی شێرپەنجە نەکردوە، بەڵام زۆرجار پزیشک لەبەکارهێنانی لەوڵەب بۆ ئەو ژنانەی کە لەدوای پشکنینی نۆرینگە دەرکەوتووە کە خانەی ناسروشتی لەمنداڵدانیاندا هەیە، خۆی بەدوورەدەگرێت. لەکاتی دانانی لەوڵەب، پێویستە هیچ (ئەنتی بایۆتیک) جۆرێکی دژەزیندە بەکارنەیەت. چونکە ئەو جۆرە دەرمانە چالاکی لەوڵەب، کەمدەکاتەوەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەوکردنی ناوپۆشی منداڵدان.


هەروەک چۆن ئیسپرین مەترسی سکپڕبوون زیاتر دەکات، بەوەی کە ئەگەر ژن چارەسەری دژی هەوکردنی بەکارهێنا، بۆیە دەبێت زۆر هۆشیار بێت و ئاگاداری خۆی بێت.

جۆرەکانی

لەوڵەب، چەندین جۆری هەیە. بەشی زۆریان لەماددەی مس پێکهاتوون، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیەو پزیشک خۆی بەگوێرەی پێکهاتەی منداڵدانی ژن بەکاری دێنێت. چونکە هەندێکیان بۆ هەموو ژنێک دەبن و هەندێکی دیکەیان تەنیا بۆ منداڵدانی بچووک دەبن و هەندێکیتریان تایبەتە بەمنداڵدانی دەرچە گەورە. ئەو ژنانەی کە کەوتنەسەر خوێنیان زۆر بەئازار و درێژخایەنە، ئەوا لەوڵەبێکی بۆ دادەنرێت کە بەهەر دوو هۆرمۆنی پرۆجیسترۆن و ئیسترۆجین تێر بێت، پاش ئەوەی پزیشک پشکنینی تەواو بۆ ژنەکە دەکات خۆی بڕیاری دانانی جۆرێک لە لەوڵەب، دەدات کە لەگەڵی بگونجێت.

چۆن دادەنرێت؟

دانانی لەوڵەب لەمنداڵداندا کردارێکی خێرایەو ئازاریشی کەمە. کاتێک سەردانی پزیشک دەکرێت، پزیشک خۆی پشکنینی تەواوی بۆ ئەنجامدەدات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە هیچ رێگرێک لەدانانی لەوڵەبەکەدا نییە. ئینجا جۆری ئەو لەوڵەبەی بۆ دیاریدەکات کە بۆی دەگونجێت. لەگەڵ ئەوەش چارەسەر بۆ نەخۆشییە درمەکان دەنووسێت و پێش دانانی لەوڵەبەکەش بەشەش رۆژ ژنەکە دژەزیندەیی (ئەنتی بایۆتیک) لەرێگای دەم و زێوە وەردەگرێت. دانانی لەوڵەبیش لەنێوان رۆژی سێهەم و رۆژی دەهەمی کەوتنەسەر خوێن دادەنرێت. دەبێت پزیشک راستەوخۆ پاش کەوتنەسەر خوێن نەخۆشەکە ببینێتەوەو لەوڵەبەکە بەهۆی مەقاشێکی تایبەتەوە دەخرێتە ملی منداڵدانەوە لەپاش دانانی دوو پەتکی درێژی لێوە شۆر دەبێتەوەو ملی منداڵدان بەرەو زێ، دەبڕن. بەهۆی دانانەکەوە خوێنبەربوونێکی کەم روودەدات. ئەوەش شتێکی ئاساییەو دوای کەوتنەسەر خوێن پێویستە ئافرەتەکە سەردانی پزیشک بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەتەواوی لە شوێنی لەوڵەبەکە دڵنیا بێت. هەروەها پزیشک پەتەکان کورت دەکاتەوە، تا لەکاتی پەیوەندی سێکسی ناڕەحەتی نەکات.



تاماوەی دوو یان چوار ساڵ دەتوانرێت لەوڵەب، دابنرێت. دواتریش بەپێی جۆری لەوڵەبەکە پزیشک خۆی بڕیاری لابردنی لەوڵەب،ە کۆنەکە دەدات.

شیرین هادی، تەمەن ٣٧ ساڵ، فەرمانبەرەو دانیشتووی گەڕەکی روناکییە لەوبارەیەوە گوتی:"سێ منداڵم هەیەو ماوەی ساڵ و نیوێکە لەوڵەبم داناوە، تائێستاش هیچ گرفتم بۆ دروست نەبووەو زۆریش ئاسوودەم.

شەهلا توفیق، کە خوێندکاری زانکۆیەو تەمەنی بیست و هەشت ساڵە، دەڵێت خاوەنی دوو منداڵم و ساڵێک بەر لەئێستا ویستم لەوڵەب، دابنێم کەچی دکتۆرە بۆمی داناو دوایی منداڵدانم وەرینەگرت نەگرت، ئینجا وازم هێناو گەرامەوە سەر خواردنی حەبەکەم و ئەوم پێ باشتر بوو. شلێر باپیر، مامۆستایەو دەڵێت یەک منداڵم هەیەو ماوەی دوو ساڵ زیاترە لەوڵەبم داناوەو پێشتریش حەبم دەخـــوارد، ئێستاش لەم ماوەیە لەوڵەبەکەم دەردەهێنم و بۆ ماوەیەک بەرگری ئاسایی دەکەم. دواتریش رێگایەکی تر بەکاردێنم. شلێر، گوتی "هەموو رێگاکان چاکی و خراپی خۆیان هەیەو منیش هەوڵدەدەم گرفتم بۆ دروست نەبێت و خۆمیان لێدەپارێزم".



شیلان یاسین

www.nalewe.com

food magazine

بیکاتا

چێشتخانە



ئامادەکردنی:
(پشتیوان کۆیی)
ریستۆرانتی (نیوستی)

بیکاتا

چۆنیەتی ئامادەکردن

پەنیرەکە دەخرێتە ناو تاوەیەک تا سوور دەبێتەوە، پاشان سنگ و کوارگەکەی تێدەکرێت بۆ ماوەی ٨ خولەک. ئینجا شیر و ئاردەکەی بەتێکەڵکراوی بەسەردا دەکرێت، پاش ٢ خولەک خامەکەشی تێدەکرێت و بەچاکی تێکەڵ دەکرێت، ئینجا بۆ گۆڕینی ڕەنگ و تامەکەی ساس و ئاو سێوەکەی تێدەکرێت. ماوەی ٥ خولەک لەسەر ئاگرێکی مامناوەندی دەبێت، پاشان دەخرێتە ناو بەلەمێکی گەورە، لەدەوروبەری بەلەمەکە خەیار و تەماتەو بیبەر و لیمۆ و گێزەر دادەنرێت، بەمشێوەیە خواردنی یەک کەس ساز دەبێت.

کەرەستەکان

٢٥٠ گرام سنگی مریشک
٢٠٠ گرام کوارگ
یەک پەرداخ ئارد
یەک کوپ شیر
٤٠گرام خامە
٣٠گرام پەنیر(ئۆنا)
ساس_ئاوی سێو

هەموو ژمارەیەک لە وارگین خواردنێک فێربە

www.peteyo.com

زیرەکترین هاکەری ئەمریکا دیاریکرا

کۆمپانیای SANSی پسپۆر لەبواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئەمریکا، لەچەند هەفتەی پێشوو پێشبڕکێیەکی بۆ هاکەرەکانی ئەو وڵاتە بەمەبەستی دامەزراندنیان بە (پسپۆری ئاسایشی تۆری ئێنتەرنێت) لە کۆمپانیاو دامودەزگا هەستیارەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامدا.

مەبەست لەم پێشبڕکێیە دەستنیشانکردنی لاوازی سیستەمەکانی کۆمپیوتەر بوو، تا بەزانینی ئەو لاوازیانە بتوانرێت بەرگری لەسیستەمەکانی خۆیان لەبەرانبەر هاکەرەکانی جیهان بکەن، تا لەمەترسی هاکەرەکانی جیهان رزگاریان ببێت کە لەڕێگەی تۆڕی ئێنتەرنێتەوە دەتوانن دزەبکەنە ناو سیستەمە هەستیارەکانەوە، بەتایبەت لەبوارەکانی ئابووری و پیشەسازی.

مایکل ماکونیلی بەڕێوەبەری پێشوی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند کە ئەم جۆرە هێرشانە بۆسەر دەزگا حکومییەکانی بواری ئابووری و پیشەسازی ئەو وڵاتە لەڕێگەی سیستەمی کۆمپیوتەرەوە دەکرێت. بۆ نمونە وەستان و تێکدانی سیستەمی کارەبای ئەو وڵاتە لە وەرزی زستان، یاخود هێرشکردنە سەر سیستەمی داتابەیسی بانک و کۆمپانیاکان کە ئەنجامی زیان گەیاندنی گەورەی بۆ وڵات لێدەکەوێتەوە کە لە هێرشکردنەسەر سەنتەری بازرگانی جیهانی نیۆورک لە ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، مەترسیدار تردەبێت.

پێشبڕکێکە لەنێوان سەدان هاکەری بەناوبانگی ئەو وڵاتە سازدرا و کەتێیدا ١٥ یان پاڵێوران بۆ قۆناغی کۆتایی کە زیرەکی و لێهاتووی خویان پیشاندا لە دزەکردن بۆناو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر و دەستنیشانکردنی لاوازیەکانی. هەروەها بۆ چۆنیەتی خۆپاراستن دەستیان کرد بە کێبرکێکردن لە پێناو دزەکردن بۆناو سیستەمەکانی هاوەڵە هاکەرەکانیان. دواتر هەستان بە دۆزینەوەی چۆنیەتی بەرگرتن لە هێرشی هاکەرەکان بە دانانی بەرنامەکانی خۆپاراستنی وەک دیواری ئاگرین FIREWALL، تا بەمە لێهاتووی خۆیان بۆ ڕێگەگرتن لەبەرانبەر دزەکردنی هاوەڵە هاکەرەکانیان پیشانبدەن.

کریس بیندکت توانی نازناوی باشترین هاکەری بواری کۆمپیوتەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست بێنێت، دوای ئەوەی توانی شکست بە ترسناکترین هاکەری بەناوبانگی بواری کۆمپیوتەر بهێنێت کە لەناویاندا هەریەک لە مایکل کوبولای ١٧ ساڵ ومات بیرغن ی ٢٠ ساڵ بەشداریان کردبوو.



ئەستێرەکان



٤-٢٠-٣/٢١

پێویستە لەئاستی بەرپرسیارێتیەکی زیاتردا بیت و رووبەڕووی هەموو ئەو ئاستەنگانە ببیتەوە کە ئەم ماوەیە دێنە ڕێت، مشتومڕی نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت بەناکۆکی کۆتایی دێت.



٥-٢٠-٤/٢١

بێزار مەبە لەو فشارە زۆرانەی کە لە سەرتە، رۆژانی داهاتووت پڕ دەبێت لەهێمنی و کارەکانت ئاسایی دەبنەوە، پێویستە لەڕووی سۆزداریيەوە ئاگاداری شێوازی قسەکردنت بیت تا نەبێتە هۆی بێزاربوونی خۆشەویستەکەت.



٦/٢١-٥/٢١

ئەمڕۆ تاوانبار دەکرێیت بەهەڵەیەک کە تۆ نەتکردووە، بۆیە پێویستە ئاگاداری خۆت بیت و ئامادەبیت بۆ بەرگریکردن لەخۆت، لەلایەنی سۆزداریيەوە بارودۆخەکە گونجاوەو کاتێکی پڕ لەشادمانی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت.



٧/٢٢-٦/٢٢

ئەمڕۆ بارودۆخی کارەکەت گونجاو و هێمن دەبێت و رووبەڕوی هیچ گرفتێک نابیتەوە، لەڕووی سۆزداریيەوە ئاگاداری تووڕەبوونت بە، تا بەو هۆیەوە خۆشەویستەکەت لێت دوورنەکەوێتەوە.



٨/٢٢-٧/٢٣

ئەمڕۆ بەرپرسیاریت زیاتر دەبێت و هەست بەزیادبوونی فشاری کارەکەت دەکەیت، باشتر وایە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بچیتە دەرەوە تازیاتر لەخۆتی نزیک بکەیتەوە.



٩/٢٢-٨/٢٣

پێویستت بەئارامگرتنێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژەکەت دوور لەکێشە بەسەر بەریت، هەوڵبدە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دابنیشیت و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریدا دروستدەکات.



١٠/٢٣-٩/٢٣

ئەمڕۆ زیاد لەپێویست سەرقاڵ دەبیت و فشارێکی زۆرت لەسەر دەبێت، لەکۆتایی ڕۆژدا کارەکانت بەتەواونەکراوی بەجێدەهێڵیت، لەڕووی سۆزداریيەوە ڕێگە مەدە خێزانەکەت سروشتی پەیوەندییەکانت دیاری بکەن.



١١/٢١-١٠/٢٣

ئەمڕۆ کۆمەڵێک کەسی چالاک دەناسیت و دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکانت، بەهۆی سەرقاڵییە زۆرەکانتەوە خۆشەویستەکەت پشتگوێخستووە، پێویستە بەشێک لەکاتەکانت بۆ ئەو تەرخان بکەیت.



١٢-٢١-١١/٢٢

پێویستە زیاتر پابەند بیت بەکارەکانتەوەو هیچ وردەکارییەک فەرامۆش نەکەیت، تەنانەت ئەگەر زۆر سادەش بێت، دوای ئەوەی هەستی خۆت بۆ خۆشەویستەکەت دەربڕی هەست بەئاسوودەیی دەکەیت.



١/١٩-١٢/٢٢

بەداخەوە کاروبارەکانت بەو شێوەیە ناڕوات کە پلانت بۆ داڕشتبوو، ئەمڕۆ ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبیتەوە، لەڕووی سۆزداریيەوە لەنیگاکانی خۆشەویستەکەت ڕامەکەو بەهەستەکانت وەڵامی بدەرەوە.



٢/١٨-١/٢٠


ڕەفتارەکانت لەگەڵ هاوکارانت گونجاو نییە، پێویستە پەیوەندییەکانت لەگەڵیاندا باش بێت، لەڕووی سۆزداریيەوە هەڵوێستێک بێتاقەتت دەکات بەرامبەر خۆشەویستەکەت.



نەهەنگ ٣/٢٠-٢/١٩

کەسێکی سەرنجڕاکێشیت و دەتوانیت کەسانی بەرامبەرت بەبۆچوونەکانت ڕازی بکەیت، لەڕووی سۆزداریيەوە هەست بەدڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەکان لەگەڵ خۆشەویستەکەت.

www.netawe.com



سیراجەددین مەحمود

سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com

CRATAEGUS OXYACANTHA

گیا پایزوولە

گیا پایزوولە

ناوی کوردی: پایزوولە، زەعفەران.
ناوی عەرەبی: الزعفران.
ناوی زانستی: CROCUS SATIVUS
خیزانی زانستی: IRIDACEAE
جۆری رووەک: گیا



بۆن: خۆش
تام: خۆش
پلەی گەرمی بەرگەگر:
((- ١٠ بۆ +٣٨)) س.
بەرزی رووەک:
((٥ — ١٠)) سم
وەرزی دەرکەوتن:
پایز- مانگی ((١١- ١٢)) .

ناوبانگی کوردەواری:

لەکوردەواریدا دەرکەوتنی ئەم رووەکە، نیشانەی هاتنی سەرمای پاییزە، بۆیە بەپایزوولە ناودێرکراوە. لە کوردستان مێژووی بەکاربردنی گیا زەعفەران، بۆ سەردەمی جوولەکەکان (سەدە کانی ناوەراست) دەگەڕێتەوە. ئەوکات ئەوان بۆ رەنگکردنی مووی رستراو بەکاریان هێناوە. جاروباریش لەکوردەواریدا بۆ چارەسەری سەرئێشەو خەمۆکی ژنی دووگیان بەکاربراوە. بەڵام بەبڕێکی کەم. هەندێجاریش وشککراوەی گیا زەعفەران بۆ خۆشکردنی تامی نان ساجی بەسەر دیوی دەرەوەی نان ساجییەکەدا کراوە.

ناوبانگی پزیشکی گیایی:

CROCUS SATIVUS لەپزیشکی گیایی نێودەوڵەتیدا بۆ چارەسەری خەمۆکی DEPRESSION بەکاردێت. ئەمەش لەبەر بوونی مادەی ANTI DEPRESSION لەناویدا. هەروەها بۆ راگرتنی ئازاری سووڕی مانگانەی ئافرەتان PAIN DURING MENSTRUATION و کەمکردنەوەی خوێنبەربوونی درێژخایەنی منداڵدان CHRONIC UTERUS BLEEDING زۆر کاریگەرە. بۆ لابردنی قەبزی لە ڕێڕەوی هەرس GIT CONSTIPATION یش بەکاردێت. لەپزیشکی گیایی چینی دا بۆ لابردنی ئازاری دروست بوو بە هۆی هەوکردنی سنگ BRONCHITIS بەکاردەهێنرێت. جێی ئاماژەیە، CROCUS SATIVUS لای جادووگەرە عیبریەکان بۆ چارەسەری دەست لێ وەشاندنی روحیانەتی خراپ BIT BY DJIN بەکار هاتووە.

شۆینی ڕووان :
ناو شیپەن و دەونی قەدپاڵی چیاکان

هونەرمەند خاتوو چنار بۆ وارڤین:

شەرمنی هونەرە

هونەرمەند خاتوو چنار لە دیمانەیەکی گۆڤاری وارڤین، باس لەوەدەکات کە گۆرانی "ئای دڵمن چەند تەنگە" رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتیی، لەبارەی ئەوەی کە دەگوترێت خاتوو چنار، شەرمنە، دەڵێت شەرمکردن لە مرۆڤدا هونەرە.

وارڤین: بە بۆچوونی تۆ ڕەوشی هونەری لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟

چنار: دەتوانم بڵێم ڕەوشی هونەری لە کوردستاندا بە قۆناغێکی چالاکدا دەڕوات، بەو مانایەی کە لە پاڵ ئەوەی کەسانێکی بە ئەزموون لە بوارەکەدا هەن کە کاری هونەری ڕەسەن و جوان دەکەن، کۆمەڵە کەسانێکی تازەش هاتوون بەخۆشەویستیەکی زۆر بۆ هونەر، لەهەوڵی تازەگەری و گۆڕانکاری و تێکەڵاوکردنی هونەری کوردی بە هونەری میللەتانی تردەون. وەک ئاشکرایە کە ئەو تێکەڵاویە فەوزایەکی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەویش بەهۆی ئەو زیادە ڕۆییەی کە لەو تێکەڵاوکردنەدا دەکرێت، بەڵام ڕەنگە ئەمەش ببێتە ئەزمونێک و دواتر کارەکان بەشێوەیەکی زانستیانە تێکەڵاوبکرێن، بەجۆرێک کە هونەری کوردی ڕۆحییەتی خۆی ون نەکات.

وارڤین: تا ئێستا چەند بەرهەمت هەیەو تازەترین کارت کامەیە؟

چنار: بەرهەمەکانم لە سێدیەک پێکهاتووە کە لە ١١تراک پێکهاتووەن، لەگەڵ ٥ ڤیدیۆ کلیپ. تازەترین کاری هونەرییم بەرهەمێکە بۆ منداڵان کە بەناوی (بنوە)یە، ئەم کارە دابەشکردن و میوزیکی لەلایەن هونەرمەند بژار دیلان بۆ کراوە. هەروەها کاری کلیپکردن لە لایەن وەلید شەرستین، بۆکراوە.

وارڤین: زۆربەی هونەرمەندان باس لە پاڵپشتی کەسێک بۆخۆیان دەکەن، هاندەری تۆ کێبوو؟ **چنار:** وەک پاڵپشتی ماددی تا ئێستا هیچ پاڵپشتییەکم نەبووە، بەڵام وەک پاڵپشتی هونەری لە زۆر چاوپێکەوتندا باسم کردوە کە سەرەتا هونەرمەندکاک کەمال محەممەد، بە دوو ئاواز هاوکاری کردم:



یەکەم بەرهەمم بەناوی تەلاری عیشق، دووەم بەرهەمیشم بەناوی داری ئەوین بوو. دواتریش زۆر هەوڵمدا تا بتوانم پشت بە تواناکانی خۆم ببەستم . ئەو کەسانەش کە وەک کاری دابەشکردنی موزیک لە دروستکردنی بەرهەمەکانمدا بەشداربوون، وەک بژار دیلان و هەڵۆ قادر یارمەتیدەرێکی گەورەی من بوون، چونکە ئەو بەرهەمانە بەتەنیا هی من نین، بەڵکو ماندوبوونی ئەوانیشە. ئەوەش لەبیرنەکەم کە خێزانەکەم و گوێگرانی دەنگی خۆم، هاندەری هەمیشەی من بوونە.

وارڤین: تا چەند لە کارەکانی خۆت ڕازیت؟

چنار: لەڕاستیدا ئاسان نییە بۆ من کە بڵێم تا چەند لەکارەکانی خۆم ڕازییم، ئەوەدەبێت گوێگران وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، بەڵام هیوادارم کە کارێکی باشم کردبێت و توانیبێتم خزمەتێکی هونەری کوردی و گوێگرانی خۆم کردبێت.

وارڤین: چنار گۆرانی بۆ منداڵان گوتووە. هۆکاری ئەوە چییە؟

چنار: ئەو گۆرانییەی کە بۆ منداڵانم گوتووە لە خۆشەویستی خۆم بۆ منداڵان ئەو کارەم کرد، هەروەها لە کەمتەرخەمی گۆرانیبێژی کورد بەرامبەر بە منداڵانەوە هەزمکرد کە هیچ نەبێ بە گۆرانیەک خزمەتێکی بچوکیان بکەم.

وارڤین: گۆرانی "ئای دڵی من چەند تەنگە" ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆت بوو؟

چنار: گۆرانی "ئای دڵی من" تارادەیک ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی خۆم هەیە، بەڵام ئەوەش لەبیرمەکەن کە ئەو تێکستە لەلایەن نووسەر حەمە شوان شەریف نووسراوە .کاتێک کە تێکستێک هەڵدەبژێرم بۆ گۆرانی مەرج نییە ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆم بێت، بەڵام دەبێت بەشێوەیەک ئاوێتەی تێکستەکەبێت، تابتوانی شتێکی ڕاستەقینە پێشکەش بکەیت .

وارڤین: بایەخدان بەهونەر لەکەنالە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟

چنار: کەنالە ڕاگەیاندنەکان بەگشتی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان باشن، بەڵام کەنالیش هەیە دەبێت کەسێک بناسیت، تا بەپێی پێویست ڕێز لەبەرهەم و هونەری تۆ بگرێت. هیوادارم ئەو دیاردە نەمێنێت و ڕێزگرتن لەسەر بنەما هونەرییەکەت بێت.

وارڤین: زیاتر ستایلی ڕۆژئاوایی لە گۆرانییەکانتدا دیارە بۆچی؟

چنار: لەڕاستیدا من بێجگە لە ستایلی ڕۆژئاوایی حەزم لە ستایلی تریش هەیەو هیوادارم لە داهاتوو بتوانم کاریان بۆ بکەم .

دەڵێن گوایە تۆ کچێکی شەرمنی وایە؟

چنار: بەڵێ، تارادەیک شەرمنم بەڵام زۆر نا، ئەگەر زۆر شەرمن بومایە نەمدەتوانی ببم بە گۆرانیبێژ . بوونی هەندێک شەرمنی لە مرۆڤدا بە هونەر دایدەنێنێم.

ڕۆشنە عومەر

Estêrey warvîn



کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

لە رادیۆی پێشکەوتن و سەتەلایتی نەورۆز، وەک پەیامنێر و پێشکەشکار، کار دەکەم. قوتابی کۆلێژی هونەرەجوانم لە بەشی سینەما. ساڵی ٢٠٠٦ هاتمە ناو بواری راگەیاندن.

چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

کارەکەم خۆشدەوێت و بەئارەزووی خۆم هەڵمبژاردووە. هاوکاری سەرەکیم لەهاتنە ناو بواری راگەیاندن، (شەهلا)ی خوشکم بوو. سەرەڕای خێزانەکەم، کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و هونەرمەندیش هاندەرم بوون.

پرۆفایل

ناو: شەیما عەبدوڵڵاحەمەد ناسراو بە (شەیما جاف)

ڕەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: سەڵت

ئاستی خوێندەواری: قۆناغی دووی هونەرەجوانەکان

شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر



خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:



١-دیاری قەرەداخی: وێرانە
٢- عەدنان کەریم: هەناسەی ئاشقان
٣-پەیوەند جاف: سکاڵا
٤-لەیلا فەریقی: زیندووم کەوە
٥- داریوش: شب مهتاب
٦-شەکیلا: خیال من
٧-عایشەشان: وەرە یاری
٨- کانی: ئەی خودا
٩- کازم ساهر: انا ولیلی
١٠- شەهریبان: ئەز کچم

نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

کەسی خۆشەویست لای من زۆرن، بەڵام نزیکترینم دایکووباوکم و سامانی برام و شوانی هاوسەرمن.

www.netewe.com



www.rexne.com

یەکەمین دیزاینەری جلووبەرگی کوردی:

من جلووبەرگی کوردیم بە مۆزەخانەکانی سوید ناساند

هەولێر

گۆڕینی دیزاینی جلی کوردی لای زۆرێک لەخەڵکی کوردستان بووەتە هۆی ناڕەزایی دەربڕین و وەک شێواندنی ڕەسەنایەتی ئەو جلووبەرگە لەقەڵەم دراوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە خاوەنی بیرۆکەی دیزاینی نوێی جلووبەرگی کوردی نیان مستەفا، گۆڕانکاری لەدیزاینی جلووبەرگی کوردی بەتازەگەری بۆ گەنجان وەسف دەکات و دەڵێت کە ئەو بەوشێوازە جلووبەرگی کوردی لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێنێت.

نیان مستەفا قادر، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین، باس لەهۆکاری گۆڕینی دیزاینی جلووبەرگی کوردی دەکات و ئاشکرای دەکات کە بەشێکی زۆری ئەو جلووبەرگانەی لەمۆزەخانەکانی سوید داناوەو بەشێوەیەک کە ئێستا جلووبەرگی کوردی بووەتە جێگەی سەرنجی ئەوانەی کە سەردانی مۆزەخانەکان دەکەن.

وارڤین: بیرۆکەی دیزاینی نوێی جلی کوردی لای تۆ چۆن سەریهەڵدا؟

نیان: کاتێک لە سوید دەمخوێند زۆر حەزم لەخوێندن بوو لەبواری دیزاین. دواتر وەک مامۆستای کاری دەست و هونەر دەستبەکاربووم و بەو هۆیەوە پەیوەندییەکی فراوانم لەگەڵ مۆزەخانەکان دروستکرد. پاشان داوام لێکرا ببمە سەرپەرشتیاری بەشی لەبەرگرتنەوەی جلووبەرگی سویدی سالانی١٨٠٠، بۆ پاراستنیان لە لەناوچون. کاتێک ئەم کارەم بۆ پاراستنی کەلەپوور و جلووبەرگی مێژوویی سوید قبوڵ کرد وەک کوردێک یەکڕاست بیرم لەوە کردەوە کە کارێکی لەو شێوەیەش بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوەکەم بکەم. هەروەها گەیاندنی جلووبەرگی کوردی بەمۆزەخانەکانی سوید و گەیاندنی بەقیستیڤاڵە کەلتوورییە نەتەوەییەکان. بۆیە هەوڵمدا بەهاوکاری کتێبخانەیەکی کوردی لەشاری ستۆکۆلم کار بۆ لەبەرگرتنەوەی جلووبەرگی کوردی سەدەکانی ١٨٠٠-١٩٠٠ بکەم. لەگەڵ خاوەن کتێبخانەکەدا توانیمان سوود لەچەند وێنەیەکی جیاواز لەشێوازی جلووبەرگی ئەوکاتە وەربگرین و لەسەر ئەم وێنانە توانیم شێوازی جلووبەرگی کوردی سالانی ١٩٠٠ زیندوو بکەمەوە. دواتر جلووبەرگی کوردیم لەمۆزەخانەی ئیتنۆنگرافیسکاموسێت، نمایشکرد.

وارڤین: چی وایلێکردی کە پەنا ببەیتە بەر نوێکردنەوەی دیزاینی جلی کوردی؟

نیان: زەروورەتی زەمەن و ڕۆژ زۆر شت لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لەهەموو شیوازەکانی جلووبەرگی دنیادا، لە کۆنەوە تائێستا گۆڕانکاری ڕوویداوەو هەوڵدراوە شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێش بێتەخولقاندن، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دیزاینە کۆنەکان لەبیر نەکراون. منیش دەمبینی لەساڵانی ١٩٨٨ بەتایبەت تا ١٩٩٥ خەریکە جلووبەرگی کوردی لەلای گەنجان لەبیر دەکرێت و گرنگی پێنادرێت، لەم کاتەدا پێویست بوو بیر لەوەبکەینەوە، کارێکی نوێ و سەرنجڕاکێش بکەین. بەشێوەیەک هەم جێی ڕەزامەندی کورد و هەم هۆی سەرەنجڕاکێشانی گەنجان بێت. چونکە ئەگەر سەیری شێوازی جلووبەرگی کوردی بکەیت لەڕابردوو وەک پێویست لەسەر ڕێکخستنی ڕەنگ و شێوازی دووڕین وەک قاڵب بەپێی هەڵکەوتەی ئەو کەسەی جلەکە لەبەردەکات کاری بۆ نەکراوە. بۆیە بیرم لەوەکردووە بە ڕەچاوکردنی لایەنە هونەرییەکەی، دیزاینی جلووبەرگی کوردی بەشیوەیەکی سەردەمییانە دروستبکەین. بەڵام ئەوەی لای من گرنگ بوو ئەوەیە کە بنچینەی شێوازی جلووبەرگی کوردی لەهەر دیزاینێکی نوێدا نەشێوێنرێت. لەم ڕێیەوە توانیمان چەند دیزاینێکی نوێ پێشکەش بەجلووبەرگی کوردی بکەین کەمایەی سەرنجی ئەو گەنجانەش بێت کە ماوەیەکی زۆرە بەلای بەرگی نەتەوەیی خۆیاندا ناچن.

وارڤین: کێ لەسەرکەوتنی کارەکانتدا هاوکاری کردووی؟

نیان: هاوکاری زۆر لایەن دەگرێتەوە وەک کارکردن کەس هاوکارم نییە، تەنیا خێزانەکەم نەبێت، ئەوەش لەکاتێکدا کە مۆزەخانەو دەزگا کەلتوورییەکانی دنیا، خەرجی تایبەت دابیندەکەن بۆ خزمەتکردنی کەلەپوورو داهێنان، لەسەر بنچینەی ئەسڵی نەریت و کەلەپووری خۆیان. لەلایەن هیچ دەزگاو دامەزراوەیەک تەنانەت بەشێوەیەکی هێماییش هاوکاری نەکراوم،

بەڵام بڕوابوونم بەوەی کەئەوەی من دەیکەم خزمەتی میللەتێکە باشترین هاندەری بەردەوام بوونمە. پێشوازی گەنجانی کورد لەدیزاین و کارەکانم گەورەترین هاوکارمە.

وارڤین: خەڵکانێک گلەیی ئەوەدەکەن گوایە ئەم دیزاینانە لەخزمەتی جلی کوردی و کەلتوورەکەیدا نییە. ڕای تۆ لەوبارەیەوە

www.netewe.com

چیبە؟

نیان: پێم سەیرە بەمشێوەیە بیردەکرێتەوە خەڵک پێیوابێت جلووبەرگی کوردی یەک شێوەو قاڵبی هەبێت و هەر گۆڕانکارییەک لەو شێوەو قاڵبە، لادان لەئەسڵی ئەو جلووبەرگە بێت. ئەگەر باس لەشێوازو دووریـنی جلووبەرگی کوردی لەهەر سەدەو سەردەمێک دەکەی گۆڕانکارییەکی تێدا رووبـداوە، بۆ نموونە سەیری شێوەی جلووبەرگی ساڵانی ١٨٠٠ بکەو لەگەڵ ساڵانی ١٩٠٠ بەراوووردی بکە جیاوازییەکان دەبینرێت. ئەوەش مانای ئەوەیە ئەوکاتیش هەوڵی شێوازی نوێ و جیاواز دراوە، بەڵام زۆر ورد نەبووە. لەهەموو دنیادا هەوڵی پاراستنی شێوازی جلووبەرگی سەدەکانی رابردووی هـەر نـەتـەوەیـەک دەدرێـت و وەک شـانـازیـیـەکـی رابردوو لێیدەڕوانرێت، بـەڵام ناگـوتـرێت کـە نابێت هیچ گۆڕانکارییەک لەو جلووبەرگەدا ئەنجام بدرێت.

لەجلووبەرگی کوردیشدا بێ ئەوەی مۆزەخانەو دەزگایەکی کوردی داوام لێبکات هەوڵمداوە، شێوەیەک لەجلووبەرگی لەمێژینەی کورد بەێنمەوە بوون و بیگوازمەوە مۆزەخانەکانی سوید. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی سەردەمیشدا هەستم بەزەرووڕەتی گۆڕانکاری کردووەوهەوڵم بۆ داوەو دیزاینی نوێم دروست کردووە. بەڵام هەموو دیزاینەکانم داهێنان بووە، لەسەر بنچینەی جلووبەرگی کوردی و لە ئەسڵی جلەکە لام نـەداوە. دەتوانیت سەیری ئەو شێوازە دیزاینانە بکەیت و لەگەڵ جلووبەرگی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بەراوووردی بکەیت زۆر باش بۆت دەردەکەوێت کە دەچێتە وە سەرکار جلووبەرگ.

ئـــەو کـــات دەتوانرێت باسی لادان بکریت. ئێمە شانازی بەجلووبەرگی لەمێژینەی خۆمانەوە دەکەین و وەک پاراستنی، هەوڵمداوەو گەیاندوومەتە مۆزەخانەکانی سوید و هەمان ئەو جلووبەرگە کەلتوورییانەشم گواستووەتەوە بۆ زۆربەی فیستیڤاڵە گەورە جیهانیەکان کە لەبواری کەلتووردا سازدەکرێن. بـەڵام نامەوێت لەبواری جلووبەرگدا ئێمە لەیەک کات و سەردەمدا بوەستین و داهێنانمان نەبێت. بۆیە، ئەو قسەیە رەت دەکەمەوە ئەوەی کە ئێمەدەیکەین لەخزمەتی جلووبەرگی کوردیدا نەبێت، بەڵکو ئەوەی ئێمە خزمەت و داهێنان وهەوڵی تازەگەرییە.

وارڤـیـن: چـەندجار کـارەکـانـت نمایش کردووە؟

نـیـان: بـەشـداری زۆربـەی فیستیڤاڵە جیهانیەکانمان کردووە کە لەبواری کەلتوور سـازکـراوەو نەمانهێشتووە، جلووبەرگ و کەلتووری کـورد هاوشانی کەلتووری هـەمـوو نـەتـەوەکـانـیـتـر نـەبـێت و بێرەنگ بێت. بەشانازییەوە لـەمـۆزەخـانـەکـانـی سوید جلووبەرگی کـــوردیـــمـــان چـەسـپـانـدووەو رۆژانە خەڵکی دنیا لـەو مۆزەخانەیە ئـاشـنـا دەبـــن بە بەرگی کوردی. هەم ئەو جلووبەرگانەی کـەجـلـووبـەرگـی لەمێژینەی کوردن و هـــەم دیـزایـنـە تـــازەکـــانـــمـــان بـــەردەوام جێی رهـــزامـــەنـــدی و ســـەرنـــجـــی ئـامـادەبـــووان و لێژنەی دادوەرانـی فـیـسـتـیـڤـاڵـەکـان بووە.



ئاڤان فارس جاف

www.peyv.com

باولّ



بۆ ئەو کەسانەی کە وەک من زۆر دەگەڕێن، باولّ یان جانتای گەورە زۆر گرنگە. من پێمخۆشە، باولّەکەشم وەک جانتا دەستییەکەم سادە بێت. بەلّام دەبێ هەموو پێداویستییەکانی سەفەرم لەخۆیدا جێ بکاتەوە. دەلّێم پێداویستی، بەلّام وا تێبگەن کە نیوەی دارونەدارم لەگەلّ خۆمدا دەگێڕم. چیم بەدەست بکەوێت دەیخەمە ناو باولّەکەم. زۆرینەشیان بەبێ ئەوەی بەکاریان بهێنم لەگەلّ خۆمدا دەیانگەڕێنمەوە. بەلّام لێم بووەتە عادەت و ناتوانم بیگۆڕم. من دەرزی و دەزووش لەگەلّ خۆمدا دەگێڕم.

لەفڕۆکەخانەکان لەگەلّ راکێشانی جانتاکەمدا ملم دێتە ئێش، بەلّام وەک گوتم حەزم لە سەفەرەو دمەوێ تەواوی دارونەدارم بەکۆلّمەوە بێت. بەلّام هەرگیز ئەوەم بەبیردا نەهاتبوو کە پەیوەستبوونێک لەنێوان باولّ و ئازادی ژندا دروست بکەم، تا رۆژێک کە لەشەمەندەفەڕدا ئەوەم لەدوو ژنی بەتەمەن بیست.

مـن حـەز دەکـەم کـە بەجێی ئۆتۆمبیل بەشەمەندەفەڕ هاتووچۆ بکەم. چونکە، هەم بۆ ژینگە باشەو هەمیش دەتـوانـم بەجێی لێخورینی ئۆتۆمبیل کتێبێک بخوێنمەوە. ئەو رۆژە لەبەرامبەر دوو ژنی پیر دانیشتم. بەگشتی پیرەژنان لە ئەوروپا زۆر حەزیان لەقسەکردنە. کاتێک دەست پێدەکەن، چەندین کاتژمێر ناپبڕنەوە. گۆڤاڕێکی مەگەزینم بەدەستەوە بوو، بەلّام هیچ لەخوێندنەوەکەم نەدەگەیشتم، لەبەر ئەوەی گوێم لەوان گرتبوو. باسی بووک و نەوەو ئازاری پشت و پاژنەو هەر شتێک کە ببێتە بابەتی قسەکردنیان، کرد. لەناوبڕێکدا لە وێستگەیەک خانمێکی گەنج بە باولّێکی گـەورەوە سواری شەمەندەفەڕەکە بوو. هەر دوو پیر، ئەمجارە پێکەوە سەیری باولّەکەیان کرد و کردیانە بابەتی قسەکردن.

یەکێکیان گوتی:"دەزانی، باولّی ئێستا چەندە بەکارن، پێویست ناکات لەسەر شان یانیش هەلّیبگری، تەنیا بـەدوای خۆیدا رادەکێشن و تـەواوی جیهانی پێوە دەگـەڕێـن. ئێستا وەک سەردەمی ئێمە نەماوە کە ئەو باولّە قورسانەمان هەلّدەگرت و پشتمان لەژێریاندا دەئێشا". پیرەکەی تر بۆی سەندەوە:"بەلّێ لەسەردەمی ئێمەدا باولّی تەگەردار نەبوون، بەلّام پیاوگەلی گەورەو جێنتلّمەن هەبوون، نەیاندەهێشت ئێمە دوو هەنگاو هەلّبگرین و یەکسەر لەدەستمانیان وەردەگرت. ژنی ئەم زەمانە ئەوەندە باسی ئـازادی و یەکسانی دەکەن کە ئیتر پیاوانیش ناوێرن دەست لە جانتاکانیان بدەن و یارمەتییان بدەن. پیاوەتی نەماوە". دیالۆگەکەیان درێژبوو، ئەگەر لێرەدا بینووسم گۆشەکەم بەشی نـاکـات، بەلّام بەراستی سەرنجڕاکێش بوو. بیرم لێ کردەوە. منیش ژنێکی ئەم سەردەمەم و ئازادییەکەم لەلا پیرۆزە. بەلّام پێمخۆشە جێنتلّمەنیش هەبێت. بۆ نموونە من پێمخۆشە کە لەسەر رێی سەفەر پیاو یان کوڕێک هەبێت کە جانتا قورسەکەم بەدەستەوە بگرێت و بۆم بگەیەنێتە لای شەمەندەفەڕەکە.

بەهەمانشێوەش حـەز دەکـەم کە دەرگـای ئۆتۆمبیل، مالّ یان دووکانێکم بۆ بکاتەوەو رێم پێ بدات، بەر لەو بچمە ژوورەوە. حەز دەکەم، لەو شوێنەی کە ئامادە دەبم، سرویسی چای، قاوە، خواردن و خواردنەوە بەر لەپیاوان بۆ من بهێنرێت و گەلەک شتی بەو شێوەیە کە نیشانەی نازەنینی پیاوانی ئەم سەردەمەیە. لەئەوروپا لەوبوارەدا هیچ کێشەیەک نییەو لەو پرسانەدا وەک ئینگلیزەکان دەلّێن مامەلّەی" لەیدەیس فێرست" (دەستپێک خانمان) لەگەلّ مرۆڤ دەکرێت. پرسی هەلّگرتنی جانتاکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان چارەسـەر بـووە. جانتاکانی ئەم سەردەمە وا دروست کراون کە بۆ هەلّگرتنیان مرۆڤ پێویستی بەهێزی جـەستـەیـی نـیـیـە. ئێستا مـرۆڤ جانتا هەلّناگرێت، بەلّکو لەدوای خۆی رایدەکێشێ. بەلّام بەداخەوە لەناو کۆمەلّگای کوردستاندا گەلەک جار مرۆڤ بـەرەوپووی مامەلّەی وا دەبێتەوە کە دەمی بە کراوەیی (سەرسوڕمان) دەمێنێتەوە.

من لەو بڕوایەدا نیم کە هۆکاری ئەو پرسە هەلّوێستی ژنی ئەم سەردەمە بێت. بەگشتی پـیـاوی رۆژهـەلّاتـی ناڤین و کـوردسـتـان نازەنین(جێنتلّمەن) نین. ئـەدەب بەرامبەر بە ژن، لە کۆمەلّگا رۆژئاواییەکانەوە دێتە ناو کۆمەلّگای ئێمە، بەلّام زۆر خاو بلّاو دەبێتەوە. من دەزانم کە هێشتا لەزۆر شوێنی ولّاتەکەمان، ژن دوای پیاو دێنە سەر سفرەی خواردن و لە پاشماوەکەیان دەخۆن. من خۆم بینیومە کە لەرێگەدا ژن و منداڵیان خستووەتە دوای پیکەبێکی سەر کراوەو پیاویش لەپێشەوە سوار بووە. خواردن و خواردنەوە لەکۆبوونەوەکاندا دەستپێک دەچێتە پێش پیاو و دواتر لەپێش ژن و منداڵ دادەنرێت. ئێوە دەتوانن لەلای خۆتان ئەو لیستەیە درێژتریش بکەن. کاتێک ئەو شتانەم بەبیر هاتەوە، بەخۆم گوت، خۆزگە کێشەی ئێمەش تەنیا هەلّگرتنی جانتا بوایە.

هێڤیدار زانا

ئەگەر ئاودەستێکی وەهامان هەبوایە...

بەرلین



سیروان رەحیم

ئاودەست، پێشئاو، سەراو بەکوردی ناون بۆ تەوالێت، یان کلۆ-سێت ی لاتینی و فەرەنسی. بەئینگلیزیش دەبلیوسی کە واتەی سووڕی ئاو دەگەیەنێت.

هەندێجار ئەو وشەیە مانای پارێزەری ئاویش دێت، ئاوپارێز یان ئاوهەڵگر یان خود..

Water Closet

هەموو دەزانین تەوالێت چەس؟ لەئینسیکلۆپەدیەکاندا دەنووسرێت:

"تواليت لەوشەی تۆیلی فەرەنسییەوە هاتووە. ئەو شوێنەیە مرۆڤ پێویستی بەپەلەی خۆی لێ جێبەجێدەکات و بە پارچەیەکی بچووک خۆی پاک دەکاتەوە."دیارە خۆپاکردنەوە بە پێی دابوونەریت یان ئاین دێتە گۆڕاندن.

بەگوێرەی هەندێ پێناسەی دیکە بەتەوالێت دەگوترێ: ژووری پێداویستی.

بەگوێرەی ئینسیکلۆپەدیەکان بێت، ٢٨٠٠ ی بەر لەزایین شوێنەواری یەکەمین ئاودەست یان (میزگە) لەمیزۆپۆتامیا هەیە، پاش ئەمە لەڕۆما ناسراوترین ئاوەڕۆ بۆریان هەبووە.

بەڵام جێگەی جەخارە، لەم ڕۆژگارە پێشکەوتووەی ئێستەدا ئێمە تەوالێتی خاوێن و گونجاومان نەبێت. شوێنگەلی گشتی ئێمە، خوارنگەهی شار و شارۆچکەی ئێمە، زۆر دەزگە، زۆر وەزارەت و هتد تەوالێتی خاوێنیان نەبێت.

راستییەکەی میللەتێک نەتوانێ ئاودەستی خاوێنی هەبێت، یان نەتوانێ ئاودەست بەخاوێنی رابگرێت، ئایا بۆ بتوانێ ڕەخنە لەحکومەتەکەی یان جۆری بەڕێوەبەرێتی بگرێت؟ ئایا دەشێ پشت بەمیللەتی وەها ببەستیت بۆ کاری گەورە؟ میللەتێک ئاودەستی خاوێنی نەبێت، ئاودەستێک بە کەمالّی سەڵتەنەت تێیدا ڕوونێین، ئایا میللەتی وەها دەبێت بەکەرەستە بۆ وەرچەرخانی دیرۆکی؟ کاتێک هەندێ ئاودەستی ئەوروپا دەبینم پڕە لەکتێب، لەگۆڤار و مرۆڤ دەتوانێ بەئارەزووی خۆی تێیدا بمێنێیتەوە، تەنانەت تیایدا بخوێنێتەوە، ئاستی هەژاری کەلتوور، ئاستی ناجۆری ژیان و گوزەرانی لای خۆمان دێتە بەرانبەرم و ناتوانم غەمگین نەبم.

کاتێک ئەو ئاودەستگەلە خاوێنە دەبینم لەبەرخۆمەوە دەڵێم، ئەگەر ئاودەستێکی وەهامان هەبوایە ئەوسا دەمانتوانی، باس لەفەلسەفە، مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە بکەین. ئەگەر ئاودەستی لەبارمان هەبا ئەوسا دەکرا، نیچە، هیگل، ڕۆسۆ، کانت و کێ و کێ بخوێنینەوە. سەیرم لێدێت کاتێک هەندێ کەس باس لە کۆمەڵێ شت دەکەن کە جڤات و دنیای ئێمە زۆر لێیانەوە دوورە و پێیان نامۆیە. یان ئەو کۆمەڵە هەر ئامادە نییە بۆ وەرگرتنی ئەو بابەتگەلە.

پیرەمێرد دەڵێ:

شیعری شێخ ڕەزا تاقانەیە
شایستەی ئەدەبخانەیە

با ئێمە واز لە وشەئارایی ئەم شیعرەو ئەم پەسنە بهێنین کە بێگومان شتێکی جوانە، بەڵام لەڕوانگەی شیعرەکەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کەواتە دەمێکە ئێمە ئاودەستمان لا پیسە. ئاودەست شوێنێکە بۆ ئەوەی پیس بێت و هەمیشە بەپیسی رابگرین، یان من لەبۆچوونەکەمدا نەمێکاوە، دە ئێوە بێژن ئازیزانم؟

ئێمە ئاودەستیشمان نییە، نەک ڕێوبانی باش. ئاودەستمان نییە، ئیتر سیستەمی پەروەردەی نۆژەن و گونجاو چۆن دەبێت؟ برادەر ئێمە چیمان هەس؟ چیمان لەژیاندا کردووە؟ بەرهەممان چییە، بەرهەمێک مایەی شانازیمان بێت؟

دیوارێک یان پردێک یاخود شوێندەستێکمان نەک بۆ مرۆڤایەتی بۆ خۆمان هەس؟

لەروانگەی گەشت و گەڕانی خۆمدا هیچ میللەتێکم نەبینیوە ئەوەندەی کورد (هی باشوور) بخوات و خواردن بەفیڕۆ بدات، ئاشکرایە بەفیڕۆدانی خواردن و پاشماوەی خۆراک یەکێکە لەهونەرە گەورەکانی ئێمە. تۆ تەماشای لەگەنی بەرماوەی ئێمە بکە کاتێک لەخواردن دەبینەوە، پاشان بەچاوی ڕەخنەو بە چاوی ڕوونەوە تەماشای بکە، بزانە چۆن دڵت تێکەڵ دەبێت؟

قسەکەی خۆمان کە گوتوومانە: خواردن ڕییانەوەی دەوێ. بەو پێوەرە با، دەبوو ئاودەستی خاسمان زۆر، فرە زۆربان. دیارە خواردنی زۆر ڕییانەوەی زۆری دەوێ! بەڵام دەبینین ئەو هەموو خواردنە زۆرەو تائێستایش ئاودەستمان نییە لەئاودەستی خەڵک بچێت. تەنانەت ئەو ئاودەستانەی نوێ دروست دەکرێن پاش یەکجار بەکارهێنان دەبن بەمایەی بێزلێکردنەوە، بۆ؟ چونکە خەڵکەکە نازانێ ئاودەست بەکاربهێنێت. ئەو پارکە جوانانە لەشارەکانی ئێمە بنیات دەنرێن، بەڵام ئاودەستەکانیان وێران. دیارە میللەتێک خاوێنی ماڵەکەی لەئاستی نزمدا بێت نابێ چاوەڕێ بین ئاودەست بۆ ئەو هیچ واتەیەکی گرینگی هەبێت. میللەتێک بەهەزاران ملیۆن دۆلاری لەم چەند ساڵەدا بە بەردی حەلان داوە بۆ دیکۆری ڕوکەشی خانووبەرە، بەڵام ئاودەست و گەرماوی شیاوی نییە کە مایەی دڵنیایی مرۆڤ بێت.

ئایا تەنها (لەوەڕە) گرینگە؟ تەنها خواردن زۆر گرینگە؟.

خواردنیش تەنها برنج و گۆشت، برنج و گۆشتێک بێ هیچ هونەرێکی لێنان و ئامادەکردن. خواردنێکی وەها زۆر و بێ ئەندازە کە چەندین باری خواردنی ئاسایی ریانەوەی دەوێ، بەڵام ئاودەستی لەبار و خاوێن شک نەبەین...

ئەوروپاییگەل چەندین سەدە بەر لەوەی باسی فەلسەفەو هزر بکەن ئاودەستیان هەبووە. من خواروی عێراقم نەبینیووە، بەڵام بەقسەی زۆرێک لەو هاوڕێیانەم خواروی عێراقیان بینیوە دەڵێن، تا ئەم ساڵانەی دوایی گەلێ شوێنی ئەو دەڤەرە نەیاندەزانی ئاودەست چییەو نەیانبوو. ئێمە لەو وڵاتەدا دەژین و زۆر لایەنگەلی گرینگی ژیانی ئێمە لەژێر کاریگەریی ئەوان دایە.

www.nafew.com

فیمینیزم

ناساندنی کتێب

ناوی کتێب: فیمینیزم (FEMINISM)

نـووسـیـن: جـێـن فـریـدمـان (JENE FREEDMAN)

کتێبی فیمینیزم لە نووسینی جێن فریدمان، لـە پێشەکی و پێنج بـەش پێکهاتووە کە جەوهەرخوازی فیمینیزم و کێشەکانی لەگەڵ پۆست مۆدێرن باس دەکات.

لە بەشی یەکەمدا نووسەر، پرسیاری جیاوازی رەگەز یان یەکسانی؟ دەکاتە هەوێنی باسەکەی و لە روانگەی بایۆلۆژییەوە لە بارەیەوە دەدوێت.

لە بەشی دووەمدا، بەشێوەیەکی رەخنەگرانە، باس لە فیمینیزم و کار و باری سیاسی دەکات و تێوریە سیاسییەکان وەک، لیبراڵ و کۆمارخوازی، دابین کردنی مافی ژنان لە بەشداری سیاسییدا هەڵسەنگێنێ و باس لە کاریگەری بزووتنەوی فیمینیزم بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی ژنان لە مێژو دا دەکات.

لە بەشی سێیەمدا، کار و مافی بەشدار بوون لە قازانجی ئابووری لە ژێر ناوی کار و ئابووری جیهانی خراوەتە ڕوو کە تێیدا فریدمان، باسی بایەخی مافە ئابوورییەکانی ژنان لە فیمینیزمدا دەکات.

لە بەشی چوارەمدا، باسی روانگەی فیمینیزم دەربـارەی سێکس دەکـات و ڕوانگە جـورا و جۆرەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە باس دەکات.

لە پاڵ ئەوەشدا باس لە گرفتی وەک لێسبیەنیزم و پۆرنۆگرافی دەکات. لە بەشی پێنجەم و کۆتاییدا، فریدمان، باسی نەتەوە و و شووناس لە ڕوانگەی فیمینیزمەوە دەکات و ئاماژە بە فیمینیزمی ژنە ڕەش پێستەکان و ژنانی ڕۆژهەڵات و فیمینیزمی سەر دەمی پۆست مۆریزن دەکات.

پرۆفایل

جێن فریدمان، مامۆستای کێشە سیاسییەکانی فەرەنسا وئەوروپایە لە زانکۆی ساوت هامپتۆنی بەریتانیا.

لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارەی ڕەگەز و کاری سیاسی لە ئەوروپا دا هەیە.


سیاسەتی فیمینیستی، ئەفسانەکان، هێما و ژنان، کۆچ و پێناسە لە فەرەنسا، لە بەرهەمەکانی تری جێن فریدمانن.



ئا: شیلان سەعدی

www.netewe.com

شاری فر



دەرهێنان: براد سیلبیرلینگ
نواندن: میگ رایان، نیکۆلاس کەیج، ئەندری بروفیر
وێنەگرتن: ورنەر بروس

www.ketabwe.com

پشتەکان



شاری فریشتەکان، فیلمێکی ڕۆمانسی تراژیدی ساڵی ١٩٩٨، لەنواندنی ئەکتەری بەناوبانگی هۆلیود (میگ رایان، نیکۆلاس کەیج)ە لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی تری وەک (ئەندری بروفیر، دینیس فورناز، سارا دامف).

فیلمەکە باس لەژیانی فریشتەکان دەکات کە بەپێی دەق کاریان ڕێنیشاندان و هاوکاریکردنی مرۆڤەکانە لەپاش مردنیان و تێیدا سەرنج دەخاتە سەر ژیانی (SETH- نیکۆلاس کەیج) کە چۆن لەگەڵ هاوڕێکەی (کاسیل - ئەندری بروفیر) سەرقاڵی ڕێنوێنی مرۆڤەکانن. (کاسیل - ئەندری بروفیر) خولیای ئەوەیە لەمرۆڤەکان بپرسێت (بەنرخترین و خۆشترین شت لەژیانی مرۆڤدا چییە)، بەڵام سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆر بۆی ئاشکرا نابێت و تێدەگات کە کارێکی ئاسان نییە. لەم سەروبەندەدا سێس سەرقاڵی ئەوەیە، پیاوێک کە لەنەشتەرگەری دڵدا لەبەردەستی پزیشک (ماگی – میگ ڕایان)دا گیان لەدەست داوە و بەرەو ژیانی مرددوەکان ببات.

لێرەوە چیرۆکی خۆشەویستی ئەم فریشتەیە (سێس – نیکۆلاس کەیج) بۆ ئەو خانمە پزیشکە (ماگی – میگ ڕایان) دەست پێدەکات. ئەو بڕیار دەدات کە لەپێناو ئەم خۆشەویستیەدا خۆی لە نەبینراوەوە (فریشتە) بکاتە بینراو (مرۆڤ). سەرەنجام بڕیار دەدات کە هەر چۆنێک بێت ئەم کارە جێبەجێبکات. لەکۆتاییدا دەگاتە ئەوەی بەخۆفرێدانە خوارەوە لەسەر یەکێک لە باڵەخانەکانەوە، پاش هەست کردن بەئازاری مرۆڤانە ببێتەوە بە کەسێکی بینراو. بۆیە لەپێناو خۆشەویستییەکەدا ئەو کارە سەرکەوتووانە جێبەجێدەکات و دەبێتەوە بەمرۆڤ و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو خانمە پزیشکە دادەنێت. تاماوەیەک هەردووکیان پێکەوە ژیانێکی ڕۆمانسیانە بەسەر دەبەن، بەڵام بەخت یاوەری نابێت و پاش ماوەیەک خانمە پزیشکەکە بە کارەساتیک گیان لەدەست دەدات و سێس بەتەنیا بەجێدێڵێت.

جێی ئاماژەیە، بەشێک لەم فیلمە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێکی دیکەشی لە ئەڵمانیا وێنە گیراوەو تائێستاش لەهەموو جیهاندا بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی داهاتی بووە.

هایتی و چەمچەماڵ و چارلی



چیمەن سالح

ئەوەی لە هایتی رووبدا، بوومەلەرزەکەی بەرلە دوو هەفتە. بۆ هەر مرۆڤێک ویژدانتەزین بوو، سەردێڕی هەواڵەکان، هەندێکیان بریتیبوون لە (گەڕان بە دوای لاشەی مردووان لەژێر داروپەردوودا، منداڵانی برسی، بەهەزاران برسی دوای کارەسات لەبە دەم کاروانی فریاگوزاریی، بەهانا چوونی بەهەزاران برسی، لەناو پاشماوەی خانووەکانیان، لەچەند دۆلارێک دەگەڕێن). بە مشێوەیە، هەمووی کارەسات و زنجیرەی کارەساتەکان بەردەوامن. هایتی لەڕووی جوگرافییەوە لەپاڵ ئەمریکایەو لەساڵی ١٨٠٤ لەکۆلۆنیالیستی فەرەنسی سەربەخۆیی وەرگرتووە. دانیشتووانی هەموو برسین و داراترین کەس رۆژانەکەی لە دوو سێ دۆلار تێپەڕ نابێ. سەیرە، تەنێک کە مرۆڤ بێت و ئەم هەموو کارەساتە ببینێ و بڵێ:"دیارە لە بەر خراپە وایانلێهاتووە".

کارەساتی سروشتی، هەمیشە لە بەردەمدایەو لەوانەیە بەرهەر شوێنێکی ئەم زەمینە بکەوێ. بەڵام هەندێک حیسابی زانستی و جوگرافیش هەیە دیارە، وەک ئەوەی کە هایتی لەسەر هێڵی بوومە لەرزەیە. هەر وەک وڵاتی□کی وەک ئێران و تورکیاش کە دراوسێی خۆمانن و ناسنامەیان دەزانین، چونکە لەوانەیە زۆرکەس هەبێ هایتییەکان نەناسێ و هێندەش خۆی ماندوو نەکات بیاناسێت. هەموومان مرۆڤین و میوانی زەوین و لەوانەیە بایەک هەڵکات و هەموومان ببات، بۆیە پێویستە مرۆڤەکان، ئەوەی پێیان بێ بۆ یەکتر تەنیا میهرەبانی بێ، ئەگەر نەشیانتوانی هاوکاریی یەکتر بکەن.

لەو نێوەندەی کە کەسانێکی بەلاشە گەورەو بەقسە هەست بەگەورەیی خۆیان ناکەن و قسەی بچووک دەکەن، منداڵێکی تەمەن ٧ ساڵی ئینگلیز بەناوی (چارلی سیمپسۆن) بە دیمەنەکانی کارەساتەکە دڵە بچووکەکەی جوڵاو بەفرمیسکەوە، بە رەوڕووی دایکی چوو تا هاوکاریی بکات. چارلی بە پاسکیلەکەی هەموو رۆژئاوای لەندەن گەڕاو ٨٠٠ دۆلار هاوکاریی بۆ ئەو لێقەوماوانە کۆکردەوە، بەڵام خەڵکی لەهەستی چارلی سەریان سوڕما، زۆر گەورە شەرمیان لەخۆیان کردەوە، چارلی توانی لەماوەی یەک دوو رۆژدا ٢٠٠ هەزار دۆلار کۆبکاتەوەو لەڕێی رێکخراوێکی یونیسیڤەوە بیگەیەنێ بە لێقەوماوان. تائێستاش خەلکی خۆیان هاوکاریی دەگەینە چارلی تا بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست، لەوانەیە بەمزووانەش ناوی لەپێوەری گینس تۆمار بکرێ. چارلی بەم تەمەنە حەوت ساڵانەوجەستە بچووک و لاوازیەوە توانی میهرەبانی خۆی بە کردارێک کە زۆر لەتەمەنی خۆی و لە تەمەنی کۆمەڵە مرۆڤیکیش گەورەتر بوو خزمەتێک بکات کە لەوانەیە چەندین رێکخراوی مرۆیی کە بەسەدان ئەندامیان هەیە نەیانتوانیبێ کارێکی وا بکەن.

لەو نێوندەشدا سەرەڕای هەندێک قسە کە ناخۆشە لە کاتی کارەساتێکدا کە بە سەر ژمارەیەکی زۆری مرۆڤدا هاتبێ و لەویست و ئیرادەی مرۆڤەکان بە دەر بێ، پێمخۆشە باسی هەڵوێستێک بکەم کە لە چەمچاڵەوە بیسترا. چەمچەماڵ، یەکێکە لەو شارۆچکانەی کە هەمیشە لەناو رۆژنامەو راگەیاندنەکانی کوردستاندا سەردێڕی هەواڵەکانی تووندوتیژییە. بەڵام ئەمجارە لەوێ هەواڵێکی خۆشم بیست، ئەویش ئەوە بوو کە"هاوکاریی بۆ هایتی کۆ کرایەوە". هیوادارم بەوهەڵوێستەو ئاواتەخوازم کە میهرەبانی باڵی بە سەرهەموماندا بکێشێ و سەردێڕەکان بگۆڕێ بۆ ئارامی و ئۆقرەیی. چونکە ئەو شارۆچکەیە لە کارەساتێکی مرۆیی گەورەدا بیرکردنەوەیەکی باشی هەبوو و هەمیشە بیرکردنەوە باشەکان، ئەگەر هەنگاوگەلێکی زۆر بچووک و بەرچاویش نەبن، بەڵام موژدەی داهاتوویەکی باشمان پێ دەبەخشن.